رووداو
RÛDAW
ژمارە (591)   دووشەممە 2020/2/10 – 21ی رێبەندان 2719   (750) دینار

# پەرلەمان 30 ملیۆن دینار بە قەرز دەداتە پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ

**رووداو– دهۆک**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ 30 ملیۆن دینار بە قەرز لە پەرلەمان وەردەگرێ. پارەکە مانگانە لە مووچەکەی دەداتەوە، بەڵام پەرلەمان لە 5 ملیۆن دیناری خۆشدەبن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەو پارەیە بەبێ هیچ نووسراوێکی فەرمی بەو پەرلەمانتارە دراوە، تەنیا لەسەر پارچە کاغەزێک نووسراوە: بڕی 30 ملیۆن دینار بۆ (.....) خەرج بکرێ، 25 ملیۆن دینار لەو پارەیەی بە قەرز پێ بدرێ و مانگانە لە مووچەکەی بگێڕدرێتەوە، پێنج ملیۆن دیناریش هاوکاریی خۆی بێت.

سیروان بابان کە پێشتر لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ بووە و ئێستا وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ کار دەکات، دەڵێت: "نازانم بە چ پێوەرێک، هاوڕێیەکمان 30 ملیۆن دیناری وەرگرتبێت و 5 ملیۆنیش لێی خۆش بووبن، لەکاتێکدا مووچەیەکی باشی هەیە".

هەروەها شیرین ئەمین، سەرۆکی لێژنەی دەستپاکی دەڵێ ئەوانیش بیستوویانە کە ئەو بڕە پارەیە بۆ پەرلەمانتارەکەی نەوەی نوێ خەرج کراوە، بەڵام نازانێت بە چ پێوەرێک پارەکەی پێدراوە. شیرین ئەمین دەڵێت: "نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە کراوە، پشت بە چ دەقێکی یاسایی و دەسەڵاتی کێ بەستراوە بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە". شیرین ئەمین پێیوایە "ئەوە بەهەدەردانی سامانی گشتییە".

(رووداو) پەیوەندی بەو پەرلەمانتارەی نەوەی نوێ کرد کە 30 ملیۆن دینارەکەی وەرگرتووە، بەڵام ئەو رەتیکردەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات و گوتی: "هەر بەڵگەیەکتان لەسەر ئەم بابەتە هەیە بیخەنەڕوو".

3«



د. ئاراس برادۆستی:
**کۆرۆنا ڤایرۆسێکی دەستکردە؟**
15

**حەوت ئەندامی سەرکردایەتی هەیکەلی یەکێتی دادەڕێژن**
3

**لە شەش رۆژدا 307 کەس بەهۆی دزینی کارەبا سزادراون**
14

## رێباز حەملان بۆ (رووداو):

# 700 ملیار دیناری حکومەت لە کۆمپانیاکان وەردەگیرێتەوە

**رووداو– هەولێر**

رێباز حەملان، یاریدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان و ئەنجوومەنی راژەی گشتی باسی قەرزەکانی حکومەت لەلای کۆمپانیاکان و هاووڵاتیان دەکات و 700 ملیار دیناری حکومەت لای کۆمپانیاکان و 4 ملیار دۆلاریشی لەلای هاووڵاتیانە.

رێباز حەملان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئەو قەرزانەی حکومەت دەکات کە لەلای کۆمپانیاکانە و دەڵێت "ئەو ماوەیەی کە دەبوو قەرزەکە بگەڕێننەوە بەسەرچووە، بۆیە دەبێ ئێستا بە یەکجار قەرزەکە بگەڕێننەوە. حکومەت لێژنەیەکی لە نێوان وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرمانگەی بەدواداچوون و چاودێریی دارایی داناوە، بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی لەلای ئەو کۆمپانیا و سەرمایەدارانەیە لێیان وەربگیرێتەوە. ئەگەر پارەکە نەهێننەوە، ئەو زەمانەی کە دایانناوە لەبری قەرزەکانیان، حکومەت دەیانخاتە موزایەدە و دەیانفرۆشێ".

بەڵام دەشڵێت حکومەت لە وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە تووشی گرفت دەبێ "هەندێک لەو کۆمپانیایانەی قەرزیان وەرگرتووە، فێڵیان لە حکومەت کردووە، ئەو موڵکەی لە جیاتی قەرز دایانناوە، یان وجوودی نییە، یان نرخەکەیان زۆر کەمترە لە قەرزەکە، ئەمەش کێشەی بۆ حکومەت دروستکردووە".

رێباز حەملان سەبارەت وەرگرتنەوەی پێشینەکانی وەکو هاوسەرگیری و خانووبەرە و قەرزی پیشەسازی و کشتوکاڵ. گوتی: "سەرەتا قەرزی کۆمپانیاکان وەردەگرینەوە، دواتریش ئەو پێشینانەی لەلای هاووڵاتیانن مانگانە لێیان وەردەگیرێتەوە".

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی دامەزراندنی فەرمانبەرانیش کە چەند ساڵێکە راگیراوە. رێباز حەملان گوتی: "سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردراوە، چونکە دەسەڵاتی دامەزراندن لە دەستی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەولەویەتی دامەزراندنیش بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەبێ".

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانیش کە لە سەرەتای ساڵی 2016 بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیراوە. رێباز حەملان گوتی: "وەزارەتی دارایی دەتوانێ بڕیار لەسەر دەستپێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران بدات، بەڵام ئەو بڕیارە کاتێک دەدرێ کە لەڕووی داراییەوە ئامادەکاری بۆ کرابێ". گوتیشی "بەدڵنیاییەوە دەستپێدەکاتەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەین وەزارەتی دارایی پارەی پێویست دابین بکات، چونکە ئەوانەی پلەیان بەرز دەکرێتەوە، مووچەکەشیان زیاد دەکات. ئەوەش دەبێ بودجەی بۆ دابین بکرێ".

رریباز حەملان باسی مووچە پاشەکەوتکراوەکانی فەرمانبەرانیش دەکات و دەڵێت 10 ملیار دۆلاری پێویستە. باس لەوەش دەکات "دانەوەی پاشەکەوتەکە بە چەند شێوازێک بیری لێ کراوەتەوە کە چۆن چارەسەر بکرێ، بەڵام شێوازە سەرەکییەکە ئەوەیە بابەتەکە لەگەڵ بەغدا باس بکرێ، رێککەوتن کراوە کە لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوونی سەرجەم قەرزەکان پێکبێت". گوتیشی "حکومەتی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە بەشێک لە قەرزەکانمان بداتەوە".

5«




# عەللاوی چۆن لە قوم کرا بە سەرۆکوەزیران؟

4«

## سێ وەزیرەکەی کورد لە بەغدا دەگۆڕدرێن

**رووداو – هەولێر**

کەسانی نزیک لە محەممەد تۆفیق عەللاوی، راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتیی عێراق دەڵێت عەللاوی بڕیاری داوە سەرجەم وەزیرانی ئەو کابینەیەی ئێستای حکومەت بگۆڕێ و داواشی لە حیزبەکان کردووە هیچ بەربژێرێکی حیزبی بۆ پۆستەکان پێشنیاز نەکەن

محەممەد خالیدی، سەرۆکی فراکسیۆنی بەیارق ئەلخەیر لە پەرلەمانی عێراق و نزیک لە محەممەد تۆفیق عەللاوی، سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "عەللاوی لە 15 رۆژی دوای راسپاردنی، کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات و چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتی یەک مانگەکە ناکات، چونکە رەوشی عێراق زۆر نالەبارە و لەوە زیاتر دواخستن هەڵناگرێ".

ئەگەرچی تا ئێستا ناوی وەزیرەکانی کابینەکەی عەللاوی دیار نییە، بەڵام ئەوانەی لەو نزیکن دەڵێن هیچکام لە وەزیرەکانی ئەم کابینەیە دانانێتەوە. محەممەد خالیدی دەڵێت: "هیچ وەزیرێکی کابینەی ئێستای حکومەتی عێراق بە وەزیرە کوردەکانیشەوە لە کابینەی نوێی حکومەت نامێنێ، چونکە وەزیرانی ئێستا هاوشێوەی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە".

هەروەها دەڵێت: "لایەنەکان بە شیعە و سوننە و کوردەوە محەممەد تۆفیق عەللاوییان سەرپشک کردووە بە لەبەرچاوگرتنی بەشدارکردنی پێکهاتەکان، وەزیرانی کابینەکەی دەستنیشان بکات، بەڵام وەزیرانی کابینەکەی عەللاوی لە سەرکردەکانی هێڵی یەکەم و دووەمی لایەنە سیاسییەکان نابن".

کورد لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدیدا سێ وەزارەتی بەدەستەوەیە، ئەوانیش وەزارەتی دارایی، داد و ئاوەدانکردنەوەن. پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێت رەنگە یەکێک لە وەزیرەکانی کورد لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە.

رێبوار تەها، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "لەو سێ وەزیرەی کورد لە بەغدا هەن، پێشبینی دەکەم یەکێکیان نەگۆڕدرێ".

4«

## وانەبێژێکی قورئان بەتۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر فەقێیەک دادگایی دەکرێ

**رووداو – هەولێر**

مامۆستایەکی فێرکردنی قورئان لە سلێمانی تۆمەتبارە بەوەی دەستدرێژی کردووەتە سەر قوتابییەکی خۆی لەنێو یەکێک لە مزگەوتەکان و قوربانییەکەش کوڕی مەلای مزگەوتەکەیە.

رووداوەکە رۆژی 2018/2/20 لەنێو مزگەوتێکی سلێمانی روویداوە. قوتابییەکە کە سکاڵای تۆمارکردووە، لە وتەکانیدا دەڵێ: "ئەو رۆژە سەعات 5:30 دەرسمان تەواو بوو، من دوایین کەس قورئانەکەم خوێند و هەندێک هەڵەم کرد، (ش) گوتی دەبێت وەکو جاران لێتبدەم، بەڵام ئەمجارە پانتۆڵەکەی پێداکەندم و پاڵیخستم، سەرەتا کێشای بەسمتمدا کە رووت بوو، گوتی ئەمجارە دەرزییەکت بۆ دەکەم، هەستم کرد ئەندامی نێرینەی خستە نێو کۆممەوە".

باوکی ئەو قوتابییە بە (رووداو)ی راگەیاند: "کە ئاگادارکرامەوە تاسام، مردنی خۆمم پێ خۆشتر بوو لەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کوڕەکەم، حاڵەتەکە هێندە قێزەون بوو کە ئەگەر ئەوکاتە (ش)م ببینیبایە رەنگە پارچە پارچەم بکردایە، بەڵام هەر زوو کە ئاسایشمان ئاگادارکردەوە دەستگیریان کرد".

بەڵام مامۆستاکە رەتیدەکاتەوە دەستدرێژی کردبێتە سەر قوتابییەکەی. لە گوتەکانیدا دەڵێ: "راستە مامۆستای ئەو منداڵانە بووم، جار جارە کێشاومە بە سمتی ئەو قوتابییە و منداڵەکانی دیکەش، بەڵام وەک سەرنجڕاکێشان و یاریکردن بووە بۆ ئەوەی حەزیان لە دەرسەکە بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پانتۆڵم لەپێی دانەکەندووە و کاری سێکسیم لەگەڵ نەکردووە، ڤیدیۆشم نەگرتووە".

هەرچەندە قوتابییەکە پشکنینی پزیشکی بۆ کراوە و دەرکەوتووە کە ئاسەواری دەستدرێژییەکە لە دواوەی منداڵەکە و برینداریش هەیە، بەڵام دوای زیاتر لە ساڵێک دادگای تاوانی سلێمانی/2 بەهۆی نەبوونی بەڵگەی سەلمێنەر تۆمەتبارەکەی ئازاد کرد، بەڵام داواکاری گشتی دۆسیەکەی تەمیز کردەوە و داوای دووبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکات، چونکە پێیانوایە بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمەتبارەکە وەک شایەت و راپۆرتی پزیشکی هەن کە دەیسەلمێنن (ش) دەستدرێژی کردووەتە سەر قوتابییەکەی.

2«

11 تاراوگە

لە پێنج ساڵی رابردوودا

**نیو ملیۆن کەس کوردستانیان بەجێهێشتووە**



12 ژنان

**قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ لە کوردستان هەڵدێن**

8 ئابووری

**هەولێر لە نەجەفەوە سەوزەی بۆ دێت**



14 راپۆرت

**بە تێکرا رۆژانە لە کوردستان دوو کەس بە رووداوی هاتوچۆ دەمرن**



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 591 ) - دووشەممە 2020/2/10





## لە وان 13 پەنابەر ڕەقدەبنەوە

**رووداو- هەولێر**

لقی وانی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کرد، لە سنووری وانی باکووری کوردستان 13 پەنابەر بەهۆی سەرماوە مردوون. لقی وانی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند "لە شارۆچکەی ئەباخی وان کاتێک گرووپێکی پەنابەران گەیشتوونەتە نێو تورکیا، ڕووبەڕووی باهۆز و سەرما و بەفر بوونەتەوە و بەو هۆیەوە لە سەرما رەقبوونەتەوە". لەبارەی ناسنامەی پەنابەرەکانەوە کۆمەڵەی مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوە داوە، سێ کەس لەو 13 پەنابەرە خەڵکی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانن، بە ناوەکانی "عەبدۆ ئەحمەد شێخ عەبدولڕەحمان"، هاوژینەکەی بە ناوی "هەندرین مامەد ئبش" و "ئازاد هەمزە کۆبانی".

### دادگا ئازادی کردووە و داواکاری گشتی بڕیارەکەی تەمیز کردووە

# وانەبێژێکی قورئان بەتۆمەتی دەستدرێژی بۆسەر کوڕە مەلایەک دادگایی دەکرێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

مامۆستایەکی فێرکردنی قورئان لە سلێمانی تۆمەتبارە بەوەی دەستدرێژی کردووەتە سەر قوتابییەکی خۆی لەنێو یەکێک لە مزگەوتەکان و قوربانییەکەش کوڕی مەلای مزگەوتەکەیە. تۆمەتبارەکە دەستگیر کراوە و لە دادگا بێتاوان دەرچووە، بەڵام دادگای تەمیز بڕیارەکەی دادگا ڕەتدەکاتەوە.

رووداوەکە رۆژی 2018/2/20 لەنێو مزگەوتێکی سلێمانی روویداوە. قوتابییەکە کە ئەوکات تەمەنی کەمتر لە 13 ساڵ بووە، لە وتەکانیدا دەڵێ: "(ش) لەنێو کابینەکاندا دەرسی قورئانی پێدەگوتین، هەر کاتێک هەڵەمان کردبایە لە سمتمانی دەدا، پێشتر چوار جاری دیکە پانتۆڵی پێداکەندووم و کێشاویەتی بە سمتمدا".

لە بارەی رۆژی رووداوەکەش، قوتابییەکە دەڵێ: "ئەو رۆژە سەعات 5:30 دەرسمان تەواو بوو، من دوایین کەس قورئانەکەم خوێند و هەندێک هەڵەم کرد، (ش) گوتی دەبێت وەکو جاران لێتبدەم، بەڵام ئەمجارە پانتۆڵەکەی پێداکەندم و پاڵیخستم، سەرەتا کێشای بەسمتمدا کە رووت بوو، گوتی ئەمجارە دەرزییەکت بۆ دەکەم، هەستم کرد ئەندامی نێرینەی خستە نێو کۆممەوە. هەرچەندە لەنێو کابینەکە ئاوی لێنەبوو، بەڵام ئەو گوتی دەرزییەکە تەڕ دەکەم، دوایی هەستم کرد تەڕ بووم و ئاوی (ش) چووە نێو جەستەمەوە".

قوتابییەکە بەپەشۆکاوی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و کەسوکاری ئاگادار دەکاتەوە. خوشکی قوتابییەکە کە لە دادگا شایەتی داوە، دەڵێ: "براکەم رۆژی رووداوەکە بەگریانەوە هاتەوە ماڵەوە هەموو گیانی دەلەرزی، گوتی مامۆستای دەرسی قورئان دەستدرێژی کردووەتە سەرم، پێشتریش 3 بۆ 4 جاری دیکە هەر کاتێک هەڵەم کردبێت گوتوویەتی سزات دەدەم و کێشاویەتی بە سمتمدا".

**مندالەکە:**

**مامۆستاکەم پانتۆڵەکەی داکەندم گوتی ئەمجارە دەرزییەکی تەڕت لێدەدەم**

خوشکی قوتابییەکە دەشڵێ: "مامۆستاکەی پێیگوتووە تۆ دوایین کەس برۆ ماڵەوە، چونکە ماڵتان هەر لەنێو مزگەوتە، پێیگوتووە بەهۆی هەڵەکەت سزات دەدەم، ئەمجارە دەرزیت بۆ دەکەم. براکەمی پاڵخستووە، براکەم هەستی کردووە کە (ش) ئەندامی نێرینەی خستووەتە نێو کۆمییەوە و ئازاری پێگەیشتووە، دوای کارەکەش (ش)ی بە رووتی بینیوە، بۆیە ترساندوویەتی و پێیگوتووە لەلای کەس باسی مەکە، چونکە هەردووکمان دەستگیر دەکرێین، براکەم گومان دەکات بە مۆبایل وێنەشی گرتبێت".

خوشکی قوتابییەکە باوکی ئاگادار دەکاتەوە. باوکی ئەو قوتابییە بە (رووداو)ی راگەیاند: "کە ئاگادارکرامەوە تاسام، مردنی خۆمم پێ خۆشتر بوو لەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کوڕەکەم، حاڵەتەکە هێندە قێزەون بوو کە ئەگەر ئەوکاتە (ش)م ببینیایە رەنگە پارچە پارچەم بکردایە، بەڵام هەر زوو کە ئاسایشمان ئاگادارکردەوە دەستگیریان کرد، بە دادوەریشم گوتووە ئێوە خۆتان بڕیار بدەن و من نامەوێت هیچ کەسێکیان ببینم".

لەبارەی (ش)یش مەلای مزگەوتەکە گوتی: "ماڵیان هەر لەو گەڕەکە بوو، بە حیساب ئەهلی مزگەوت بوو. دەرسی بە منداڵەکان دەگوت، ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەر چەند منداڵێکی دیکەش. بەداخەوە ئەو خیانەت و ساختەچێتییەی ئەهلی مزگەوت بەناوی دینەوە دەیکات هیچ کەسێک نەیکردووە".

بەڵام مامۆستاکە رەتیدەکاتەوە دەستدرێژی کردبێتە سەر قوتابییەکەی. لە گوتەکانیدا دەڵێ: "راستە مامۆستای ئەو منداڵانە بووم، جار جارە کێشاومە بە سمتی ئەو قوتابییە و منداڵەکانی دیکەش، بەڵام وەک سەرنجڕاکێشان و یاریکردن بووە بۆ ئەوەی حەزیان لە دەرسەکە بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پانتۆڵم لەپێی دانەکەندووە و کاری سێکسیم لەگەڵ نەکردووە، ڤیدیۆشم نەگرتووە".

(ش) لەبارەی رۆژی رووداوەکەش دەڵێ: "سەعات 5 منداڵەکان هاتن بۆ مزگەوت، ئەو قوتابییە و چەند قوتابییەکی دیکە دەمەبۆڵەیان بوو، من پێمگوتن ئاشت ببنەوە، بەڵام گوتی ئاشت نابمەوە، منیش گوتم دەکێشم بە سمتتدا، ئەوەبوو منداڵەکان رۆیشتنەوە، بەڵام ئەو مایەوە، دوو سێ جار کێشام بە سمتیدا و پانتۆڵی سەرەوەی دانا و پانتۆڵێکی دیکەی لەپێدابوو، دەستی کرد بە گریان و گوتی دەزانم تۆ دەتەوێ دەستبازی بکەی، منیش گوتم شتی وانییە، ئەگەر باسی شتی وا بکەی دەگیرێین، گوتی دەستم لێنەدەی و برۆ ژوورەوە، منیش چوومە ژوورەکەی دیکە و بەجێمهێشت، ئەویش بە گریانەوە رۆیشتەوە".



هەرچەندە قوتابییەکە پشکنینی پزیشکی بۆ کراوە و دەرکەوتووە کە ئاسەواری دەستدرێژییەکە لە دواوەی منداڵەکە و برینداریش هەیە، بەڵام دوای زیاتر لە ساڵێک دادگای تاوانی سلێمانی/2 بەهۆی نەبوونی بەڵگەی سەلمێنەر تۆمەتبارەکەی ئازاد کرد، بەڵام داواکاری گشتی دۆسیەکەی تەمیز کردەوە و داوای دووبارە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکات، چونکە پێیانوایە بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمەتبارەکە وەک شایەت و راپۆرتی پزیشکی هەن کە دەیسەلمێنن (ش) دەستدرێژی کردووەتە سەر قوتابییەکەی.

بەڵام (ش) کە ئێستا تەمەنی 26 ساڵە، پێیوایە باوکی کوڕەکە بەهۆی ناکۆکیی نێوانیان تۆمەتی بۆ دروستدەکات. ئەو بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەم دۆسیەیە دروستکراوە و پەیوەندی بە کێشەیەکی تایبەتی باوکی منداڵەکە لەگەڵ من و چەند کەسێکی دیکەی نێو مزگەوتەوە هەیە، ئەوەش پەیوەندی بە هەندێک بیری ئایینی خۆمانەوە هەیە".

**تۆمەتبارەکە:**

**باوکی کوڕەکە ناکۆکی و کێشەی شەخسی لەگەڵم هەیە**

(ش) گوتیشی: "دوای ئەوەی دادگا بێتاوانیی منی سەلماند و ئازادکرام و باوکی منداڵەکە ئەو تۆمەتەی بۆ نەچووەسەر، تۆمەتی داعشبوونیشی خستە پاڵمان و لە ئاسایش شکاتی لێکردین، لە ئاسایش سەلماندم کە هیچ پەیوەندییەکم بە داعشەوە نییە".

ئێستا (ش) پێیوایە ناویان زڕاندووە: "دۆسیەکە نێردراوە بۆ دادگای تەمیز و دووبارە بە دۆسیەکەدا دەچنەوە، بۆیە تا ئێستا بێتاوانیم نەسەلمێنراوە، بۆیە چاوەڕوانی بڕیاری دادگای تەمیز دەکەم، ئەوکاتە هەڵوێستی خۆم ئاشکرا دەکەم، چونکە ئەوەی بەرامبەر من کراوە ناوزڕاندنە، خەڵک دەمناسن و کەسایەتیشم لەکەدار کراوە".

### لەسەر مەلەفی گەندەڵی و ساختەکاری

## لێکۆڵینەوە لەگەڵ 47 فەرمانبەری سێ فەرمانگەی دهۆک کراوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ئاسایشی گشتیی دهۆک دەستی بە هەڵمەتێکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانە کردووە کە تۆمەتی گەندەڵییان لەسەرە، لە یەک مانگی رابردوودا لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەیان فەرمانبەری سێ بەڕێوەبەرایەتی کراوە کە هەندێکیان رەوانەی دادگا کراون و بە کەفالەت ئازادکراون.

فەرمانبەرێک لە پارێزگای دهۆک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە دڵخۆشییەوە دەڵێ: "لێگەڕێ با وا لە بەرپرس و فەرمانبەران بکەن، مەعقوولە من و فەرمانبەرێکی دیکە پێکەوە دامەزرابین، مووچەمان وەک یەک بێ و تەنیا مووچەی فەرمانبەری هەبێ، کەچی ئێستا ئەو ئۆتۆمبێل و مەزرەعە و خانووی هەیە، منیش بەو مووچەیە نەگەمە سەری مانگ؟".

فەرمانبەرەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هەڵمەتەکە "دەنگدانەوەی زۆری لەنێو خەڵک و بەتایبەتی فەرمانبەراندا هەبووە، دەوام توند بووە و شەفافیەت زۆرتر بووە. ئەو بەڕێوەبەرانەی گەندەڵییان کردووە زۆر دەترسن".

هەڵمەتی لێکۆڵینەوە لە فەرمانگەکان لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانتری چاکسازیی ئیداریدا بەڕێوەدەچێ. بژار رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی دهۆک، لەبارەی ئەو هەڵمەتە بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی دەسەڵاتی خۆمان و بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە دەستمان بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە کە تۆمەتی گەندەڵییان لەسەرە، سەرەتا لە کەرتی تەندروستی دەستمانپێکرد و هەتا ئێستا تەنیا لە تەندروستیی دهۆک لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ 40 پزیشک و دەرمانساز و فەرمانبەر کردووە کە چاوەڕێی بڕیاری دادگان".

ئەوانەی هەتا ئێستا دەستگیرکراون تەنیا فەرمانبەری ئاسایین و بەرپرسی گەورەیان تێدا نییە. بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی رەتیدەکاتەوە ئەوە هەڵمەتێک بێ لە دژی فەرمانبەرە ئاساییەکان و دەڵێ: "ئەو هەڵمەتە هەموو کەسێک دەگرێتەوە، ئێمە جیاوازی لە نێوان بەرپرس و فەرمانبەری ئاسایی ناکەین، هەر کەسێک مەلەفی هەبێ دەیدەینە دادگا".

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، بە (رووداو)ی گوت، جگە لە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی دهۆک، چوار کەس لە سەرۆکایەتی شارەوانیی دهۆک و سێ کەسی دیکە لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی دهۆک گیراون و رەوانەی دادگا کراون و دواتر بە کەفالەت ئازاد کراون.

**بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی دهۆک:**

**هەڵمەتەکە بەرپرس و فەرمانبەری ئاسایی دەگرێتەوە**

سەرچاوەکە لەبارەی تۆمەتی ئەو کەسانە گوتی: "تۆمەتی جیاجیا هەن، بەشێکیان ساختەکارییان کردووە، بەشێکی دیکەیان پۆستی خۆیان بۆ گەندەڵی بەکارهێناوە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی دهۆک نەیشاردەوە کە "لە چەند فەرمانگەیەکی دیکەش" دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام ئامادە نەبوو فەرمانگەکانی دیکە ئاشکرا بکات. سەبارەت بەو دڵەڕاوکێیەش کە لە فەرمانگەکانی دهۆکدا دروستبووە، گوتی: "هەڵمەتەکەی ئێمە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی هیچ کەسێک نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی تەندروستی و ژیانی خەڵکە، ناکرێ کەسێکی دڵسۆز و یەکێکی ساختەکار وەک یەک سەیر بکەین".

(رووداو) بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەوە کرد. جگەر سەیفەدین، بەڕێوەبەری باجی خانووبەرەی دهۆک، پشتڕاستی کردەوە کە: "سێ فەرمانبەرمان بانگکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا هەیە تەنیا گومانە و هیچیان لەسەر نەسەلماوە".

**بەڕێوەبەری باجی خانووبەرەی دهۆک:**

**سێ فەرمانبەرمان بانگکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە**



### بەنهێنی لێکۆڵینەوە لەگەڵ 30 فەرمانبەر کراوە

## کەرەستە و دەرمان لە نەخۆشخانەی گشتیی کەلار دەدزرێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

بەتۆمەتی دزینی چەند کەرەستە و پێداویستییەکی پزیشکی و مامەڵەکردن بە دەرمان لە نەخۆشخانەی گشتیی کەلار، بە فەرمانی دادوەر 14 کەس و کارمەندی نەخۆشخانەکە دەستگیرکراون. پۆلیسی گەرمیانیش دەڵێت ئەو ئامێرانە بە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی فرۆشراونەتەوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 30 کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و دۆسیەکەش لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە.

مانگی رابردوو چەند ئامێر و کەرەستەیەکی پزیشکی لە نەخۆشخانەی گشتیی کەلار دیارنەمان. بە فەرمانی دادوەر لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەستپێکرا و رۆژی 2020/1/28 چەند فەرمانبەرێکی نەخۆشخانەکە دەستگیرکران.

موقەدەم عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند: "بە تۆمەتی بردنی کەرەستە و پێداویستیی پزیشکی و فرۆشتنی بە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی، بە فەرمانی دادوەر چەند کارمەندێکی نەخۆشخانەی گشتیی کەلار دەستگیرکراون و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند کەسێکی دیکە دەرکراوە".

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەشڵێ: "ئەو کەس و کارمەندانە بەپێی ماددەی 444 لە یاسای سزادانی عێراقی و بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون، فەرمانی دەستگیرکردنیش بۆ چەند کەسێکی دیکە دەرچووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دۆسیەکە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەی پۆلیسی بەڵگە و تاواندایە، ناتوانین هیچ وردەکارییەکی دیکە ئاشکرا بکەین".

بەرپرسانی تەندروستی کەلار و نەخۆشخانەی گشتیی کەلاریش هیچ قسەیەک لەبارەی ئەم دۆسیەوە ناکەن. (رووداو) پەیوەندی بە هەریەک لە د.سیروان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی گەرمیان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەوە کرد، ئەوان گوتیان لەبەر ئەوەی هێشتا دۆسیەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، هیچ لێدوانێک نادەین.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەکە چەند زانیارییەکی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد. بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە: "دۆسیەی مامەڵە بە دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکانی نەخۆشخانەی گشتیی کەلار بە نهێنی بەڕێوەدەچێ، تاوەکو ئێستا 14 کەس لەسەر دۆسیەکە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون کە زۆربەیان کارمەندی نەخۆشخانە حکومییەکەن، چەند کەسێکیش لە دەرەوەی نەخۆشخانەکە دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە، تۆمەتبارەکان لە پزیشکەوە تێیدایە تا کارگوزاری نەخۆشخانەکە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "بەپێی زانیارییەکان بەڕێوەبەری یەکێک لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش کە گومان دەکرێت دەستی لەو کارەدا هەبووبێت دەستگیرکراوە، لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە لە قۆناغی سەرەتاییدایە و بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوەدەچێت، بۆیە بەبڕیاری دادوەر ئەو کەسانەی دەستگیرکراون رێگا نادرێت هیچ کەسێک تەنانەت کەسوکاریشیان بیانبینن، تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیاتر لە 30 کارمەندی نەخۆشخانەکە و دەرەوەی نەخۆشخانەکە کراوە".

لەبارەی کەرەستە و دەرمانەکانیش، سەرچاوەکە دەڵێ: "تۆمەتباری سەرەکی دۆسیەکە کارمەندێکی بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتیی کەلارە، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کە زۆربەیان ئێستا دەستگیرکراون، چەندین کەرەستە و پێداویستی پزیشکییان لە نەخۆشخانەی گشتیی کەلار دزیوە و بە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیی شارەکەیان فرۆشتووە".

تادێت دۆسیەکە فراوانتر و ژمارەی تۆمەتبارانیش زیاتر دەبێت. سەرچاوەکە گوتی: "رۆژ لەدوای رۆژ سکاڵاکان زیاتر دەبن، کەسانێکی زۆریش لە دۆسیەکە تێوەگلاون، زۆر بەوردی و بەجددی کار لەسەر دۆسیەکە دەکرێت، بۆیە هەرچەندە جۆر و نرخی ئەو کەرەستە و ئامێرانە نەزانراوە و بە نهێنی هێڵدراوەتەوە، بەڵام پێدەچێ کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییەکان و ئەو مامەڵەیەش کە بە دەرمانەکەوە کراوە گرانبەها بن، پێشمولیە بەشێک لەو کەرەستانە هی نێو هۆڵی نەشتەرگەری بن".

**پۆلیسی گەرمیان:**

**ئامێر و کەرەستە پزیشکییەکان بە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی فرۆشراون**

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەشێک لە کارمەندە دەستگیرکراوەکان لە کەرتی تەندروستیی ئەهلیدا کاردەکەن، بۆیە گومانی ئەوە دەکرێت کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییە بردراوەکانیان بە هەمان ئەو نەخۆشخانە ئەهلییەی خۆیان کاری لێدەکەن، بە نرخێکی کەمتر فرۆشتبێت، ئەو گومانەش دەکرێت کە مامەڵەکە لەنێوان ئەو کارمەندانەی نەخۆشخانەی گشتیی کەلار و نەخۆشخانە ئەهلییەکەدا بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕ کرابێت.

**سەرچاوەیەکی ئاگاداری دۆسیەکە:**

**14 کەس دەستگیرکراون کە زۆربەیان کارمەندی نەخۆشخانەکەن**

فەرمانبەرەکان بەپێی ماددەی 444 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون، کە لە برگەی 8 و 11ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، هەر فەرمانبەرێک لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی، تاوانێک لەسەر موڵکی دەوڵەت یان دامەزراوەیەکی گشتی یان کۆمپانیایەک کە دەوڵەت لە سامانەکەی بەشدارە بکات، بە دزی هەژمار دەکرێت، سزاکەشی تاوەکو حەوت ساڵ بەندکردن دەڕوات.

# حەوت ئەندامی سەرکردایەتی هەیکەلی یەکێتی دادەڕێژن

**سەرکردایەتیی یەکێتی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی دیاری دەکات**

**هاوسەرۆکەکانی یەکێتی جێگرێکیان دەبێ**



**زریان حاجی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای هەمواركردنی لەلایەن لێژنەیەكی 20 كەسی، ئەنجوومەنی سەركردایەتیی یەكێتی، سەرقاڵی پەسەندكردنی برگە و ماددەكانی پەیڕەوی ناوخۆیە و تا ئێستاش دوو لەسەر سێی ماددەكانی پەسەند كردوون. لە كاتی گفتوگۆكانیشدا بڕیار دراوە سكرتێر نەمێنێ و لە جیاتی ئەوە هاوسەرۆك یەكێتی بەڕێوەببەن.

ڕێبوار تەها، ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردایەتیی یەكێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە كۆی 77 ماددە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی، تاوەكو ئێستا 51 ماددە پەسەندكراون. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو ماددانە پەسەند دەكەین كە پەیوەندییان بە مەكتەبەكان و دامەزراندنی سەركردایەتی پارێزگاكان و دەسەڵاتەكانیانەوە هەیە".

ئەو مژارەی چاوەڕێ دەكرا گفتوگۆی زۆر هەڵبگرێ، سیستمی بەڕێوەبردن و كەسی یەكەمی یەكێتی بوو، ئەگەرچی ئەو لێژنە 20 كەسییەی كە پەیڕەوەكەیان هەموار كرد لە كاتی گفتوگۆكانیان سكرتێر و دوو جێگریان بۆ یەكێتی پەسەند كردبوو، بەڵام لەكاتی گفتوگۆكانی ئەنجوومەنی سەركردایەتی لەسەر ئەو خاڵە، بڕیار درا ئەوە بەلاوە بنرێ و سیستمی هاوسەرۆكی بۆ یەكێتی پەسەند بكرێ.

ڕەوەند مەلا مەحموود، ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردایەتیی یەكێتی دەڵێت: "لە ئەنجامی گفتوگۆی برادەرانی ئەنجوومەن، سیستمی هاوسەرۆكی بۆ بەڕێوەبردنی یەكێتی پەسەند كرا، واتە دوو كەس دەبنە هاوسەرۆك، لەگەڵ ئەوەشدا جێگرێكیشیان دەبێ". گوتیشی: "هەڵبژاردنی هاوسەرۆكەكان بە دەنگدان لەنێو ئەنجوومەنی سەركردایەتی گشتیی یەكێتی دەبێ".

سەبارەت بە بەربژێرەكانیش بۆ هاوسەرۆكی یەكێتی، ئەندامێكی سەركردایەتی یەكێتی كە نەیویست ناوی بڵاوبكرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "جگە لە كاك لاهوور و كاك پاڤڵ ناوی كەس ناهێنرێ بۆ هاوسەرۆكی یەكێتی".

سەبارەت بە دەسەڵاتەكانی هاوسەرۆك، ڕەوەند مەلا مەحموود دەڵێت: "هەردوو هاوسەرۆكەكە بە پەیڕەوێك كارەكان دادەڕێژنەوە، پاشان لەلایەن ئەنجوومەنی سەركردایەتییەوە تەسدیق دەكرێ، هاوسەرۆكەكان ئیشەكان لەناو خۆیاندا دابەش دەكەن".

ڕەوەند مەلا مەحموود پێیوایە سیستمی هاوسەرۆكی بۆ بەڕێوەبردنی یەكێتی زۆر گونجاوە و دەڵێت: "ئێمە ئەگەر كاری پێبكەین سیستەمێكی گونجاوە، قەیدی چییە با سیستەمێكی نوێ بهێنین، ئەگەر سەركەوتوو نەبوو دەتوانین پلینیۆم ببەستین یان كۆبوونەوەیەكی فراوان بكەین و سیستەمەكە بگۆڕین".

بەشێك لە دەسەڵاتی هاوسەرۆكەكانی یەكێتی ئەمانە دەبن: بەرپرسن لە داڕشتنەوەی سیاسەتی یەكێتی بۆ یەكلاكردنەوەی هەموو ئەو كێشانەی دێنە پێشەوە. دەسەڵاتیان هەیە لە كۆڕ و كۆبوونەوەكان قسە بكەن. هەماهەنگیی بكەن لەنێوخۆی یەكێتی لەگەڵ هەموو مەكتەب و ئۆرگانەكاندا. ڕێككەوتنە سیاسییەكان ئەوان دەتوانن واژۆی بكەن لەبەر ئەوەی بەرپرسیاری یەكەمن. بەرپرسن لە داهات و سامان و موڵكی یەكێتی و بۆیان هەیە لێپرسینەوە بكەن لە هەموو ئەوانەی كە هەیە.

جگە لە هاوسەرۆك قسە لەسەر دروستكردنی دەستەیەكی كارگێڕی دەكرێ بۆ كارە ئیدارییەكانی ڕۆژانە، ڕێبوار تەها دەڵێ: "جگە لە سیستەمی هاوسەرۆكی دەستەیەكی كارگێڕیش كە لە سێ كەس پێكدێن دروست دەكرێ، ئەمانە كارە ئیدارییەكانی ڕۆژانە رادەپەڕێنن". ڕێبوار تەها گوتیشی: "لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەركردایەتیدا وشەی (گشتی) لە هەموو ئەنجوومەنەكان لادران، ئێستە بووە بە (ئەنجوومەنی سەركردایەتی یەكێتی)".

یەكێتی لە كۆنگرەی چواردا كە لە مانگی كانوونی یەكەمی 2019 لە سلێمانی بەسترا، ئۆرگانێكی نوێی دامەزراند، ئەویش ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەكێتی بوو كە لە سەرۆكێك و شەش ئەندام پێكدێ. ئەنجوومەنەكە لە كۆبوونەوەیەكدا لە ڕۆژی 2020/1/16 لێژنەیەكی لە هەریەك لە (مەلا بەختیار، حاكم قادر، دلێری سەید مەجید) پێكهێنا بۆ ئامادەكردنی پرۆژەیەك سەبارەت بە دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی ئەنجوومەنەكە لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

ڕێبوار تەها ئاشكرای كرد: "ڕەنگە 2020\2\10 پرۆژەكەی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی بگاتە ئەنجوومەنی سەركردایەتی یەكێتی، ئینجا ئێمە تاوتوێی دەكەین و دەنگی لەسەر دەدەین بۆ ئەوەی لە پەیڕەو جێی بكەینەوە".

بە گوتەی ڕێبوار تەها، هەیكەلی یەكێتی لەلایەن شەش كەسەوە دادەڕێژرێ و دواتر دەبرێتە كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنی سەركردایەتی. ڕێبوار تەها دەڵێت: "ڕەفعەت عەبدوڵڵا، شاڵاو عەلی عەسكەری، پاڤڵ تاڵەبانی، ئاسۆ مامەند، كوڕەكانی كاك كۆسرەت، زۆر جار كاك لاهووریش بەشدار دەبێ، ئەمانە پێكەوە دادەنیشن بۆ ئەوەی هەیكەل و پەیكەری حیزب لە ڕاستی هەڕەمەكەوە ئامادە بكەن، چونكە ئەم كارە ناكرێ لەناو هەموو ئەنجوومەنی سەركردایەتیدا بێت، ئەمان شتەكان ئامادە دەكەن پاشان دێتە ناو ئەنجوومەنی سەركردایەتی". گوتیشی: "ئەنجوومەنی سەركردایەتی ڕەزامەندی لەسەر دانیشتنی ئەو كەسانە داوە، بۆ ئەوەی پەیكەری حیزب دابڕێژن، بۆ نموونە سیستەمی هاوسەرۆكی ئەوانە هێنایانە ناو كۆبوونەوەكە و دەنگی لەسەر درا".

---

**5 ملیۆن دیناری لێ خۆشبوون**

# پەرلەمان 30 ملیۆن دینار به قەرز دەداتە پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ

**سەرۆکی لێژنەی نەزاهە:**

**ئەوە بەهەدەردانی سامانی گشتییە**

**زریان حاجی**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامێكی پەرلەمانی كوردستان لە فراكسیۆنی نەوەی نوێ 30 ملیۆن دینار بە قەرز لە پەرلەمان وەردەگرێ. پارەكە مانگانە لە مووچەكەی دەداتەوە، بەڵام پەرلەمان لە 5 ملیۆن دیناری خۆشدەبن. سەرۆكی لێژنەی نەزاهە پێیوایە ئەو كارەی پەرلەمان كردوویەتی بەهەدەردانی سامانی گشتییە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) كەوتوون، ئەو پارەیە بەبێ هیچ نووسراوێكی فەرمی بەو پەرلەمانتارە دراوە، تەنیا لەسەر پارچە كاغەزێك نووسراوە: بڕی 30 ملیۆن دینار بۆ (.....) خەرج بكرێ، 25 ملیۆن دینار لەو پارەیەی بە قەرز پێ بدرێ و مانگانە لە مووچەكەی بگێڕدرێتەوە، پێنج ملیۆن دیناریش هاوكاریی خۆی بێت.

سیروان بابان كە پێشتر لە فراكسیۆنی نەوەی نوێ بووە و ئێستا وەكو ئەندامێكی سەربەخۆ كار دەكات، دەڵێت: "نازانم بە چ پێوەرێك، هاوڕێیەكمان 30 ملیۆن دیناری وەرگرتبێت و 5 ملیۆنیش لێی خۆش بووبن، لەكاتێكدا مووچەیەكی باشی هەیە".

سەرۆكی لێژنەی دەستپاكی دەڵێ ئەوانیش بیستوویانە كە ئەو بڕە پارەیە بۆ پەرلەمانتارەكەی نەوەی نوێ خەرج كراوە، بەڵام نازانێت بە چ پێوەرێك پارەكەی پێدراوە. شیرین ئەمین دەڵێت: "نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە كراوە، پشت بە چ دەقێكی یاسایی و دەسەڵاتی كێ بەستراوە بۆ خەرجكردنی ئەو پارەیە". شیرین ئەمین پێیوایە "ئەوە بەهەدەردانی سامانی گشتییە".

پەرلەمانتارێكی پارتیش دەڵێت هیچ شتێك نییە بەناوی هاوكاری بۆ پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی كوردستان. عەبدولسەلام دۆڵەمەری، لەوبارەوە دەڵێت: "لە پەرلەمان شتێك نییە بەناوی ئەوەی لە نەسریەی پەرلەمان هاوكاریی پەرلەمانتار بكرێ، چونكە پەرلەمانتار مووچەی خۆی هەیە".

(ڕووداو) پەیوەندی بەو پەرلەمانتارەی نەوەی نوێ كرد كە 30 ملیۆن دینارەكەی وەرگرتووە، بەڵام ئەو ڕەتیكردەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بكات و گوتی: "هەر بەڵگەیەكتان لەسەر ئەم بابەتە هەیە بیخەنەڕوو".

سیروان بابان دەڵێت: "تەبعەن كابرایەك تاوانێك دەكات، تا دوا خولەك دەڵێ من نەمكردووە، ئێ خۆ نووسراوەكە هەیە".

گوتیشی: "جگە لەو، من كەسی دیكە شك نابەم ئەو هاوكارییەی وەرگرتبێ".

سەبارەت بە بەدواداچوونی لێژنەی نەزاهە بۆ ئەو بابەتە، شیرین ئەمین دەڵێت: "هەرچەندە هیچ بەڵگەیەكم لەبەردەست نییە و لێژنەكەشمان كۆنەبووەتەوە، بەڵام هەر كاتێك كۆبووینەوە، ئەو بابەتە تەرح دەكەین و داوای زانیاریی تەواو لەسەر چۆنیەتی خەرجكردنی ئەو پارەیە دەكەین".

---

# خۆپیشاندەرانی عێراق پەنا بۆ کوردستان دەبەن


لە چوار مانگی ڕابردوودا بەلایەنی كەمەوە 543 كەس كوژراون، 25 كەس هەزار بریندار بوون و زیاتر لە 70 كەسیش بێسەروشوێنن

**ڕووداو– هەولێر**

لە 17 ساڵی تەمەنیدا جگە لە شەڕ و ئاڵۆزی هیچی دیكەی نەبینیوە، دوایین ئەزموونیشی لە ئاڵۆزییەكانی عێراق بۆ خۆپیشاندانەكانی چوار مانگی ڕابردوو دەگەڕێتەوە كە لە كۆتاییدا هیچ چاریان بۆ نەهێشتەوە جگە لەوەی بەغدا بەرەو هەولێر جێبهێڵێ. ناوی كەریمە و ئێستا بەشی زۆری كاتەكانی لەسەر مۆبایلەكەی دەكوژێ.

كەریم كە دایك و باوكی داوایان لێكردووە ناوی ڕاستەقینەی خۆی نەڵێ، بە ڕۆژنامەی (ناشناڵ)ی ئیماراتی دەڵێ: "من لە 2002 لەدایكبووم، بۆیەش منداڵیم نەبینی، منداڵانی عێراق هیچ مافێكیان نییە".

كەریم كە قژێكی ڕەشی قەترانیی هەیە و تەلی ڕاستكردنەوەی لە ددانەكانی داوە، لە ئۆكتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە لەگەڵ خۆپیشاندانەكانی مەیدانی تەحریر كەوتبوو، بەڵام لە كانوونی یەكەم ناچار بووە ڕابكاتە هەولێر. ئەو دەڵێ: "میلیشیاكان دەیانویست بمكوژن، چونكە لایڤم دەكردەوە. میلیشیاكان مەسجی هەڕەشەیان بۆ ناردم".

بەپێی ڕاپۆرتەكە، ژمارەیەكی زۆر چالاكڤانی خۆپیشاندانەكانی چوار مانگی ڕابردوو پەنایان بۆ هەولێر هێناوە، چونكە لە هەولێر دەستی میلیشیاكانیان پێ ناگات كە لە چەند مانگی ڕابردوودا تۆمەتبارن بە كوشتن، بریندارکردن و ڕفاندنی خۆپیشاندەران. بەپێی ئامارەكانی كۆمسیۆنی مافەكانی مرۆڤی عێراق، لە چوار مانگی ڕابردوودا بەلایەنی كەمەوە 543 كەس كوژراون، 25 كەس هەزار بریندار بوون و زیاتر لە 70 كەسیش بێسەروشوێنن.

كێشەی كەریم ئەو كاتە دەستیپێكرد كە دەستی بە وێنەگرتن و بڵاوكردنەوەی لایڤی خۆپیشاندانەكان كرد. یەكەمجار لە ڕۆژی دووی تشرینی یەكەم لێدانی خواردووە، شەش ڕۆژ دواتر دەستبەسەر كرا و هێزە ئەمنییەكان بۆ شوێنێك لە بنكەی ئاسمانیی ئەلموسەننا گواستبوویانەوە كە لەناو فرۆكەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدایە و جگە لە كەریم زۆر خۆپیشاندەری دیكەشی لێبووە. كەریم دەڵێت: "ئەوان ناچاریان دەكردین چاومان بنووقێنین، ئینجا جگەرەیان لەسەرمان دەكوژاندەوە".

لە كۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو، ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی لەسەر زاری پێنج بەرپرسی عێراقی و چەندین چالاكڤانی خۆپیشاندانەكانی عێراق ئاشكرای كرد كە هەڵمەتێكی تۆقاندن، دەستگیركردن و تیرۆری خۆپیشاندەران دەستیپێكردووە. دوو لە بەرپرسە عێراقییەكان ئاماژەیان بۆ ئەوە كردبوو كە لێدان، لە كارەبادان و واژۆپێكردنی بەڵێننامەی بێدەنگی شتێكی نائاسایی نییە.

یەكێك لە چالاكڤانەكان بە ئاژانسە بەریتانییەكەی گوتبوو كە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ دەستبەسەر بووە، لەو ماوەیەشدا لێدانی خواردووە و لە كارەبایان داوە، بۆ ئەوەی ناچاری بكەن ناوی خۆپیشاندەر و چالاكڤانی دیكەیان بۆ ئاشكرا بكات.

گەنجە 17 ساڵەكە یەكێك لەوانە بوو كە دوای سەركەوتنەكەی 14ی تشرینی دووەمی ئەمساڵی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق بەرامبەر بە هەڵبژاردەی ئێران لە بەغدا خۆشییان دەربڕی. بۆ شەوەكەی هێزە ئەمنییەكان بازگەیان لە زۆر ناوچەی بەغدا دانا.

كەریم دەڵێ: "دوای یارییەكە ڕێگای ماڵمان گیرابوو. پۆلیس منی بینی و بانگیان كردم". كەریم دەیزانی ئەگەر سەیری مۆبایلەكەی بكەن تووشی كێشە دەبێ، هەرواش بوو، پۆلیس مۆبایلەكەی كردبووەوە و سەیری ڤیدیۆكانیان كردبوو، دوای ئەوەش ڕاپێچی شوێنێكیان كردبوو كە هەر ئەوەندەی لەبارەوە دەزانێ باڵەخانەیەكی چۆڵ بووە.

هەفتەیەك دوای ئەو ڕووداوە هەڕەشە تەلەفۆنییەكان دەستیان پێكردبوو. كەریم ناچار بوو خوێندنگا جێبهێڵێ و لە بزنسێكی خێزانەكەیدا دەستبەكار ببێ. دواتر گروپێكی نەناسراو ئامۆزاكەیان گرتبوو، لەژێر ئەشكەنجەدا پەنجەكانیان شكاندبوو بۆ ئەوەی شوێنی كەریمیان پێ بڵێ. ڕۆژی هەشتی كانوونی یەكەم، هاوڕێیەكی عەلاگەیەك جل و پارەی پێدابوو، ئامۆژگاریشی كردبوو كە بەغدا جێبهێڵێ. ئەویش هەڵاتبوو بۆ هەولێر.

## زۆر لە هاوڕێکانم ڕفێنراون

ئەحمەد ئەلبەدری، تەمەن 28 ساڵ و چالاكڤانی خۆپیشاندانەكان، لەسەر پێشنیازی هاوڕێكانی بەنیاز نییە بەو زووانە بگەڕێتەوە بەغدا، هەر بۆیە كێشەی نەبووە ناوی تەواوی خۆی بە (ناشناڵ) بڵێ. بەدری لە ساڵی 2011 وە لە خۆپیشاندانەكانی بەغدا بەشدارە، لە ڕێكخراوێكی كۆمەڵگای مەدەنی و یەكێك لە وەزارەتەكانی حكومەتی عێراق كاری دەكرد، كاتێكیش لە تشرینی یەكەم چووە ناو خۆپیشاندەران، دەیزانی ڕێگایەكی مەترسیداری گرتووە.

بەدری دەڵێ: "زۆر لە هاوڕێكانم ڕفێنراون. ڕۆژی 24ی تشرینی یەكەم بەرەو ماڵ دەچووم، كاتێك دوو ئۆتۆمبێل لە نزیك من ڕایانگرت، دەیانویست بمرفێنن، بەڵام بەختم هەبوو، چونكە لەو كاتەدا دەستم بە ستوونی كارەباوە گرتبوو هاوارم دەكرد، لەو كاتەدا دراوسێكانمان لە ماڵ دەرچوون".

ئەو شەوە دراوسێكان فریای كەوتن، بەڵام بەدری دەیزانی ئەوە كۆتایی كێشەكە نییە، بەڵكو سەرەتایەتی، هەر بۆیە ئەو شەوە تەكسییەكی گرت و خۆی گەیاندە هەولێر.

## دەترسام پێم بڵێن سیخوڕ

سەركردەی میلیشیا شیعەكانی نزیك لە ئێران خۆپیشاندانەكانی عێراق بە "فیتنە"ی دەرەكی دەزانن. سەلما كە لە ترسان ئامادە نەبووە ناوی تەواوی خۆی بڵێ، لە خۆپیشاندانەكاندا بەشداری كردبوو، پێش ئەوەی بێتە هەولێر لە كۆمپانیایەكی ئەمریكی كاری دەكرد، بۆیە دوای دەستگیركرانی هاوڕێیەكی، ترسی ئەوەی لێ نیشت كە تۆمەتی سیخوڕیی بدەنە پاڵ.

سەلما، تەمەنی 27 ساڵ، دەڵێ: "هاوڕێیەكم دەستگیركرا، ئەوان سەیری نامەكانیان كردبوو، نامەكانی منیشیان بینیبوو، ئینجا زۆر پرسیاریان لەبارەی منەوە لێكردبوو". ئەویش لە ترسی لێپێچینەوەی هێزە ئەمنییەكان، لە كانوونی یەكەمی ڕابردوو ڕووی لە هەولێر كرد.

## بگەڕێینەوە یان نا؟

بەدری كاری دۆزیوەتەوە و بەنیازە لە هەولێر بمێنێتەوە. ئەو ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێ چالاكڤانەكانی لە بەغدا قسە دەكات و هۆكاری هەڵبژاردنی هەولێری بۆ نزیكیی شارەكە لە بەغدا و پارێزراوبوونی لە دەستی میلیشیاكانی سەر بە ئێران گەڕاندەوە، هەرچەند وەك خۆی دەڵێ بیری خێزانەكەی دەكات كە هێشتا لە بەغدان.

بەڵام كەریم بیری گەڕانەوە داویەتی لەسەری و دەڵێ: "گەڕانەوە مەترسی بەدواوەیە، بەڵام من ناترسم". كەریم بە زۆر شتی وڵاتەكەی تێكدەچێ، لەوانەش نفووزی ئێرانییەكان و بیركردنەوەی توندئاژۆی ئایینی. ئەو دەڵێ "ئایین سەری بە هەموو شتێكدا كردووە، تەنانەت هەندێك جۆری پانتۆڵ قەدەغە كراوە. بەڵام هەر ئێمە سەردەكەوین".

# عەللاوی چۆن لە قوم کرا بە سەرۆکوەزیران؟

◆ سەدر بۆ دانانی بەربژێرە دڵخوازەکەی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانی عێراق هێنا

◆ شیعەکان ڕێککەوتوون بەرەی مقاوەمە دژی ئەمریکا دروست بکەن و سەدریش سەرۆکی بەرەکە بێ




ڕەتکردنەوەی عەللاوی لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە (فۆتۆ: AFP)

**سەرکردەیەکی عێراقی:**

**عەللاوی لە عادل عەبدولمەهدی لاوازترە بۆیە کردیان بە سەرۆکوەزیران**

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی ئەمجارەی عێراقیش بەرهەمی ڕێککەوتنی نێو کۆبوونەوە نهێنییەکانە کە تێیدا موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سائیرون، بەڵێنی دابوو لە بەرامبەر دانانی بەربژێرە دڵخوازەکەیدا، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێ.

هەفتەی ڕابردوو محەممەد تۆفیق عەللاوی ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی کە ئەرکە سەرەکییەکەی ئەوەیە لە ماوەی یەک ساڵی داهاتوودا زەمینەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان بڕەخسێنێ. سەدر لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ناوی عەللاوی، لە تویتێکدا نووسیبووی: "ئەوە گەلە سەرۆکوەزیران هەڵدەبژێرێ نەک کوتلەکان".

بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی میدڵئیست ئای (MEE)، ڕێککەوتنی دانانی عەللاوی لە کۆمەڵێک کۆبوونەوەی نهێنی لە شاری قومی ئێران کراوە، ڕێککەوتنە سیاسییەکەش کۆمەڵێک خاڵی دیکە لە خۆدەگرێ کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوەوە نییە.

عەللاوی لە کاتێکدا دەستبەکار دەبێ کە ماوەی چوار مانگە خۆپیشاندەران لە شەقامەکانی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق داوای چاکسازیی ئیداری و سیاسی دەکەن و پەیوەندیی نێوان گروپە شیعەکانی عێراق و هێزە بیانییەکان گەیشتووەتە ئەوپەڕی گرژی.

عەللاوی بەڵێنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دادگاییکردنی ئەو کەسانەی داوە کە دەستیان چووەتە خوێنی خۆپیشاندەران، بەڵام وەک کەسانی ئاگادار لە وردەکارییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، سنوورداربوونی ماوەی دەسەڵاتەکەی و ئەو ئەرکانەی لە ڕێککەوتنەکەدا بۆی دانراوە، سەرۆکوەزیرانە کاتییەکە ناتوانێ ئەو بەڵێنە بەرێتەسەر.

لە ڕێککەوتنەکەدا چوار ئەرکی سەرەکی بۆ حکومەتە کاتییەکە دانراوە: گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی، زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە ماوەی یەک ساڵدا، پابەندبوون بە جێبەجێکردنی داوای پەرلەمان سەبارەت بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق و تێکەڵاوکردنی هێزەکانی حەشد لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی دەوڵەت کە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق فەرمانەکەی دەرکردبوو.

سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بە دووری دەزانن عەللاوی بتوانێ ئەو چوار ئەرکە جێبەجێ بکات. یەکێک لە سەرکردەکان بە ماڵپەڕە قەتەرییەکە دەڵێ: "ئەو لە عەبدولمەهدی لاوازترە، هەر بۆیەش ئەویان هەڵبژاردووە، ڕێگەی پێنادرێ هیچ فایلێکی گەندەڵیی ڕاستەقینە بکاتەوە و ڕێگە بە حکومەتەکەی نادرێ هیچ بڕیارێکی ستراتیژی بدات، لەوانەش دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق".

مانگی ڕابردوو، دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی قودس و ئەبومەهدی موهەندیس، فەرماندەی پێشووی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراق لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، زۆرینەی گروپە شیعەکانی پەرلەمان داوایان لە حکومەتی کاربەڕێکەر کرد هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی لە عێراق دەربکات.

سەرکردە عێراقییەکە دەڵێ: "حکومەتەکە کاتی دەبێ، نەجەف بە ڕوونی ڕایگەیاندووە ڕێگە بە حکومەتی کاتی نادەن هیچ بڕیارێکی ستراتیژی بدات کە دواتر زیان بە وڵات بگەیەنێ".

لە کۆتایی تشرینی دووەمی 2019 وە، عێراق لەلایەن حکومەتێکی کاربەڕێکەرەوە ئیدارە دەکرێ، ئەوەش دوای ئەوەی عەبدولمەهدی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەستی پەرلەمان کرد. لە چوار مانگی ڕابردوودا، زیاتر لە 543 خۆپیشاندەر کوژراون، نزیکەی 250 هەزار بریندار بوون و زیاتر لە 70 کەسیش بێسەروشوێنن. سەدر لە چەند مانگی ڕابردوودا خۆی وەک کەسێکی دژی هەژموونی ئێران لە عێراق و دژی میلیشیاکانی سەر بە تاران دەردەخست.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (MEE) ڕێککەوتنی دانانی عەللاوی بۆ ئەو پۆستە لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە قوم کراوە کە تێیدا موقتەدا سەدر و هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون "بەرەیەکی مقاوەمەی یەکگرتوو" بە سەرکردایەتی سەدر لە دژی ئەمریکا دروستبکەن.

بە گوتەی سەرکردە شیعەکان، دوای ئەوەی لایەنە شیعەکان وەک سەرکردەی "بەرەی مقاوەمە" پەیمانیان بە سەدر داوە، ئینجا دانوستاندنەکان پەرەیان سەندووە و بەرەو ئەوە چوون عەللاوی بخرێتە سەر کورسی سەرۆکوەزیرانی عێراق.

موهەندیس بە ڕێکخەر و هاوئاهەنگیکاری نێوان میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەقەڵەم دەدرا کە دەسەڵاتێکی بەرچاویشی لە دامودەزگا باڵاکانی حکومەتی بەغدادا هەبوو. کوژرانی موهەندیس بازنەی پەیوەندیی نێوان گروپە جیاجیاکانی حەشد و پەیوەندیی نێوان حەشد و حکومەتی پچڕاندووە.

دانوستاندنەکان نزیکەی هەشت هەفتە بەردەوام بوون، زۆربەشیان لە ماڵەکەی سەدر و بە تایبەتی لە نێوان سەدر و عامریدا بەڕێوەچوون، هەندێکجاریش یاریدەرەکانی سەدر ئامادەی کۆبوونەوەکان دەبوون. کەسانی بەشدار لە دانوستاندنەکان دەڵێن بەرپرسانی ئێران ڕاستەوخۆ لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار نەبوون. لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا ڕێککەوتن کراوە لەسەر ئەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆکوەزیران بە ڕێککەوتن بێ، نەک بەپێی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی وەک ئەوەی لە دەستووردا هاتووە. گروپە شیعەکان دواجار بەوە ڕازی بوون پشتگیری لە کاندیدەکەی سەدر بکەن.

سێ سەرکردەی باڵای شیعەی ئاگادار لە دانوستاندنەکان بە ماڵپەڕەکەیان ڕاگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکاندا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی حکومەت کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێ، ئاسایشی وڵات بگرێتەوە دەست و دامەزراوە حکومییەکانی وەک زانکۆ و خوێندنگاکان بکرێنەوە.

سەرکردەیەکی باڵای فەتح لەوبارەوە دەڵێ: "سازش (لەگەڵ سەدر) لەژێر سێبەری هەڵوێستی یەکگرتوو لە بەرامبەر ئەمریکا هاتەئاراوە و دواتر بۆ ڕێککەوتنێکی سیاسی گۆڕا". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە دوو لەسەر سێی ئاڵۆزییەکانی خۆپیشاندانەکان بەهۆی لایەنگرانی سەدرەوە بووە، بۆیەش "هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری دۆخەکە بێ بەشداری موقتەدا سەرکەوتوو نابێ. خەڵکانی سەر بەو دەبووایە سڕ بکرێن... ئێمە داوامان نەکرد خۆپیشاندانەکان ڕابگرێ، بەڵکو خۆی پێشنیازی کرد، چونکە دەیەوێ سەرکردەی هەموو لایەنەکان بێ، بۆیە ئێمە (لە وەڵامدا) گوتمان: بەڵێ تکایە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنە".

پاش ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییەکان، سەدر داوای لە لایەنگرانی کرد بگەڕێنەوە مەیدانی تەحریر، کە ناوەندی سەرەکیی خۆپیشاندانەکانی چوار مانگی ڕابردووی عێراق بووە. چەند سەعاتێک دواتر هەزاران ئەندامی میلیشیای سەرایا سەلامی سەر بە سەدر کە بە کڵاوشینەکان ناسراون، ڕەوانەی شوێنی خۆپیشاندانەکان کران. بەپێی تویتێکی سەدر، کڵاوشینەکان بۆ "پاراستنی مەیدانەکە و خۆپیشاندەران" نێردراون.

چەند سەعاتێک پێش ڕاگەیاندنی ناوی عەللاوی، دۆخەکە قڵیشایەوە. کڵاوشینەکان بە گۆپاڵ و چەقۆ هەڵیانکوتایە سەر خۆپیشاندەران و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی مەیدانەکەیان دا، بەتایبەتیش باڵەخانەی "ڕێستورانتی تورکی" کە بە بارەگای خۆپیشاندەران ناسراوە و بەسەر هەموو مەیدانی تەحریردا دەڕوانێ. دوای دوو ڕۆژ، گرژییەکانی نێوان کڵاوشینەکان و خۆپیشاندەران بۆ شارەکانی دیکەش پەلیهاویشت، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 10 خۆپیشاندەر لە نەجەف کوژران و دەیانی دیکەش بریندار بوون.

عەللاوی، تەمەن 65 ساڵ و لە دایکبووی بەغدا، ژیانی سیاسی خۆی لەگەڵ حیزبی دەعوە دەستپێکرد، بەڵام لێی جیابووەوە و لە 1977 وڵاتی جێهێشت و لە لوبنان گیرسایەوە. سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو کە ڕەگەزنامەی عێراقی و بەریتانی هەیە، لە لوبنان لە بەشی ئەندازیاری بیناسازیی زانکۆی ئەمریکی خوێندوویەتی.

سەرۆکوەزیرانی کاتی ئامۆزای ئەیاد عەللاوی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراقە، لە ڕێگای ژن و ژنخوازییەوە خزمایەتی لەگەڵ سەدر و ئایەتوڵڵا سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق هەیە.

سەرکردە شیعەکان بە (MEE)یان ڕاگەیاندووە سەدر لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی پارساڵەوە چاوی لەسەر عەللاوی بووە. یەکێک لە سەرکردە شیعەکان دەڵێ: "عامری و هاوپەیمانەکانی تێبینی ئەوەیان کرد و کاریان لەسەر کرد. دوای تیرۆری سولەیمانی و موهەندیس، سیاسەتی ئێران لە عێراق گۆڕا. سولەیمانی کاری دەکرد بۆ ئەوەی موقتەدا بەلاوە بنێ، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە. ئێستا ئێرانییەکان مەیلیان بۆ ئەوەیە سەدر جڵەو بکەن و ئەو ڕۆڵەشی پێبدەن کە حەزی لێیەتی". لە کاتێکدا پەیماندانی گروپە شیعەکان بە سەدر "بەشێکە لەو پلانە".

# سێ وەزیرەکەی کورد لە بەغدا دەگۆڕدرێن


**زریان حاجی**

**ڕووداو- هەولێر**


کەسانی نزیک لە محەممەد تۆفیق عەللاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتیی عێراق دەڵێت عەللاوی بڕیاری داوە سەرجەم وەزیرانی ئەو کابینەیەی ئێستای حکومەت بگۆڕێ و داواشی لە حیزبەکان کردووە هیچ بەربژێرێکی حیزبی بۆ پۆستەکان پێشنیاز نەکەن، پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێت: "لە سێ وەزیرەکەی کورد ڕەنگە یەکێکیان لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە".

ڕۆژی 2020/2/1 د.بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق، محەممەد تۆفیق عەللاوی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، عەللاوی ماوەی مانگێکی لەبەردەمە بۆ ئەوەی ناوی ستافی کابینەکەی ڕادەستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکات.

ڕەنگە کابینەکەی عەللاوی لە پەرلەمان بەرەڕووی گرفت نەبێتەوە، بەو پێیەی دوو گەورەترین کوتلەی پەرلەمان (هاوپەیمانی سائیرون و هاوپەیمانی فەتح) پشتگیری دەکەن.

محەممەد خالیدی، سەرۆکی فراکسیۆنی بەیارق ئەلخەیر لە پەرلەمانی عێراق و نزیک لە محەممەد تۆفیق عەللاوی، سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "عەللاوی لە 15 ڕۆژی دوای ڕاسپاردنی، کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات و چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتی یەک مانگەکە ناکات، چونکە ڕەوشی عێراق زۆر نالەبارە و لەوە زیاتر دواخستن هەڵناگرێ، ئەمەش بەو واتایەیە عەللاوی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات".

سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو دەبێ هەرسێ لایەنی شیعە و سوننە و کورد لە خۆی ڕازی بکات کە پێکهێنەری حکومەتی تەوافوقی عێراقن، بەڵام هێشتا عەللاوی قسەی لەگەڵ لایەنەکان نەکردووە.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت: "عەللاوی بەرنامەی هەیە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام هێشتا کاتەکەی دیار نییە".

محەممەد خالیدی، سەبارەت بە سەردانی محەممەد تۆفیق عەللاوی بۆ هەرێمی کوردستان گوتی: "هێشتا ناتوانم زانیاری تایبەت بەو بابەتە ئاشکرا بکەم، لەکاتێکدا شەوی شەممەی ڕابردوو فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری ئابووری و وەزیری دارایی لەگەڵ محەممەد تۆفیق عەللاوی کۆبووەوە".

ئەگەرچی تا ئێستا ناوی وەزیرەکانی کابینەکەی عەللاوی دیار نییە، بەڵام ئەوانەی لەو نزیکن دەڵێن هیچکام لە وەزیرەکانی ئەم کابینەیە دانانێتەوە.

محەممەد خالیدی دەڵێت: "هیچ وەزیرێکی کابینەی ئێستای حکومەتی عێراق بە وەزیرە کوردەکانیشەوە لە کابینەی نوێی حکومەت نامێنێ، چونکە وەزیرانی ئێستا هاوشێوەی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە".

هەروەها دەڵێت: "لایەنەکان بە شیعە و سوننە و کوردەوە محەممەد تۆفیق عەللاوییان سەرپشک کردووە بە لەبەرچاوگرتنی بەشدارکردنی پێکهاتەکان، وەزیرانی کابینەکەی دەستنیشان بکات، بەڵام وەزیرانی کابینەکەی عەللاوی لە سەرکردەکانی هێڵی یەکەم و دووەمی لایەنە سیاسییەکان نابن".

**سەرۆکی فراکسیۆنی بەیارق ئەلخەیر:**

**وەزیرانی کابینەکەی عەللاوی لە سەرکردەکانی هێڵی یەکەم و دووەمی لایەنە سیاسییەکان نابن**

کورد لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدیدا سێ وەزارەتی بەدەستەوەیە، ئەوانیش وەزارەتی دارایی، داد و ئاوەدانکردنەوەن. پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێت ڕەنگە یەکێک لە وەزیرەکانی کورد لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە.

ڕێبوار تەها، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو سێ وەزیرەی کورد لە بەغدا هەن، پێشبینی دەکەم یەکێکیان نەگۆڕدرێ".

کورد خاوەنی 58 کورسییە لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام لەو خولەدا یەکگرتوو نین، گروپێک کە ناویان لە خۆیان ناوە گرووپی 15 و پێکدێن لە پەرلەمانتارانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و نەوەی نوێ، بەنیازن بە جیا دانوستاندن لەگەڵ محەممەد تۆفیق عەللاوی بکەن.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "بڕیارە لەگەڵ محەممەد تۆفیق عەللاوی کۆببینەوە، بەڵام ئێمە ناچین داوای وەزارەتی لێ بکەین، بەڵکو داوای لێدەکەین چاکسازی بکات و دژی گەندەڵی و فەوزا و میلیشیا بوەستێتەوە و سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکی پاک بکات، مافی گەلی کوردستان بپارێزێ و مووچە و بودجە و مافی جووتیاران بدات".

**پەرلەمانتارێکی یەکێتی:**

**ڕەنگە لە سێ وەزیرە کوردەکە تەنیا یەکێکیان بمێنێتەوە**

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) گروپی 15 چاویان لەوەیە عەللاوی وەزارەتێکیان بداتێ، بەڵام دیار نییە وەزارەتەکە لە پشکی یەکێتی و پارتی کەمدەکرێتەوە یاخود وەزارەتێک لە پشکی کورد زیاد دەبێ. ڕێبوار تەها دەڵێت: "پێشبینی ناکەم پشکی یەکێتی و پارتی کەم بکرێتەوە". هەروەها دەڵێت: "ئەو وەزارەتانەی لە کابینەی پێشوو بە کورد دراون لەم کابینەیەش ئەگەرچی کاتی بێ، هەر دەبێ بۆ کورد دیاریبکرێنەوە، ئەو کاتە دەمێنێتەوە لای کورد ئاخۆ گۆڕانکاری لە کاراکتەرەکان دەکات یان نا، بەڵام دیارە سەرۆککۆمار و بەرپرسانی حکومەت و بەتایبەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم باسە لەسەر هێڵن".

پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری دەڵێ، هەموو لایەنە شیعەکان بڕیاریان داوە بەربژێر پێشکەش نەکەن و کەس نەسەپێنن، عەلاوی لە دیاریکردنی وەزیرەکان دەستکراوە دەکەن.

ئەحمەد کینانی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی فەتح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرجەم لایەنە شیعەکان بڕیاریان داوە هیچ بەربژێرێک پێشکەش بە محەممەد تۆفیق عەلاوی نەکەن و کەس نەسەپێنن، بەڵکو دەستکراوەی بکەن لە دیاریکردنی وەزیرەکان".

هەروەها دەڵێت: "هەندێک لە هێزە شیعەکان گوتوویانە ئەگەر کورد و سوننە سووربن لەسەر پێشکەشکردنی بەربژێر و پشکەکانیان، ئەوانیش لە بڕیارەکەیان پاشگەز دەبنەوە و بەربژێری خۆیان پێشکەش دەکەن".

کینانی کورد بە هاوبەشێکی ڕاستەقینەی عێراق ناو دەبات و دەڵێ: "بوونێکی بەهێزیان لە بەغدا هەیە، پێویستە پەیامی دڵنیاکەرەوەیان پێ بدرێ، چونکە ئێستە ترسیان هەیە، یەکێک لەو شتانەی لێی دەترسن ئەو ڕێککەوتنەیە کە لەگەڵ کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی کردوویانە، دەبێ ئەو ترسەیان بڕەوێنرێتەوە".

پارتی دوو وەزیری لە بەغدا هەیە، ئەوانیش فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی و بەنگین ڕێکانی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەیە. سەبارەت بە گۆڕینی وەزیرەکانی پارتی، عەرەفات کەرەم، بەرپرسی مەلەفی بەغدا لە بارەگای بارزانی گوتی: "ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە کە ئایا وەزیرەکانیان دەگۆڕن یان نا".

ئەگەرچی محەممەد خالیدی دەڵێت عەللاوی کابینەکەی لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواو دەکات، بەڵام ئەگەر بیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ کورد بکات، کاتی زیاتر دەخایەنێ.

سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم هەفتەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت دەچنە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بۆیە ڕەنگە ئەم هەفتەیە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو سەردانی هەرێمی کوردستان نەکات".

گوتیشی: "پەیوەندی تەلەفونی لە نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بەڕێزەدا هەبووە".



ڕاسپاردنی محەممەد تۆفیق عەللاوی لەلایەن د. بەرهەم ساڵح ـەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت

## ڕێباز حەملان، بۆ (ڕووداو):

# 700 ملیار دیناری حکومەت لەلای کۆمپانیاکانە



لە کابینەی ڕابردوودا وەزیری دارایی بوو، لەم کابینەیەی حکومەت ئەگەرچی وەزیر نییە، بەڵام سەروکاری لەگەڵ دارایی و پارەدا هەر ماوە، بەو پێیەی یاریدەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان و ئەنجوومەنی ڕاژەی گشتی. ڕێباز حەملان، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باس لە زۆر پرسی ئابووری و دارایی لە هەرێمی کوردستان دەکات، لەوانەش پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، وەرگرتنەوەی قەرز لە کۆمپانیاکان، دەستپێکردنەوەی پێشینەکان، پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران و داهاتەکانی حکومەت.

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
ڕوودو - هەولێر

(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: زیاتر لە چوار ساڵە بەپاساوی قەیرانی دارایی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران ڕاگیراوە، ئێستا کە قەیرانەکە لەچاو ڕابردوو سووکتر بووە، هیچ ئەگەرێک هەیە دەست بە پلە بەرزکردنەوە بکرێتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەمە بابەتی گفتوگۆی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، هەموو پلە بەرزکردنەوەیەک بارگرانییەک دەبێ بۆ سەر دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە مافێکی تەواو یاسایی فەرمانبەرانە. وەزارەتی دارایی دەتوانێ بڕیار لەسەر دەستپێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران بدات، بەڵام ئەو بڕیارە کاتێک دەدرێ کە لەڕووی داراییەوە ئامادەکاری بۆ کرابێ. هێشتا ئێمە نازانین حکومەتی عێراق ئەم یاسای بودجەیە کەی پەسەند دەکات، ئەو ڕێککەوتنەی هەمانە کەی جێبەجێی دەکات، تۆزێ لەوەدا ماوینەتەوە و ئێستا ئەو داهاتەی لەبەر دەستە تەنیا بەشی مووچە دەکات، هەندێ لەو پرۆژانەی کە 75%یان تەواو بووە خراونەتەوە گەڕ، پێویستمان بەوەیە بودجەی بۆ دابین بکەین.

**ڕووداو: دەتوانی بە دیاریکراوی بڵێی پلە بەرزکردنەوەکە کەی دەستپێدەکات؟**

**ڕێبازحەملان:** بەدڵنیاییەوە دەستپێدەکاتەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەین وەزارەتی دارایی پارەی پێویست دابین بکات، چونکە ئەوانەی پلەیان بەرز دەکرێتەوە، مووچەکەشیان زیاد دەکات. ئەوەش دەبێ بودجەی بۆ دابین بکرێ. پلە

> ### داهاتی هیچ شارێک ناچێت بۆ شارێکی دیکە

بەرزکردنەوە بە بڕیار ڕاگیراوە، هەر دەبێ بە بڕیاریش دەستپێبکاتەوە.

ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران کار لەسەر دوو بابەت دەکات، یەکێکیان پلە بەرزکردنەوەیە و ئەوی دیکەیان گرێبەستی فەرمانبەرانە کە دیراسە دەکرێن بۆ ئەوەی بکرێن بە هەمیشەیی، لەگەڵ وەزارەتی دارایی بە لێژنەی هاوبەش لەسەر خەتین بۆ ئەوەی کە پلە بەرزکردنەوە کرایەوە، تووشی ئەوە نەبین دیسان ڕابگیرێتەوە، بۆیە ئیشی جددی لەسەر دەکەن.

**ڕووداو: جیاوازیی مووچە بەهۆی پلە بەرزکردنەوە چۆن خەرج دەکرێ، وەکو مووچەکانی دیکە پاشەکەوت دەکرێ یان مانگانە دەدرێتەوە فەرمانبەران؟ یان بە یەکجاری پێیاندەدرێتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** نەخێر، بە یەکجاری قورسە، بەڵام مانگانە پێیان دەدرێتەوە، ئەوە نابەسترێ

> ### پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران لە وەزارەتی دارایی لە ژێر دیراسەدایە

بە پاشەکەوتی مووچەوە.

**ڕووداو: دیوانی چاودێریی دارایی بە پشتبەستن بە چوار یاسا دەڵێت ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران نایاساییە..**

**ڕێباز حەملان:** بێگومان پلە بەرزکردنەوە مافێکی تەواو یاسایی فەرمانبەرانە، ڕاگرتنەکەشی نایاساییە، بەڵام ڕاگرتنەکە بەهۆی قەیرانی دارایی بووە، خۆت دەزانی هەندێکجار حاڵەتی لەناکاو دێتە پێش کە لە سەرووی توانای تۆیە، ناچاری هەندێک بڕیار بدەی، بۆ نموونە پاشەکەوتی مووچە بڕیارێکی نایاساییە، بەڵام ناچاری بیکەی لەبەر ئەوەی حکومەتەکەت لە قەیراندایە و بودجەی پێویستی لەبەر دەست نییە.

**ڕووداو: پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران بۆ مانگێک چەند پارەی پێویستە؟**

**ڕێباز حەملان:** وردەکاری ئەو بابەتە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی بودجە بەشی میلاکات و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بەشی خەرجییەکانە، ناتوانم ژمارەیەک بڵێم، بەدڵنیاییەوە پارەیەکی زۆری دەوێ، حکومەتیش بەرچاوی ڕوون نییە ئاخۆ ئەو بودجەیە لە بەغداوە دێ. ئەو بودجەیەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەستێتی 453 ملیار دیناری مانگانە لە بەغداوە دێ، ئەوەی دیکەش داهاتی ناوخۆیە، لەگەڵ ئەو داهاتەی نەوت کە پێکەوە ئێستا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەبێ پاشەکەوت دەدرێ.

**ڕووداو: بازرگان و سەرمایەداران و وەبەرهێنەرێکی زۆر قەرزداری حکومەتن، بڕی ئەو قەرزەی لەلایانە چەندە؟**

**ڕێباز حەملان:** زیاتر لە 700 ملیار دینارە.

**ڕووداو: کەی لێیان وەردەگیرێتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەو ماوەیەی کە دەبوو قەرزەکە بگەڕێننەوە بەسەرچووە، بۆیە

> ### داهاتی ئێستای حکومەت تەنیا بەشی مووچە دەکات

دەبێ ئێستا بە یەکجار قەرزەکە بگەڕێننەوە. حکومەت لێژنەیەکی لە نێوان وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرمانگەی بەدواداچوون و چاودێریی دارایی داناوە، بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی لەلای ئەو کۆمپانیا و سەرمایەدارانەیە لێیان وەربگیرێتەوە. ئەگەر پارەکە نەهێننەوە، ئەو زەمانەی کە دایانناوە لەبری قەرزەکانیان، حکومەت دەیانخاتە موزایەدە و دەیانفرۆشێ. خۆ ئەگەر زەمانەکەشیان لە بڕی قەرزەکەیان کەمتر بوو، ئەوە دیسان مولزەم دەبن کە بەشە ماوەی قەرزەکە بە پارە بگەڕێننەوە. وەرگرتنەوەی قەرزەکە لەمساڵەوە دەستپێدەکات و لە نزیکترین کاتیشدایە.

ئەوانە دووجار قەرزداری حکومەتن، جارێک بە قەرزە سەرەکییەکە و جارێکی دیکە بە نەدانی فایدەکان، بەداخەوە ئەمانە لە ڕابردوودا فێڵیان لە حکومەت کردووە، هەندێک فەرمانبەری

> ### داهاتی سلێمانی دێتەوە خەزێنەی حکومەت

حکومەتیش بەشدار بوون لەو کارەدا جا بە هەر ڕێگەیەک بێ. ئەو قەرزانەی وەریانگرتووە لە بەرامبەردا موڵکیان لە ڕەهن داناوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەیانتوانی قەرزەکە لە کاتی خۆیدا بدەنەوە، حکومەت دەست بەسەر ماڵە ڕەهنکراوەکەیاندا بگرێ و لە ڕێگەی موزایەدەوە بیانفرۆشێ و قەرزەکەی خۆی لێ هەڵگرێتەوە، بەڵام ئەو موڵکەی لە جیاتی قەرز دایانناوە، یان وجوودی نییە، یان نرخەکەیان زۆر کەمترە لە قەرزەکە، ئەمەش کێشەی بۆ حکومەت دروستکردووە.

**ڕووداو: حکومەت پارەیەکی زۆری بە قەرز لە ڕێگەی پێشینەکانی وەکو خانووبەرە، هاوسەرگیری، کشتوکاڵ و پیشەسازی و قەرزی بچووک داوە بە هاووڵاتیان، بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەرگرتنەوەی ئەو پێشینانە ڕاگیرابوون، کەی دەست بە وەرگرتنەوەی ئەو پێشینانە دەکەن؟**

**ڕێباز حەملان:** قۆناغی یەکەم وەرگرتنەوەی قەرزەکانە لە سەرمایەداران و کۆمپانیاکان. دوای ئەوە قۆناغی دووەمی وەرگرتنەوەی قەرزەکان دەستپێدەکات کە وەرگرتنەوەی پێشینەکانە. زۆربەی ئەوانەی ئەو جۆرە پێشینانەیان وەرگرتووە، فەرمانبەر و مووچەخۆری حکومەتن، بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیاندەتوانی بیگەڕێننەوە، بەڵام وەرگرتنەوەی قەرزی سەر هاووڵاتیان وەکو سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان نابێ،

> ### دوای قەرزی کۆمپانیاکان، قەرزی پێشینەکان وەردەگرینەوە

بەڵکو مانگانە گوژمەیەکیان بۆ دیاری دەکرێ و لێیان وەردەگیرێتەوە.

**ڕووداو: چەند پارەی حکومەت لەلای هاووڵاتیانە؟**

**ڕێباز حەملان:** 4 ملیار دۆلار.

**ڕووداو: هیچ ئەگەرێک هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی پێشینەکانی وەکو هاوسەرگیری و خانووبەرە و قەرزی کشتوکاڵ و پیشەسازی؟**

**ڕێباز حەملان:** بێگومان بەڵێ، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی پێویستی لەبەردەست بێ، هەموو ئەو پێشینانە دەستپێدەکەنەوە، بەڵام هەتا بابەتی بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکلا نەکرێتەوە، وەزارەتی دارایی پرۆژە یاسای بودجە نەنێرێ، ناتوانین دەست بە پێدانی پێشینەکان بکەینەوە.

**ڕووداو: پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بەپێی یاسای چاکسازی دەخرێتە سەر حیسابێکی بانکی بۆ فەرمانبەران، ڕێنمایی لەوبارەیەوە دەرچووە؟**

**ڕێباز حەملان:** نا نەخێر، چونکە یاسای چاکسازی لە ڕۆژی 2020/2/4 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆ کراوە، دواتر دەبێ لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە، پاشان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی، ڕێنمایی پێویست لە بارەی ئەو یاسایە دەردەکەن کە چۆن ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێ.

**ڕووداو: دانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان چەند پارەی پێویستە و بە چ میکانیزمێک دەدرێتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** زیاتر لە 10 ملیار دۆلاری پێویستە. ئەمە بە چەند شێوازێک بیری لێ کراوەتەوە کە چۆن چارەسەر بکرێ، بەڵام شێوازە سەرەکییەکە ئەوەیە بابەتەکە لەگەڵ بەغدا باس بکرێ، ڕێککەوتن کراوە کە لێژنەیەکی

> ### چوار ملیار دۆلاری حکومەت لەلای هاووڵاتیانە

هاوبەش لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوونی سەرجەم قەرزەکان پێکبێت، چونکە هەرێم بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و ئێستا عێراق خەریکی ئەوەیە چارەسەری قەرزەکانی خۆی بکات، بۆیە ئێمەش مافی خۆمانە بەشێک بین لە پێدانەوەی ئەو قەرزانە. حکومەتی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە بەشێک لە قەرزەکانمان بداتەوە، بەشێک لەم قەرزانە ئیلتیزاماتی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقە بۆ پێدانەوەی پاشەکەوتی مووچە. بۆچیش پاشەکەوتی مووچە؟ چونکە حکومەتی عێراق لە 2014\1\1 بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە.

**ڕووداو: فەرمانبەر دەتوانێ قەرزەکانی حکومەت لە ڕێگەی ئەو حیساب بانکییەی بۆی دەکرێتەوە بیداتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەوە دەبێ وەزارەتی دارایی ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربکات، ئەگەر ئاستی سیولە کار لەوە بکات ئەوە وەزارەتی دارایی ناتوانێ بڵێ ئێستا قەرزەکانتان بۆ دەگەڕێنینەوە، چونکە ئەو پارانە کە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت هەموو دەبێ بە کاش و دێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بۆیە دەبێ وەزارەتی دارایی دیراسەتێکی باشی ئەم بابەتە بکات، ئەگەر قەرزەکان بە ژمارە بگەڕێتەوە کاریگەری لەسەر کاش و سیولە دەبێ.

**ڕووداو: بەهۆی زیادکردنی ڕسووماتە جۆراوجۆرەکانەوە، داهاتی ناوخۆ بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە؟ ئێستا داهاتی ناوخۆ چەندە؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەو ژمارەیە پێویستە وەزارەتی دارایی ڕایبگەیەنێ، بەڵام داهاتی ناوخۆ بەدڵنیاییەوە بەرەو باشبوون چووە. خەڵک لێرەدا تۆزێک بە هەڵە لە شتەکە تێگەیشتووە، ئەمە لە ئەنجامی ئەوە نییە کە باجی سەر خەڵک لە گومرگەکان زیاد بووبن، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەیە کە جموجوڵی بازرگانی و دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر چووە. هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی لە ڕابردوودا باجیان نەدەدا ئێستا دەبێ باج بدەن، ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە داهاتی ناوخۆی هەرێم لە چاو جاران باشتر بێ.

ڕووداو: زۆرترین داهاتی ناوخۆ لە چ کەرتێکە؟

ڕێباز حەملان: یەکەمجار خاڵە سنوورییەکان، دواتر گومرگەکان، باج، لەناو وەزارەتەکانیش زیاتر وەزارەتی ناوخۆ داهاتێکی باشی هەیە، دوای ئەویش وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتەکانی دیکە دێن. کێشەی ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کارەبایە کە زۆرترین خەرجیمان هەیە و کەمترین داهاتمان بۆ دەگەڕێتەوە، بەشێکیشی بەهۆی ئەوەیە کە هەندێک لە هاووڵاتیان و هەروەها هەندێک کارگە و کۆمپانیا پارەی کارەبای حکومەت نادەن. هەندێکیشیان بە چەک پارە دەدەن، واتە تەنیا بە ڕەقەم پارە دەدەنە وەزارەتی دارایی نەک بە کاش، ئەمەش گرفتی بۆ حکومەت دروست کردووە، چونکە خەرجییەکەت زۆر زۆرترە لەو داهاتەی لەو وەزارەتە دەستدەکەوێ، خەرجی بەرهەمهێنانی کارەبا ئەوەندە زۆرە ئێمە ڕوبعێکی ئەو خەرجییەمان دەستناکەوێتەوە.

**ڕووداو: داهاتی سلێمانی دێتەوە خەزێنەی حکومەت؟**

**ڕێباز حەملان:** داهاتی سلێمانی دێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام یەک خاڵ هەیە کە دەبێ بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕوون بێ: داهاتی هیچ شارێک ناچێ بۆ شارێکی دیکە، ئەم داهاتە لە سلێمانی لە خەزێنەی یەک و دوو و بانکی ناوەندی هەرێمە، بۆیە ئەو داهاتە دەچێتە ئەو خەزێنانە کە لە زمنی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانن، ئەم پارەیە ئەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەڵکو پارەکە بۆ پرۆژە و بەڕێوەچوونی فەرمانگەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین خەرج دەکرێ.

من دەمەوێ ئەوە بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکەمەوە کە هیچ کاتێک هیچ جۆرە تەگەرەیەک بۆ هیچ پرۆژەیەک لە هەرێمی کوردستان و لە سلێمانی لەلایەن حکومەتەوە دروست نەکراوە، تەنیا

> ### ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران نایاساییە

ئەوەیە بەشێکی خۆیان کێشەی کۆمپانیاکان بووە لەوێ و بەشێکیشی تەدەخولاتی ئەملاو ئەولا بووە.

**ڕووداو: ئەی داهاتی گومرگەکانی سلێمانی دێتەوە نێو خەزێنەی حکومەت؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەو داهاتەش دێتە ناو خەزێنەی یەک و دوو، خەزێنەی یەک بەشێکی زۆری خەرجی فەرمانگەکانە، خەزێنەی دووش بەشێکی بۆ خەرجکردنی پارەی پرۆژەکانە. واتە بە یەک خەزێنە کارەکان نەدەکرا بۆیە کرا بە دوو خەزێنە، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو خەزێنەکان لە هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە 16 خەزێنەن، بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە پەیوەستن، هەولێریش لە ڕابردوودا دوو خەزێنەی هەبوو ئێستا یەک خەزێنەی هەیە.

**ڕووداو: حکومەت میلاکێکی زۆری هەیە، تا چەند ساڵی دیکە پێویستی بە دامەزراندن نابێ؟**

**ڕێباز حەملان:** ئەو دامەزراندنەی کە لە ڕابردوودا بە لێشاو و بەبێ بەرنامە و پلان کراوە، هەڵەیەکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئێستا ئاوا نییە کە نەتوانین خەڵک دابمەزرێنین، دامەزراندن بەردەوام دەبێ، بەڵام بەپێی پێویستی و پسپۆڕی و بڕوانامە نەک وەک جاران. بەڵێ میلاکێکی زۆرمان هەیە.

وەزارەتی تەندروستی ساڵانە دامەزراندنی زۆری پێویستە، وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان ساڵانە پێویستیان بە میلاک هەیە. لە هەمووشی گرنگتر مامۆستایانە، بۆیە ناتوانین بڵێین دامەزراندن دەوەستێ، بەڵام بە پلان و پسپۆڕی و پێویستی دەبێت.

**ڕووداو: لە هەندێک فەرمانگە فەرمانبەرێکی زۆر زۆر هەن، لە هەندێک فەرمانگەش فەرمانبەر کەمن، هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکی فەرمانبەران؟**

**ڕێباز حەملان:** بەڵێ دەزگای ڕاژە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکەین، میلاکاتی حکومەت ڕێکدەخەینەوە، فەرمانبەران بەپێی بڕوانامە و پسپۆڕییان بەسەر فەرمانگەکاندا دابەش دەکرێنەوە.

**ڕووداو: دامەزراندن کەی دەستپێدەکاتەوە؟**

**ڕێباز حەملان:** سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران ڕاسپێردراوە، چونکە دەسەڵاتی دامەزراندن لە دەستی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەولەویەتی دامەزراندنیش بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەبێ.

> ### حکومەت بەمنزیکانە قەرزەکانی لە کۆمپانیاکان وەردەگرێتەوە

> ### هەندێک لەو کۆمپانیایانەی قەرزیان وەرگرتووە، فێڵیان لە حکومەت کردووە

> ### ئەو موڵکانەی سەرمایەداران بۆ قەرز لە ڕەهنیان داناوە هەندێکیان وجوودیان نییە

> ### دانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان پێویستی بە 10 ملیار دۆلارە

> ### وەزارەتی کارەبا زۆرترین خەرجیی هەیە و کەمترین داهاتمان بۆ دەگەڕێتەوە

> ### حکومەتی عێراق بەڵێنی داوە هەندێک لە قەرزەکانمان بداتەوە

# تورکیا و رووسیا، عەفرین و کۆبانێ دەگۆڕنەوە؟

رووداو- هەولێر

چوونی سەربازانی رووسیا بۆ ناو عەفرین و داگرتنی ئاڵای تورکیا لەسەر چەند ناوەندێکی گرنگی ئەو شارە، دەنگۆی جیاوازی لەبارەی داهاتووی عەفرین بەدوای خۆیدا هێناوە. بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئەوە سەرەتایەکە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی عەفرین.

تورکیا لە 20ی کانوونی دووەمی 2018 پەلاماری عەفرینی دا و لە 24ی ئاداری هەمانساڵدا داگیری کرد. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی شارەکە ئاوارە بوون کە نزیکەی 350 هەزاریان لە ناوچەی شەهبا (60 کیلۆمەتر دووری سەنتەری عەفرین) نیشتەجێن.

کۆتایی مانگی رابردوو هێزێکی رووسیا چووە نێو عەفرین، رۆژنامەنووس محەمەد بیلۆ کە لە دوای داگیرکردنی عەفرینەوە لە کۆبانێ نیشتەجێیە و لە نزیکەوە چاودێریی رووداوەکانی ناو عەفرین دەکات، یەکەم کەس بوو ئەم هەواڵەی لە ماڵپەڕی (عەفرین پۆست) بڵاوکردەوە.

بیلۆ بە (رووداو)ی گوت: "سەرەتای ئەم مانگە زانیمان هێزێکی سەربازیی رووسی چووەتە نێو بازاڕی شارەدێی جەندرێس لە باشووری عەفرین. دواتریش بەرەو شوێنەواری مێژوویی گردی جەندرێس چووە کە بنکەیەکی سەربازیی تورکیای لێیە".

رۆژنامەوانی عەفرینی نورهات حەسەن، وردەکاریی زیاتری لەلایە و دەڵێت: "دوای ئەوەی پۆلیسی سەربازیی رووسی چوونە ناوەندی عەفرین، لە شارەدێی جەندرێس دەوریەیەکی سەربازی بینراوە و دواتر لە گردی جەندرێس کە شوێنێکی ستراتیژیە راوەستاون. بەر لەوەی هێزەکانی رووسیا بچنە ئەو شوێنە، تورکەکان ئاڵای خۆیان لەسەر ئەو گردە داگرتووە. راوێژکارانی رووس لەگەڵ هاوتا تورکەکانیان لە ناوچەی (شەرا) کۆبوونەتەوە. لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی یاسادانانی پێشووی کانتۆنی عەفرین دانیشتنێکی دیکە لە نێوان رووس و تورکەکان کراوە. لەوێ باس لەو شوێنانە کراوە کە رووسیا هێزەکانی تێدا بڵاودەکاتەوە".

## رووسیا لە عەفرین چی دەگۆڕێت؟

عەفرینییەکان کە ئێستا خەمی سەرەکییان گەڕانەوەیە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هەواڵی چوونی رووسیا بۆ ناو عەفرین بە سەرەتایەکی باش دەزانن و پێیانوایە ئەگەر هێزی رووسی لە عەفرین جێگیر بکرێت، زەمینە بۆ چوونە دەرەوەی گرووپە ئیسلامییەکان و گەڕانەوەی ئەوان ساز دەبێت.

ئەحمەد قتمێ کە رۆژنامەنووسێکی خەڵکی عەفرینە، دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە چوونی رووسیا بۆ ناو عەفرین سەرەتایەکە بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکەی. ناوچەکە بەسەر سێ ناوچەی هەژموونی ئەمریکی، رووسی و تورکیدا دابەش بووە. بۆیە دەرهێنانی عەفرین لە بازنەی هەژموونی تورک رێگە بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکەی خۆش دەکات. وەکو پێشتر نابێت کە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر شارۆچکەکەی بەڕێوەدەبرد، بەڵکو پێشبینی رێککەوتنێک دەکرێت لە نێوان کورد و رووسیا، لەسەر شێوازێکی بەڕێوەبەرایەتی، لەوانەیە بەناوی ئیدارەی لۆکاڵی بێ یان ناوێکی دیکە".

مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە چەند بۆنەیەکدا باسی نزیکبوونەوەی وادەی رزگارکردنی عەفرینی کردووە. هەرە دوایی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئۆزگور پۆلیتیکا) لە 23ی مانگی رابردوو گوتی: "عەفرین بۆ خاوەنە راستەقینەکانی دەگەڕێتەوە".

دەنگۆی چوونی سوپای رووسیا بۆ ناو عەفرین چەند پرسیارێک دەوروژێنێ، گرنگترینیان ئەوەیە: چارەنووسی گرووپە چەکدارەکان و سوپای تورکیا چی دەبێت؟ رۆژنامەنووس محەممەد بیلۆ پێیوایە: "چاوەڕێ دەکرێ تورکیا میلیشیاکان لە عەفرین دەربکات، هێزی پۆلیس کە تورکیا دروستی کردووە لەگەڵ ئەنجوومەنەکان بمێننەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو کە رووسیا و تورکیا لەسەری رێکدەکەون. لەگەڵ ئەوەش دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت زەمینەیان بۆ خۆش دەکرێت تا بگەڕێنەوە. دووریش نییە هێزەکانی رزگارکردنی عەفرین بەشێوەیەکی نادیار بە رێککەوتن لەگەڵ رووسیا بگەڕێنەوە شارەکە".

ئەو رۆژنامەنووسە کوردە پێیوایە تورکیا داگیرکردنی عەفرین بە گەورەترین دەستکەوتی خۆی دادەنێت، چونکە توانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە ریشەوە هەڵکێشێ، بۆیە تاوەکو دڵنیا نەبێت لە نەگەڕانەوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و سەرهەڵنەدانەوەی قەوارەیەکی کوردی، عەفرین جێناهێڵێت.

بەڵام رێزان حەدۆ، شرۆڤەکاری کورد کە پێشتر گوتەبێژی یەپەگە بوو لە عەفرین و ئێستا وازی لە یەپەگە هێناوە، لە بایەخی چوونی رووسیا بۆ عەفرین کەمدەکاتەوە و دەڵێت: "دۆسیەی عەفرین نەهاتووەتە سەر مێز، لانیکەم لەم کاتەدا. چوونی رووسیا بۆ عەفرین و جەندەرێس ئاماژەی دیار هەڵناگرێت بۆ گەڕانەوەی عەفرین بۆ ژێر سەروەریی سووریا و دەرکردنی هێزی داگیرکەری تورک".

لەگەڵ چوونی هێزەکانی رووسیا بۆ عەفرین، دەنگۆی رێککەوتنی رووسیا – تورکیا لەبارەی کۆبانێش لەئارادایە. ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندیی رووسیا، ئێران و تورکیاوە سەیری مەسەلەی عەفرین بکرێ، دەکرێت هەرسێ دەوڵەت رێکبکەون لەسەر ئەوەی تورکیا بەرامبەر بە رێگەدان بە چوونە ناو کۆبانێ، عەفرین جێبهێڵێ.

تا گرووپە جیهادییەکانی سەر بە تورکیا لە عەفرین بن، هێرش بۆ سەر بنکەی رووسەکان لە حمێمیم بەردەوام دەبن. ئێران وجوودی تورکیا و گرووپە جیهادییەکان لە عەفرین بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە سووریا دەزانێ. چونکە عەفرین تەنیا 30 کیلۆمەتر لە هەردوو شارەدێی نوبل و زەهرای شیعەنشینی سەر بە ئەلعەزاز دوورە کە لەژێر هەژموونی ئێرانە. هەروەها رێگای بازرگانیی حەلەب –غازی عەنتاب – وان – ئێران کە داهاتێکی زۆری دەبێت لەکاتی ئاساییبوونەوەی دۆخی سووریا، بەم ناوچەیەدا تێپەڕ دەبێت کە بەشێکی لەژێر دەستی رژێمی سووریا، میلیشیا ئێرانییەکان و حیزبوڵڵای لوبنانیدایە و بەشەکەی دیکەشی لەژێر دەستی هەسەدەیە.

لە ناوەڕاستی 2018 و ئاداری 2019 دا کاتێک رووسیا و تورکیا رێککەوتن لەسەر رێگەدان بە سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکان تا پەلاماری تەل رەفعەت بدەن، میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران رێگر بوون لە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە.

ئێستاش دوای گەیشتنی هێزەکانی سوپای سووریا بە رێگای (M5)، بیانووی مانەوەی تورکیا لە عەفرین لاواز دەبێت. بۆیە ئەگەر سەودایەک لەگەڵ رووس بکات و عەفرین بە کۆبانێ بگۆڕێتەوە، لە دوو سەرەوە قازانج دەکات. یەکەمیان کورد کە بۆ تورکیا ئامانجی سەرەکییە، لاوازتر دەکات لە رۆژهەڵاتی فورات، هەروەها لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا تورکیا دەتوانێ مەزاری سولەیمان شا بگەڕێنێتەوە شوێنی پێشووی لەسەر پردی قەرەقۆزاق، ئەمەش لە ناوخۆی تورکیا پشتگیرییەکی زۆر بۆ رەجەب تەیب ئەردۆغان بەدەستدێنێ.

د.فەرید سەعدون، مامۆستای زانکۆی فورات، سیناریۆی گۆڕینەوەی عەفرین بە کۆبانێ بەدوور دەزانێ و دەڵێت: "حیساب لەسەر عەفرین نەبوو، بەڵام کاتێک رژێم و رووس ئیدلب وەردەگرنەوە، لە سنووری عەفرین نزیک دەبنەوە، بۆیە تورکیا هیچ بیانوویەکی بۆ مانەوە لە عەفرین نامێنێ".

هەروەها دەڵێت: " رووسەکان پێیانگوتم ئەوان ناتوانن رێ لە تورکیا بگرن نەچێتە کۆبانێ. چونکە بەم شێوەیە بێت ئۆپۆزسیۆن لەناودەچێت و پێگەی تورکیاش لە سووریا لاواز دەبێت. ئەمەش لە کاتێکدا هێشتا هەسەدە و یەپەگە کە تورکیا وەکو دوژمن وێنایان دەکات، خاوەن هێزن".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر کۆبانێ بەدوور نازانێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی سووریا و رووسیا پابەند نەبوون بەو رێککەوتنەی لەگەڵ تورکیا کردبوویان کە ئۆپەراسیۆنەکەیان بۆ سەر ئیدلب لە رێگەی M4 تێنەپەڕێ.

بەڵام محەممەد بیلۆ قسەکانی سەعدون رەتدەکاتەوە و دەڵێت: "تورکیا لەوە بچووکترە بتوانێ کارێک بکات رووسیا تووڕە بکات، چونکە ئەوەی لەسەر خاکی سووریا رووداوەکان ئاراستە دەکات رووسیایە".

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی عەفرین و کۆبانێ لە نێوان تورکیا و رووسیادا، رێزان حدۆ دەڵێت: "هیچ رێککەوتنێک لەوبارەیەوە نییە. تورکیا داوای هەریەک لە تەل رەفعەت، منبج، کۆبانێ تا رەقفە دەکات، بەڵام ئەو داواکارییە رووبەڕووی ناڕەزایی ئێران و رووسیا دەبێتەوە.



(فۆتۆ: AFP)

**مامۆستایەکی زانکۆ:**
**رووسەکان پێیانگوتم ناتوانن رێ لە هێرشی تورکیا بۆ سەر کۆبانێ بگرن**

**بەرپرسێکی پێشووی یەپەگە:**
**چوونی رووسەکان بۆ عەفرین مانای دەرچوونی تورکیا نییە لەو شارە**

**بەپێی توێژینەوەیەک:**

# لە باکووری کوردستان تەنیا 40%ی خەڵک بە کوردی قسە دەکەن

رووداو- هەولێر

تا دێت بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا کەمتر دەبێتەوە. چاودێرانی سیاسی دۆخی زمانی کوردی بە "مەترسیدار" وەسف دەکەن و پێیانوایە سیاسەتی کوردیش لە ئاستی مەسەلەی زماندا کەمتەرخەمە. تەنیا ئەو کاتانە بیری دەکەوێتەوە کە خۆی گورزی بەردەکەوێ یان لاواز دەبێ.

بەهۆی سیاسەتی "توانەوەی کورد" کە دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی 100 ساڵی رابردوودا پەیڕەوی کردووە، ئاماری ورد لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی بە کوردی قسە دەکەن، بەردەست نییە، بەڵام شاراوە نییە کە دۆخی زمانی کوردی لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات.

یوکسەل گەنج، بەڕێوەبەری سەنتەری (سۆسیۆ پۆلیتیک) کە تایبەتە بە توێژینەوەی مەیدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە باکووری کوردستان، ئاماژە بە توێژینەوەیەک دەکات کە لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی کردوویانە و دەڵێت: "بەشێکی زۆر کەم لە کورد لە ماڵەکانیاندا زمانی کوردی بەکاردێنن. بەگوێرەی ئەو توێژینەوە مەیدانییەی کردوومانە، لەناو شارەکاندا تەنیا 40 – 45%ی کورد لە ماڵەکانیاندا بە کوردی قسە دەکەن".

بەگوتەی ئەو توێژەرە ژنە، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ناوچەکانی قووڵایی خاکی تورکیا زۆر لەو رێژەیەش کەمترە.

بەڵام ئیسماعیل دوندار کە پسپۆڕی زمانی کوردییە و مامۆستایەکی خانەنشینە، پێیوایە 90%ی نەوەی نوێ بە کوردی قسە ناکەن. لەبارەی هۆکارەکەشی بە (رووداو)ی گوت: "دوو هۆکاری لە پشتە، یەکەمیان نەبوونی پەروەردەی کوردییە و دووەمیشیان نەوەی نوێ هۆشیار نییە و بە پێویستی نازانێ بە کوردی قسە بکات".

هەرچەندە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بە فەرمی لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا دەستپێکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەتی توانەوەی کورد و زمانەکەی بەهەموو شێوەیەک درێژەی هەبووە، بەڵام کۆمەڵگای نەریتخوازی کورد توانی زمانی کوردی تا رۆژی ئەمڕۆ لەسەر پێ بهێڵێتەوە.

سامی تان، سەرۆکی پێشووی پەیمانگەی زمانی کوردی لە ئیستانبوڵ دەڵێت: "زەحمەتی گوزەرانی خەڵک لە شارەکاندا و مەیلی کۆمەڵگا بۆ ژیانێکی باشتر، هەروەها خۆبەدوورگرتن لە کێشە، هۆکار بوون لەوەی حەزی فێربوونی کوردی بەرتەسک ببێتەوە".

ئەو دەڵێت: "بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی منداڵەکانیان فێری کوردی ناکەن، بۆیە تادێت زمانی کوردی لە بەرامبەر تورکی توانای خۆڕاگرتنی نامێنێ. فۆرم و قاڵبی تورکی لەناو کوردیدا جێدەگرێت. زمانێکی دوو ریشەیی دروست دەبێت، ئەمەش رۆژ بە رۆژ لەناو کۆمەڵگادا بە قازانجی زمانی سەردەستە تەواو دەبێت".

ئەگەرچی لە باکووری کوردستان چەندین سازی و وەشانخانە هەن پەرە بە زمانی کوردی دەدەن و پەرتووک بە زمانی کوردی چاپ دەکەن، بەڵام ئەو هەوڵانە نەیانتوانیوە رێ لە رەوتی روو لە توانەوەی زمان بگرن.

عەبدوڵڵا کەسکین، خاوەنی ناوەندی ئاڤێستا بۆ چاپ و پەخشی کوردی لە ئیستانبوڵ دەڵێ: "لە 25 ساڵی رابردوودا بەدەستپێشخەریی تاکەکەسی، هەندێک هەنگاو بۆ پاراستنی زمانی کوردی نراوە، بەڵام ئەمە بەس نییە. زمانی کوردی کە زمانی ملیۆنان کەسە لە باکووری کوردستان، ئێستا نە زمانی خوێندنە نە زمانی بازرگانی".

کەسکین پێیوایە مەسەلەکە تەنیا بەوە پەیوەست نییە کە زمانی کوردی لە کۆڵان و ماڵان بەکار نایەت، بەڵکو رێژەیەکی زۆر کەم لە دایک و باوکان منداڵەکانیان فێری کوردی دەکەن. ئەو دەڵێت کە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، دوای دوو سێ نەوەی دیکە ژمارەی کوردیزانان کەمتر دەبێتەوە و زمانی کوردی بەرەو نەمان دەچێ.

لەم ساڵانەی دواییدا زمانی نووسینی کوردی، پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، ژمارەی خوێنەر و نووسەری کورد زیاتر بوون بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەمە تەنیا بە توێژێک سنووردارە.

سامی تان دەڵێت: "بەشێک لە گەنجان هەوڵدەدەن فێری کوردی ببن، 80%ی ئەوانەی بۆ فێربوونی زمانی کوردی سەردانی دەزگاکانی فێربوونی زمان دەکەن، خوێندکارانی زانکۆن. ئەو کەسانە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا زۆر چالاکن، هەوڵدەدەن ئەو زانستە بکەنە کوردی کە لە زانکۆ فێری دەبن، بۆیە دەبێ پشتگیرییان بکرێت. چونکە ئەوان دەتوانن خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی بکەن".

بەشێک لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخەی زمانی کوردی تێیکەوتووە، لە ئەستۆی سیاسەتوانانی کورددایە. هەرچەندە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان رۆڵی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام لە مەسەلەی دروستکردنی هۆشیاریی زمان و کولتووری کوردیدا سەرکەوتوو نەبوو. بۆ ئەم بزووتنەوەیە، مەسەلەی زمان مەسەلەیەکی سەرەکی نەبووە، پێیانوابووە دوای پرۆسەی رزگارکردنی کوردستان دەکرێت خراپکردنی زمانی کوردی رابگیرێت و بگەڕێتەوە سەر رێچکەی سروشتیی خۆی.

عەبدوڵڵا کەسکین یەکێکە لەوانەی رەخنە لەم سیاسەتە سەبارەت بە پرسی زمان دەگرێت و پێیوایە: "بزووتنەوەی کوردی بۆ مەسەلەی زمان شتێکی ئەوتۆی نەکردووە. کاتێک سیاسەتی کوردی گورزی بەردەکەوێت یان لاواز دەبێت، دەست بە خەباتی زمان و کولتووری دەکات. خەبات بۆ زمان لەو کاتە دەکرێت کە لە لوتکەی بەهێزیدای. بە داخەوە 20 ساڵە شتێکی بەرچاویان بۆ زمان نەکردووە. بە کورتی سیاسەتی کوردی لەگەڵ زمان و کولتووری کوردیدا راستگۆ نین".

سامی تانیش دەڵێت: "پێویستە سیاسەتی کوردی لە مەسەلەی زماندا پێشەنگ بێ. کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێزێکی دینامیکە، لە بواری کارکردن بۆ ئازادی و دیموکراسی چالاکن. بەڵام هۆشیاریی نەتەوەیی هێشتا کەمە. پێش هەموو شتێک پێویستە ئێمە کولتوور، زمان و ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزین و برەوی پێبدەین. ئەمەش بە خەباتێکی بەرفراوانی جەماوەری بەڕێوەدەچێت. بە چەند سازییەکی رۆشنبیری و دەستپێشخەریی کەسان بەڕێوەناچێت.

رەخنەش لە هەندێک سیاسەتوانی کورد دەگرێ و دەڵێت: "بەداخەوە بەشێک لە سیاسەتوانان زمان وەک مەسەلەیەکی گرنگ وەسف دەکەن، بەڵام منداڵەکانی خۆیان بە کوردی پەروەردە ناکەن".



کۆنفرانسی رۆژنامەوانی پلاتفۆڕمی زمانی کوردی لە رۆژی جیهانی زماندا

**مامۆستایەکی پسپۆڕی زمانی کوردی:**
**90%ی نەوەی نوێ بە کوردی قسە ناکەن**

**خاوەنی وەشانخانەی ئاڤێستا:**
**بزووتنەوەی کوردی لە باکوور بۆ مەسەلەی زمان شتێکی ئەوتۆی نەکردووە**

## دارای حاجی برایمی چەرمەگا بۆ (رووداو):

# یەکێتی بە چەکی ئێمە دەستی بە شۆڕش کردەوە



(فۆتۆ: رووداو)

کوڕی کەسایەتییەکی ناسراوی سنووری پارێزگای سلێمانییە، ئەویش حاجی برایمی چەرمەگایە کە سەرۆکی عەشیرەتی عوزێری بوو. دارای حاجی برایم، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان هەیە، چ ئێستا و چ لە رابردووشدا. لە بەرنامەی پەنجەمۆردا شایەتی لەسەر چەندین رووداوی مێژوویی دەدات کە زۆربەیان پەیوەندییان بە بنەماڵەی ئەوان و شۆڕشەوە هەیە. هەروەها باسی پەیوەندیی بنەماڵەکەیان لەگەڵ رژێمی پێشووی بەعس دەکات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**رووداو - سلێمانی**

> باوکم 500 دیناری دایە عەزیز عەقراوی بۆ ئەوەی مەخفەرەکەی تەسلیم بکات

## بەشی یەکەم

**رووداو: بنەماڵەی ئێوە (چەرمەگا) بەریەرەکانێی عوسمانییەکانتان کردووە، تەنانەت باجیشیان نەداوە. ئێوە لە شۆڕشی شێخ مەحموودا رۆڵتان چی بووە؟**

**دارای حاجی برایم:** لە سەردەمی شێخ مەحموود عەشیرەتەکەی ئێمە (عوزێری) کە چوار بەرەبابین، هەموویان لەگەڵ شێخ مەحموود بوون. عەلی باپیر ئاغا یەکێک بووە لەوانەی کە نوێنەری شێخ مەحموود بووە بۆ لای شای ئێران، باپیری منە (باوکی دایکم). مامە تالەمان هەبووە کە یەکێکە لە شۆڕشگێڕەکان. عەلی بەگ و حوسێن بەگ و مەجید بەگ لە شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە سێییەکاندا شەهید بوون. ئێستا خاڵە شەریفمان هەیە کە باپیرەی لەگەڵ هەشت کەسی دیکە لە شوعەیبە شەهید بوون.

**رووداو: سەرۆک عەشیرەتەکان بە تایبەتی ئەگەر باسی باوکت بکەین، حاجی برایمی چەرمەگا، پەیوەندی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا هەبوو؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر پەیوەندییان نەبووە. مامۆستا کەریم زەند بە رەحمەت بێ بۆی گێڕامەوە کە لە بەغدا باوکم لە کۆلێژی ماف خوێندوویەتی، لە شەقامی رەشید بە جلی کوردییەوە گەڕاوە، لەوێ هەندێک کەس پێیانگوتووە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێین عەریزەیەکمان بۆ بنووسێ بۆ عەبدولکەریم قاسم، عەریزەیەک سەبارەت بە چاکسازیی کشتوکاڵی. ئەویش پێیگوتبوون ئێوە جەنابی مەلا مستەفاتان بینیوە لە خۆتانەوە شتی وا دەکەن؟ ئەوانیش گوتبوویان نەخێر. گوتبووی باشە من مەوعیدێکتان بۆ دادەنێم. ئەوکات ماڵی مەلا مستەفا لە وەزیرییە بووە. لەوێ دەچنە خزمەت مەلا مستەفا. کێشەکەی خۆیان باس دەکەن. ئەویش گوتبووی ئەگەر عەبدولکەریم قاسم داواکارییەکەی جێبەجێ نەکردن چی دەکەن؟ حاجی برایمیش گوتبووی چەک هەڵدەگرین. مەلا مستەفا پێیگوتبوون ئێوە چەک هەڵبگرن، منیش پشتیوانتان دەبم.

**رووداو: ئەوەی کە ئەوان خەڵکیان هانداوە مەسەلەی دژایەتیکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی بووە یان مەسەلەی کوردایەتی؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر پەیوەندی بە کوردایەتییەوە نەبووە، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان بووە، چونکە هەرچی موڵک هەیە لێیان بسەننەوە، ئەو دەسەڵاتەیان نامێنێ. حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایل و عەباس ئاغای سەرکەپکان و شێخ تەیفوور، ئەوانە پەلاماری حکومەتیان دا. ئەو شەڕە دروست بوو کە پێیاندەگوت شەڕی دەربەندی بازیان. ئەوکات پێشمەرگە و شتی وا نەبوو کە پێیاندەگوتن کۆمەڵە. دواتر حیزب سەرهەڵدەدات، مەلا ناسیح لەلای ئێمە بەرپرسی حیزبی بوو. باوکم و کۆمەڵێک چوون بوون بە پێشمەرگە. دوایی هاتن تەشکیلەی پێشمەرگەیان دانا. عەشیرەتی ئێمە بەرەبابێکیان بوون بە پێشمەرگە.

**رووداو: پێش ئەوەی مەلا مستەفا بگەڕێتەوە، مام جەلال و برایم ئەحمەد و خەڵکی دیکەش خەریکی کاری حیزبی بوون، باوکت هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوان هەبووە؟**

**دارای حاجی برایم:** من ئەو زانیارییەم نییە، بەڵام خەڵکی حیزبیمان هەبووە. هەندێکیان شیوعی بوون و هەندێکیشیان پارتی بوون.

**رووداو: بەو حیسابە بێ دەبێ شیوعییەکان بەرگرییان لە جووتیارەکان کردبێ؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ بێگومان. هەتا ئەوکات دروشمێک هەبوو: فەلاح عەرزی خۆیەتی، ئاغا باوکەڕۆیەتی.

**رووداو: دەڵێن باوکت لە ناوچەی دەربەندی بازیان رۆڵێکی گرنگی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا بینیوە؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ وایە، باوکم کاتی خۆی چووە بۆ پێنجوێن بۆ لای شێخەکانی نزارە و چوێسە. چووە بۆ نێو خزمانی جاف. بە پەنجا ئۆتۆمبێل خۆی کردووە بە سلێمانیدا و چووە دەربەندی بازیانی گرتووە. من منداڵ بووم مامۆستایەکم هەبوو بەناوی مامۆستا وەلی، کەرکووکی بوو. ئۆتۆمبێلێکی پێبوو، هەموو رۆژێک دەهات بە شوێن مندا. مریشکێکیان بۆ باوکم سوور دەکردەوە بۆمان دەبرد بۆ دەربەندی بازیان. خەڵک و چەکدارم دەبینی لە چواردەوری باوکم بوون.

> پەیوەندیی نێوان جەلالییەکان و بەعس لەرێی باوکمەوە دروست بوو

**رووداو: لە دەربەندی بازیان تێکدەشکێن یان پاشەکشە دەکەن؟**

**دارای حاجی برایم:** بەرگەی ئەو گوشارە ناگرن کە لەسەریان بوو. چونکە لە شیوەسوور مەجید رۆستەم و چەند خزمێک شەڕێکی گەورە دەکەن و دەشکێن. ئیدی بە تۆپ و تەیارە دەربەندی بازیان بۆردومان دەکرێ. یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلولیش هەر لەوێ بوو کە برایەکی کوێخا سمایلی تەلان بوو. لە شیوەسووریش یەکێکی دیکە شەهید دەبێ. برینداریشیان دەبێ. ئەو کۆمەڵەیە بۆ ماوەیەک دەمێننەوە، دوایی حیزب دەست بە تەنزیمکردنیان دەکات. یەکەم شەڕ کە لە رێگەی دووکان کراوە، مەجید رۆستەم و رەشە قالە کردوویانە، خزمانی قەرەویسی کردوویانە. بۆ یەکەمجار ئەوان لە ئۆتۆمبێلی پۆلیس دەدەن. ئەوکات پێیاندەگوتن موسەلەحەی پۆلیس.

**رووداو: حاجی برایم هیچ کات حیزبایەتی کردووە؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر. بەڵام وەکو ئەوەی ئیمانی بە پارتی بووبێ، ئیمانی پێی هەبووە، هەتا بارزانیی زۆر خۆشویستووە و کوڕێکی بەناوی ئەو کردووە. لەنێو شۆڕشدا بووە و ئەندامی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە.

**رووداو: زۆرجار دەگوترێ شۆڕش زوو دەستیپێکرد، تەنانەت کاک مەسعوودیش لە پەرتووکەکەی خۆیدا باسی دەکات، کەواتە هەر ئەو خەباتە چەکدارییە بوو کە پارتی دەستی بەسەردا گرت و ناوی نا شۆڕش؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ وابوو. من ناوی مەلا ناسیحم هێنا. ئەو کادیرێک بوو لەو ناوچەیە هەموو شتەکانی گرتبووە ئەستۆی خۆی.

**رووداو: ساڵی 1964 کۆبوونەوەیەکی گەورە بە عەشیرەتەکان دەکرێ، مەلا مستەفاش بەشداری دەکات. لەسەر ئەوە چی دەزانی؟**

**دارای حاجی برایم:** ئەو کۆبوونەوەیە لە رانیە بوو لە ماڵی شێخ حوسێنی بۆسکێن. لە سەرەوە شوێنیان بۆ مەلا مستەفا دانابوو، بەڵام ئەو لە خوارەوە دادەنیشێ. لەوێ قسە دەکات و دەڵێ ئێمە خەریکی دانوستاندنین لەگەڵ حکومەت، بەڵام ئێوە خەریکن تێکیدەدەن. ئەوەی رۆڵە خراپەکەی بینی عەزیز عەقراوی بوو. کاک مەسعوود خۆی بۆی باسکردم گوتی دارا من ئەوکات کاتبی مەلا مستەفا بووم. کە هاتینە دەرێ پێیگوتم مەسعوود باوەڕت بە کەسیان نەبێ، جگە لە حاجی برایمی چەرمەگا. چونکە کە گوتی شتێک دەکەم دەیکات، کە گوتی نایکەم نایکات.

> باوکم قەت نەبوو بە جەلالی

**رووداو: ئەگەر باسی ناکۆکییەکانی نێو پارتی بکەین (باڵی جەلالی و مەلایی)، ئەوەش وابزانم هەر لە ناوچەی ئێوە سەریهەڵدا؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ وایە. خۆی ئەوە جیابوونەوەیەکی بە ئەدەبانە بوو. مەکتەبی سیاسی باوەڕی بە شتەکانی مەلا مستەفا نەبوو، ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مەلا مستەفا عەشایەرە و لە کەس ناپرسێتەوە. هەرچییەک دەکات بۆ خۆی دەیکات و مەلا مستەفا کوردستانی بە مۆز و پرتەقاڵ فرۆشت. حاجی برایم چووە خزمەت مەلا مستەفا و جەنابی مام جەلال و ئەو مەکتەب سیاسییەی ئەوان باسیان دەکرد، بۆ ئەوەی رێکیانبخات. باپیرە حەسەنیشی لەگەڵ بووە کە پیاوێکی دانا بووە. بەڵام نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک، باوکم گەڕاوەتەوە.

**رووداو: ئەگەر زانیاریت هەبێ حاجی برایم لەگەڵ جەماعەتی مام جەلال لە هەمەدان بوو، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ جەماعەتی مەلا مستەفا هەبوو؟**

**دارای حاجی برایم:** من ئەوە نازانم، بەڵام ئەوە دەڵێم کە مام جەلال پیاوێکی سیاسی بوو. بە تۆی دەگوت خۆشمدەوێی، بە ئەوی دەگوت خۆشمدەوێی، بە یەکێکی دیکەی دەگوت تۆ پێشمەرگەیەکی چاکی. ئەمە کاری کردبووە سەر حاجی برایم. دانیشتنی حاجی برایم و هاتنەوەی بۆ لای حکومەت هەر ئەو مەسەلەیە بوو. ویستیان لە زێوێ بیگرن.

> عەزیز عەقراوی هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی باوکم و مەلا مستەفا بوو

**رووداو: کێ ویستی بیگرێ؟**

**دارای حاجی برایم:** عەزیز عەقراوی، چونکە خەباسەتی عەزیز عەقراوی بوو کە وایکرد مەلا مستەفا لە باوکم عاجز بێ.

**رووداو: عەزیز عەقراوی بۆچی وایدەکرد؟**

**دارای حاجی برایم:** عەزیز عەقراوی مەخفەری هەبووە، کاتی خۆی باوکم 500 دیناری داوەتێ بۆ ئەوەی مەخفەرەکە تەسلیم بکات. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە عەزیز عەقراوی ببێتە پیاوێکی گەورە. ئەو ویستوویەتی ئەو لەکەیە بسڕێتەوە. عەزیز عەقراوی بروسکەیەکی بۆ پێشمەرگەکان کردبوو کە ئەگەر حاجی برایم هات بیکوژن. یان بیگرن تا خۆم دێم. ئیدی ئەوە بوو باوکمیان گرت. خزمانی خۆمان لە زێوێ هێنایانەوە بۆ ئێرە.

**رووداو: ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای حکومەت؟**

**دارای حاجی برایم:** حکومەت دەیویست ئەو تەفرەقەیە هەبێ، بەڵام باوکم نەیدەویست بە کەسێکی دژە کورد بناسرێ، رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەت کرد، گوتی من لە ناوچەکەی خۆم دادەنیشم و چەک هەڵدەگرم و پارێزگاری لە ناوچەکەی خۆم دەکەم، بەڵام راوە پێشمەرگەتان بۆ ناکەم. ئیدی ئەو ناوچەیە هەر لە چەمچەماڵەوە هەتا عەربەت و دووکان بەهۆی باوکمەوە حەسایەوە.

**رووداو: دوای ئەوەی جەماعەتی مام جەلال دەگەڕێنەوە بۆ دۆڵەڕەقە. شێوە رێککەوتنێک دەبێ لەگەڵ باڵی مەلاییەکان، بەڵام دوای ماوەیەک پەیوەندی بە حکومەتەوە دەکەن. باس لەوە دەکرێ باوکت رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە؟**

**دارای حاجی برایم:** ئەوەی من زانیاریم هەبێ، پەیوەندییەکە عەباس ئاغای سەرکەپکان دروستی کرد لەگەڵ باوکم. هەتا پێیگوتبوون من ئێوەم بۆ بەخێو ناکرێ، چونکە پارتی لێرە دەسەڵاتدارە و قسەیەکیش هەیە رەنگە بتانکوژن. بۆیە خۆتان بگەیەننە لای حاجی برایم. ئیدی هاتن بۆ ئێرە. پەیوەندییان بە باوکمەوە کرد. مام مەجیدیشم رەفیقی مام جەلال بوو، کە زانییان پارتی بەنیازە بیانکوژێ ئیدی مام مەجید و عەبدوڵڵای مەلا ساڵح چوونە پاڵیان، ئیدی باوکم ناچار بوو هێنانی بۆ ئێرە. ماوەیەک لێرەی دانان. ئەو پەیوەندی بە حکومەتەوە کرد کە ئەوانە دێنەوە. ئەوکات پیاوێکی عەرەب هەبوو جەلیل ئەحمەدیان پێدەگوت. لە خۆشەویستی باوکم ناوی لە خۆی نابوو جەلیل چەرمەگا. راوێژکاری عەبدولڕەحمان عارف بوو. من ئەوکات قوتابی بووم لە سلێمانی، کە گەڕامەوە و چوومە ژوورەوە بینیم چەند پیاوێک دانیشتبوون. مام جەلالم ناسی، چونکە ساڵی 1963 مام جەلالم بینیبوو. دوایی گوتیان باوکت ئەوانی بردووە بۆ بەغدا.

**رووداو: حاجی برایم بوو بە جەلالی؟**

**دارای حاجی برایم:** نەخێر لە ژیانیدا نەبوو بە جەلالی.

**رووداو: ساڵی 1970 کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت دەستپێدەکات، زۆر خەڵک بە باڵی جەلالییەکانیشەوە دەچنەوە پاڵ شۆڕش، بۆچی حاجی برایم نەچووەوە پاڵ شۆڕش؟**

**دارای حاجی برایم:** کاتی خۆی کە بەیاننامەی 11ی ئادار خوێندرایەوە، حکومەتی عێراق داوای کۆمەڵێک کەسی کرد کە بیانبات بۆ بەغدا. محێ هەرکی بوو، باوکم، وابزانم لە سوورچییەکانیش یەکێکی تێدابوو، لەگەڵ لەتیف زێباری. من لەبیرم دێت عەلی کەمال، کەریم قەرەنی و جەنابی شێخ لەتیف و کابرایەکی بارزانیشیان لەگەڵ بوو وابزانم خاڵۆزا یان پوورزای مەلا مستەفا بوو، هاتن بۆ لای باوکم و داوایان لێکرد بچێت بۆ لای مەلا مستەفا. ئەویش گوتی هەتا مەلا مستەفا دەسەڵاتی هەبێ و من دەسەڵاتم هەبێ، ملمان بەیەک ناوە. من مەلا مستەفا دەخەمە سەر سەرم، بەڵام تەکلیفی گەڕانەوەم لێ مەکەن. نامەوێ بیبینم چونکە ئەگەر بیبینم هەندێک شت بیری هەردوولامان دەکەوێتەوە، وەکو شتێکی نەفسیش پێمخۆش نییە بیێم.

> عەزیز عەقراوی بروسکەی بۆ پێشمەرگە کردبوو کە باوکم بکوژن

> بۆ ئیغتیالاتی سلێمانی دوو دەمانچەی چواردەخۆرم بۆ برادەرانی کۆمەڵە کڕی

> باوکم و سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان چەکیان هەڵگرت نەک کوردایەتی

**رووداو: دوای کۆچی دوایی باوکیشت پەیوەندی ئێوە لەگەڵ حکومەت بەردەوام دەبێ، بە چ سیفەتێک بەردەوام بوو؟**

**دارای حاجی برایم:** پەیوەندییەکە شەخسی بوو. ساڵی 1970 من لە بەغدا بووم. سەعدوون غێدان وەزیری ناوخۆ بوو. سەدام حوسێن، جێگری سەرۆک کۆمار بوو. محەممەد دەبدەب، بەرپرسی قوتابیان بوو، پەیوەندی شەخسیمان لەگەڵیان هەبوو. ئەوان رێزی حاجی برایمیان دەگرت، دواتریش رێزی کوڕ و کەسوکارەکەیان دەگرت.

**رووداو: یەکەمجار کەی سەدامت بینی، چۆنت بینی؟**

**دارای حاجی برایم:** من لە ساڵی 1967 بینیم، کابرایەک هەبوو ناوی کەریم حەمدانی، ئەفسەری ئیستخبارات بوو لە سلێمانی، کاک ئەحمەدی کەریم مەجیدیش خوا لێی خۆشبێ، زۆر پیاوانە بوو. ئەوانە پەیوەندییان لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکردا هەبوو. کەریم حەمدانی بەعسی بوو، کاک ئەحمەدیش زۆر رەفیقی سەرکردەکانی بەعس بوو. رۆژێک جەنابی حاجی برایم گوتی دارا ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئەحمەد بێنە، هەندێک تووتن و هەنگوین و گوێزی تێدابوو، چووین بۆ ناوچەیەک پێیاندەگوت 14ی تەمموز لەبەردەم ماڵێک رامانگرت. منیش شتەکانم لە پشتی ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و بردم بۆ حەوشەی ماڵەکە. جلی کوردیم لەبەر بوو، دوو کوڕی گەنج هاتن گوتیان چ دەکەی لێرە؟ گوتم باوکم لێرەیە. گوتیان کوڕی کێی؟ گوتم کوڕی حاجی دارا، گوتیان ئەها مام حاجی. دوایی باوکم گوتی لەلای کەس باسی مەکە چووین بۆ کوێ.

دوای 17ی تەمموز دەعوەتی باوکمیان کرد لە بەغدا، ئێمەش چووین بۆ کۆشکی کۆماری. من لە دەرەوە لەژێر سێبەری دارێک وەستابووم. مارسیدسێکی رەش رەتبوو و گەڕایەوە. کەسێک بانگی کردم و گوتی وەرە بچین نان بخۆین. گوتم نایەم. کە هاتنە دەرەوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری شۆڤرلێتی 68یان هێنا. منیان بانگ کرد و گوتیان ئەوە سویچەکەی دیارییە بۆ مام حاجی. ئەو کەسە پێیگوتمەوە: ئەوە بۆ نەهاتی نانمان لەگەڵ بخۆی؟ کە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین باوکم گوتی: ئەوە تۆ سەدام چۆن دەناسی؟ گوتم سەدام کێیە؟ گوتی ئەو کەسەی بە تۆی گوت بۆ نەهاتی نان بخۆی؟ گوتم بەخوا باوکە نایناسم. کاتی خۆی سەعدوون غێدان لێرە عەسکەر بوو، بەرپرسی کەتیبەی دەبابەی فەوجێک بوو، باوکم گواستییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. پەیوەندییەکە لەمەوە دروست بوو.

**رووداو: پەیوەندی تۆ لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران چۆن بوو؟**

**دارای حاجی برایم:** کورد هەر کوردە جا لەگەڵ حکومەت بێ یان شۆڕش، دوای نسکۆی شۆڕش، دروستبوونەوەی شۆڕش وەکو ئەوە بوو گیانێکی دیکەمان بەبەردا بکەنەوە. مامۆستا عوسمان هەبوو ناسیاوی خۆمان بوو، چووە دەرەوە و بوو بە کۆمەڵە. جارێک گەڕایەوە و هات بۆ لای من. باسی کۆمەڵەی بۆ کردم، ئیدی بووم بە کۆمەڵە، ناوم هاوڕێ جەبار بوو، ژمارەکەشم 56 بوو. پەیوەندییەکی بەرفراوانم لەگەڵیان هەبوو. لەگەڵ کاک ئارام و کاک بەختیار و کاک سالار و کاک نەوشیروان و مولازم عومەر و قادری حاجی عەلی. ئەوانە وەکو هاوڕێم نەبوون، بەڵام حەزم دەکرد یارمەتییان بدەم. بۆ ئیغتیالاتی سلێمانی دوو دەمانچەی چواردەخۆرم بۆ کڕین.

> سەدامم لە ساڵی 1967 ناسی

**رووداو: پەیوەندی تۆ و کاک ئارام چۆن بوو؟**

**دارای حاجی برایم:** من نەمبینیوە، لەگەڵ عەلی ئامەخان و چەند کەسێکی دیکە هاتبوون بۆ ئەو ناوچەیە، چەکیان پێنەبوو. چەند کلاشینکۆفێکم بۆ ناردن.

**رووداو: جگە لە چەک، کاریشت لەگەڵ دەکردن، یان پەیوەندیی شەخسیت لەگەڵیان هەبوو؟**

**دارای حاجی برایم:** پەیوەندییەکە زۆرتر شەخسی بوو. ئەندامی کۆمەڵە بووم، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەم نەدەکرد، بەڵکو کە دەهاتن داوای یارمەتییان دەکرد بۆم دابین دەکردن.

**رووداو: کەواتە یەکێتی بە چەکی ئێوە دەستی بە شۆڕش کردەوە؟**

**دارای حاجی برایم:** بەڵێ یەکێتی بە چەکی ئێمە دەستی بە شۆڕش کرد، بەڵام ئایا کام یەکێتی! ئەم یەکێتییەی ئێستا! نەخێر. ئەو یەکێتییەی کە هەموومان قوربانیمان بۆی دا.

> حاجی برایمی چەرمەگا رێککەوتنی لەگەڵ حکومەت هەبوو کە راوە پێشمەرگەی پێ نەکەن

## وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانی بەشداری پێشەنگایەکی نێودەوڵەتیدا بکات



**ڕووداو- هەولێر**

بەشدارینەکردنی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان لە پێشانگەیەکی جیهانیی میوە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، دەبێتە جێگەی نیگەرانیی ڕێکخەرانی پێشانگەکە و لە نامەیەکدا بۆ وەزارتی کشتوکاڵ دەڵێن "شوێنەکەتان بە بەتاڵی زۆر ناشیرین بوو".

بڕیاربوو لە ڕۆژانی حەوت بۆ نۆی ئەم مانگە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بەشداریی پێشانگەیەکی جیهانیی میوە بکات. حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هۆکاری بەشدارینەکردنیان لەو پێشانگەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران درەنگ ڕەزامەندییان دەبڕیوە بودجەیان بۆ دابین بکەن.

# هەولێر لە نەجەفەوە سەوزەی بۆ دێت



لەکۆی 23 هەزار خانووی پلاستیکی تەنیا لە 3200 خانوودا سەوزە دەچێنرێت (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرپەشتیاری نووسینگەی فرۆشتی سەوزە گەڵاییەکان لە هەولێر دەڵێت خواستێکی زۆر لەسەر سەوزە هەیە، ڕۆژانە زیاتر لە 250 هەزار دەسکە سەوزە دەفرۆشرێ. لەم وەرزەشدا ڕۆژانە زیاتر لە 2000 سندوق سەوزە لە نەجەفەوە هاوردەی هەولێر دەکرێ.

لە تشرینی دووەم تاوەکو مانگی شوبات پلەی گەرما لە هەرێمی کوردستان دادەبەزێ، سەوزە گەڵاییەکان لە شوێنی کراوەدا بەرگەی سەرما ناگرن، بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی بازاڕ ماوەی چەند ساڵێکە بەشێک لە جووتیاران سەوزەی وەک کەرەوز، تەڕەتیزە، مەعدەنووس، جەرجیر، سپێناخ و هەندێ سەوزەی گەڵایی دیکە لەژێر خانووی پلاستیکی دەچێنن، بەڵام نەیانتوانیوە پێداویستی ناوخۆ پڕ بکەنەوە، بۆیە ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار دەسک سەوزەی وەک کەرەوز، شبیت و مەعدەنووس و کەوەر لە نەجەفەوە دێت کە بایی نزیکەی 13.5 ملیۆن دینار دەبێ.

بەختیار کاکە عەولا، سەرپەشتیاری نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی سەوزە گەڵاییەکان بە (ڕووداو)ی گوت: "لەشاری هەولێر خواستێکی زۆر لەسەر خواردنی سەوزە گەڵاییەکان هەیە، ڕۆژانە 4 تاوەکو 5 هەزار سندوق کە دەکاتە نزیکەی 250 هەزار دەسک، کەرەوز، تەڕەتیزە، مەعدەنووس، جەرجیر، سپێناخ، کەوەر، سڵق و توور لە هەولێر دەفرۆشرێت".

بەڵام هەموو ئەو سەوزەیە لەو وەرزەدا لە شاری هەولێر بەرهەم نایەت، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ پەنا بۆ سەوزەی هاوردەکراو دەبرێ. بەختیار دەڵێ: "زیاتر لە 2000 سندوق سەوزە کە دەکاتە نزیکەی 100 هەزار دەسک لە نەجەفەوە دەهێنرێت".

بەپێی خواست و خستنەڕوو ڕۆژانە نرخی سەوزە دەگۆڕێت، ساڵی ڕابردوو لەم وەرزەدا 100 دەسک سەوزە بە 30- 35 هەزار دینار بوو، بەڵام ئەمساڵ نیوەی ئەم نرخە دەکات.

> **سەرپەشتیاری نووسینگەی فرۆشتی سەوزە گەڵاییەکان لە هەولێر:**
>
> **یەک ڕۆژ سەوزە لە نەجەفەوە نەیەت نرخەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە**

بەختیار کاکە عەولا دەڵێت: "ئەمساڵ زیاتر لە ساڵی ڕابردوو لە ژێر خانووە پلاستیکییەکانی هەولێر و سلێمانی سەوزە چێنراوە، بۆیە ئەمساڵ نرخی 100 دەسک سەوزە لە هەولێر لە 15 هەزار تێنەپەڕیوە و لە 12 هەزاریش دانەبەزیوە".

بەختیار عەولا دەڵێت سەوزەی نەجەف هاوسەنگیی نرخی سەوزەی لە هەولێر ڕاگرتووە، ئەگەر یەک ڕۆژ سەوزە لە نەجەفەوە نەیەت، نرخەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە. چونکە سەوزەی خۆماڵی بەشی خواستی بازاڕ ناکات.

هاوردەکردنی سەوزەی نەجەف بۆ هەولێر ئەمساڵ لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمەوە دەستیپێکردووە و پێشبینی دەکرێت تا سەرەتای مانگی ئادار بەردەوام بێت، بەو پێوەرە بێت هەولێر ڕۆژانە بەتێکڕا بایی 13 ملیۆن و 500 هەزار دینار سەوزەی لە نەجەف کڕیوە، کۆی پارەی دوو مانگیش دەکاتە 810 ملیۆن دینار. ئەمە لەکاتێکدایە خانووە پلاستیکییەکان دەتوانن بەشی ناوخۆ سەوزە بەرهەم بێنن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو 23 هەزار و 388 خانووی پلاستیکی لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام تەنیا نزیکەی 3200 خانوویان لەم وەرزەدا سەوزەیان لێ چێنراوە.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری پرۆژەی خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەڵێت: "پێشتر زۆربەی خانووە پلاستیکییەکان لە وەرزی زستان بە بەتاڵی دەمانەوە، دواتر بە ڕێنمایی ئێمە بەشێکیان دەستیان بە چاندنی بۆرکلی و کەلەرم و قەرنابیت و هەندێ بەرهەمی دیکە کرد، ماوەی چەند ساڵێکیشە ژمارەیەک جووتیار لەم وەرزەدا سەوزە گەڵاییەکانی وەک کەرەوز، مەعدەنووس، تەڕەتیزە و جەرجیر دەچێنن".

ئەگەرچی چاندنی سەوزە تێچووی کەمە، سەوزەش بەردەوام لە بازاڕ خواستی لەسەرە، بەڵام جووتیاران لە وەرزی زستاندا نایچێنن. کەمال محەممەد دەڵێت: "لەبەر ئەوەی زۆربەی جووتیاران دەیانەوێت دوو وەرزە خەیار و بیبەر و هەندێ بەرهەمی دیکە بچێنن، بۆیە فریای ئەوە ناکەون سەوزە بچێنن".

لە پارێزگای هەولێر 2.877 خانووی پلاستیکی هەن، بەرهەمی ساڵی ڕابردووی سەوزە گەڵاییەکانی ئەم خانووانە نزیکەی 200 هەزار سندوق بووە، بەشی زۆری ئەم بەرهەمەش هی پرۆژەی سوفی گرین هاوس بووە کە خاوەنی 590 خانووی پلاستیکییە.

گۆڤەند ئیبراهیم سۆفی، بەڕێوەبەری دارایی گروپی کۆمپانیاکانی سۆفی و سەرپەرشتیاری پرۆژەی سۆفی گرین هاوس بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی بوونی خواست لەسەر سەوزە لەم وەرزەدا، تەواوی خانووەکانمان بە سەوزە گەڵاییەکان چاندووە، ڕۆژانە نزیکەی 1300 سندوق سەوزە دەخەینە بازاڕەوە".

گۆڤەند سۆفی دەڵێت لە فرۆشتنی سەوزە بەو نرخەی ئێستا زەرەر ناکەن، بەڵام قازانجیشی زۆر نییە، هۆکارەکەشی بۆ زۆری تێچووی چاندن دەگەڕێنێتەوە، بە تایبەتی گرانیی کرێی کرێکار و خەرجیی ساڵانەی نوێکردنەوەی نایلۆنی خانووەکان.

### سەوزەی سلێمانی هەرزانە

فاروق ساڵح سەلیم، جووتیارێکی ناوچەی بازیانی پارێزگای سلێمانییە، ماوەی پێنج ساڵە سەوزە دەچێنێ. ڕۆژانە 60 تاوەکو 70 سندوق سەوزەی خانووە پلاستیکییەکانی لە سلێمانی دەفرۆشێت.

فاروق دەڵێت: "بەهۆی زۆریی بەرهەمی سەوزە لە سلێمانی، ئەمساڵ لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە نرخی 100 دەسک سەوزە لە نۆ هەزار دینار تێنەپەڕیوە، بەڵام لە هەولێر 12 تاوەکو 14 هەزار دەکات، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک سەوزە نەبێت، ئامادەن بە 50 هەزار دینار بیکڕن، بەڵام لە سلێمانی ئەو پارەیە ناکات".

بە گوتەی فاروق، تێچووی چاندنی سەوزە لە خانوویەکی پلاستیکی لە وەرزی زستاندا نزیکەی 500 هەزار دینارە کە 300 هەزار دیناری بۆ کرێی خانووە پلاستیکییەکەیە، 50 هەزار کڕینی تۆوەکەیە و 150 هەزار دیناریش خەرجی پەیین و کرێکار و بە بازاڕکردنی بەرهەمەکەیە، بۆیە لە فرۆشتنی سەوزە بەو نرخە زەرەر ناکەن ، بەڵام قازانجی زۆر نییە.

فاروق گوتی: "ساڵی ڕابردوو بازاڕی سەوزە زۆر باش بوو، بۆ نموونە بازرگانان دەهاتن لەناو کێڵگە 100 دەسک جەرجیریان بە 20 هەزار دەکڕی، ئێستا 9 هەزار دینار دەکات".

زۆرترین خانووی پلاستیکی لە پارێزگای سلێمانییە کە بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر لە 16 هەزار خانووی پلاستیکی لەو پارێزگایەدا هەن.

سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی لە پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: "لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئەمساڵ نزیکەی 2000 خانووی پلاستیکی بە سەوزە چێنراون، بەڵام گرفتی سەرەکیمان بە بازاڕکردنە، چونکە لێرە وەبەرهێنی وەکو نەجەفی تێدا نییە کە ڕۆژانە بەرهەمەکە کۆبکاتەوە و هەناردەی عەلوەی پارێزگاکانی دیکەی بکات".

بە گوتەی دکتۆر هەورامان، کۆمەڵێک بازرگان هەن کە 100 دەسک سەوزە بە هەشت هەزار دینار لە جووتیارانی سلێمانی دەکڕنەوە و لە هەولێر و دهۆک بە 14 هەزار دینار دەیفرۆشنەوە. بۆیە دەڵێت: "بۆ ئەوەی چیدی ڕەنجی جووتیاران لەلایەن مافیای عەلوەکانەوە بەفیڕۆ نەچێ، پرۆژەیەکی ستراتیژیمان داوەتە وەزیری کشتوکاڵ، لە داهاتوودا کۆمەڵەکەمان ئەرکی بە بازاڕکردنی بەرهەمەکان لە ئەستۆ دەگرێت".

## ڕۆژانە 3174 مەڕ و بزن و 517 ڕەشەوڵاخ لە کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن

# گۆشتی بازاڕەکانی کوردستان تەنیا 45%ی خۆماڵییە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی چوار ملیۆن و 800 هەزار ئاژەڵ لە کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان سەربڕدراون، بەڵام زیاتر لە نیوەی ئاژەڵە سەربڕدراوەکان هاوردەن چ بە یاسایی یان بە قاچاخ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە پشتی بە داتای کوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان بەستووە، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا 4 ملیۆن و 113 هەزار مەڕ و بزن، هەروەها 665 هەزار و 714 سەر ڕەشەوڵاخ تەنیا لە کوشتارگەکان سەربڕاون.

بەپێی داتاکان، بارودۆخی ئابووری کاریگەری لەسەر خواست هەبووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2015 لە کوشتارگەکان 809 هەزار و 271 مەڕ و بزن و 143 هەزار و 423 ڕەشەوڵاخ سەربڕاون، بەڵام لە ساڵی 2016دا 742 هەزار مەڕ و بزن و 116 هەزار و 83 ڕەشەوڵاخ سەربڕدراون.

لە ساڵی 2017 دا ئەم ژمارەیە زیادبووە بۆ 847 هەزار و 607 سەر مەڕ و بزن و 138 هەزار و 436 ڕەشەوڵاخ. ساڵی 2018 خواست لەسەر گۆشتی مەڕ و بزن زیاد بووە و 876 هەزار و 396 سەر سەربڕدراون، بەڵام سەربڕینی ڕەشەوڵاخ بۆ 131 هەزار کەمی کردووە. ساڵی 2019 هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە، خواست لەسەر گۆشتی مەڕ و بزن کەمی کردووە و 838 هەزار ئاژەڵ سەربڕدراون، لە بەرامبەردا خواست لەسەر گۆشتی ڕەشەوڵاخ زیاد بووە و 136 هەزار و 669 ڕەشەوڵاخ سەربڕدراون. هەر لەو ساڵەدا 5،467 تۆن گۆشتی بەستوو و 122،802 ئاژەڵی زیندوو هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون.

دکتۆر فەرەیدون محەممەد قادر، سەرپەرشتیاری کوشتارگەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران و دانیشتووان، ساڵانە خواست لەسەر گۆشتی ئاژەڵ زیاد دەکات. ئەم خواستەش لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆ یەکناگرێتەوە، بۆیە بۆ پارێزگاری لە ژمارەی ئاژەڵی خۆماڵی، لەڕێگەی لێژنەی پارێزگاکان مانگانە ڕێگە بە هاوردنی ئاژەڵ و گۆشتی بەستوو دەدەین".

لە هەرێمی کوردستان 28 کوشتارگە هەن کە بە نرخێکی کەم ئاژەڵ بۆ خەڵک و کۆمپانیاکان سەردەبڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دیاردەی سەربڕین لە دەرەوەی کوشتارگەکان هەیە.

دکتۆر فەرەیدون دەڵێت: "لە هەموو کوشتارگەکان پزیشکی ڤێترنەریمان هەیە بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی ئاژەڵ و ئەو گۆشتەی لێی بەرهەم دەهێنرێ. پێش سەربڕین و دوای سەربڕین پشکنین دەکرێت. هەر گۆشتێک شیاو نەبێت لەوێ فڕێدەدرێت، بۆیە دڵنیایی دەدەینە هاووڵاتیان ئەو گۆشتەی لە کوشتارگەکان بەرهەم دەهێنرێت گۆشتێکی شیاوە بۆ خواردن".

دکتۆر فەرەیدون دەڵێت بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتارگەکان و کەمکردنەوەی گوشار لەسەر کوشتارگە هاوچەرخەکان، لەپلانی چوار ساڵەدا داوایان کردووە سێ کوشتارگەی هاوچەرخ دروستبکرێن.

وەزارەتی کشتوکاڵ، پێویستیی ساڵانەی خواردنی گۆشتی سووری بۆ تاکێک بە 14.4 کیلۆگرام دیاریکردووە، بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو گەیشتە 6 ملیۆن و 33 هەزار کەس. بەو پێوەرە بێت ساڵی ڕابردوو پێویستیی هەرێمی کوردستان بە گۆشتی سوور نزیکەی 86 هەزار و 887 تۆن بووە، بەڵام کۆی گۆشتی بەرهەمی کوشتارگەکان و هاوردە 72 هەزار تۆن بووە و ساڵی 2018یش 86 هەزار تۆن بووە.

بەگوێرەی ئەم داتایە، سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بڕی گۆشتی بەکاربراو لە ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە ساڵی پێشتر 13% کەمیکردووە، واتە ساڵی ڕابردوو هەر هاووڵاتییەک 2.4 کیلۆگرام گۆشتی خواردووە.

بەپێی ئامارەکان ساڵی ڕابردوو زۆرترین ئاژەڵ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی سەربڕاون کە 421 هەزار و 442 سەر ئاژەڵی بچووک و 57 هەزار و 192 ڕەشەوڵاخ بووە.

بەگوێرەی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی سلێمانی، ساڵی ڕابردوو 22 هەزار و 511 تۆن گۆشت لەو پارێزگایە بەکاربراوە، بەڵام ئەگەر بەگوێرەی پێوەرەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بێ، ئەو پارێزگایە ساڵی ڕابردوو پێویستی بە 31 هەزار و 991 تۆن گۆشت بووە.

شەوکەت عەزیز، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "زیاد خواردنی گۆشتی سوور لە سلێمانی پەیوەندی بە کولتووری خەڵکەکەیەوە هەیە، بەڵام خەڵک ئێستا هۆشیار بووەتەوە و ئێستا کەمتر لە جاران گۆشتی سوور دەخۆن".

بە گوتەی شەوکەت عەزیز، ئەو مەڕ و بزنانەی لە کوشتارگەکان سەربڕدراون، زۆربەیان بەرهەمی ناوخۆ بووە، بەڵام ڕەشەوڵاخەکان زۆربەیان هاوردە بوونە.

بەپێی ئەو داتایانەی لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئاژەڵ دراونەتە (ڕووداو)، ساڵی 2019 بەراورد بە ساڵی 2018 ژمارەیەکی زیاتر ئاژەڵ لە کوشتارگەکان سەربڕاون. لە 2018دا 176،226 ئاژەڵی بچووک و 30.592 ئاژەڵی گەورە سەربڕدراون، بەڵام ساڵی ڕابردوو 213،702 ئاژەڵی بچووک و 36،862 ئاژەڵی گەورە سەربڕدراون.

هەڵمەت هەمزە، بەڕێوەبەری کوشتارگەی هاوچەرخی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی 90%ی ئەو ڕەشەوڵاخانەی لە کوشتارگەی هەولێر سەردەبڕدرێن، لە جۆرجیا و بەرازیل و ئەرمینیاوە هاوردە کراون. 50%ی ئاژەڵە بچووکەکانیش لە سووریاوە بە قاچاخ هێنراون". بەڵام دڵنیایی دەداتە هاووڵاتیان کە گۆشتی کوشتارگەکان سەلامەتە و دەڵێت: "پزیشک پشکنینی بۆ دەکات، ئەگەر گۆشتەکە شیاو نەبوو فڕێدەدرێ، ڕۆژانەش نزیکەی تۆنێک گۆشت بەهۆی شیاونەبوون فڕێدەدەین".

بەڵام وەک ئەو دەڵێت، 45%ی ئاژەڵەکان لە دەرەوەی کوشتارگەکان لەلایەن قەسابەکانەوە سەردەبڕدرێن.

لەدوای 2015 وە هیچ ئامارێک لەسەر ژمارەی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان لەبەردەست نییە، لە 2015دا 4 ملیۆن و 596 هەزار و 944 ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان هەبووە.

فیراس سدیق، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەمانتوانی سەرژمێری و کوتانی گشتگیر بۆ ئاژەڵان بکەین، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کردوومانە، ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ئاژەڵانی کوردستان لەگەڵ پێویستییەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ گۆشت یەکناگرێتەوە، تەنیا 45%ی پێداویستی دابین دەکات".

> **بەڕێوەبەری کوشتارگەی هەولێر:**
>
> **45%ی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن**



## ماوەی چاولێپۆشینی بۆ درێژ دەکرێتەوە

# ئەمریکا ڕێ بە عێراق دەدات کارەبا و غاز لە ئێران بکڕێ

عێراق ڕۆژانە 1.3 گێگاوات کارەبا و 700 ملیۆن پێ سێجا غاز لە ئێران دەکڕێ

20%ی کارەبای عێراق لەلایەن ئێرانەوە بەرهەمدێ


عێراق بەڵێنی بە ئەمریکا داوە تاوەکو 2022 پێویستی بە غازی ئێران نەمێنێ

**مەحموود بابان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیدارەی ئەمریکی بەنیازە ماوەی ئەو چاولێپۆشینە بۆ عێراق درێژ بکاتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانێ بێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سزا، غاز و کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە بکات، ئەوەش هەوڵێکە بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەغدا و واشنتن کە لە یەک مانگی ڕابردوودا نادڵنیایی زۆری تێکەوت.

عێراق بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشت بە غازی سروشتیی ئێران دەبەستێ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بڕێکی زۆریش کارەبا لەو وڵاتە دەکڕێ. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی وزەی عێراق کە دەست ناوەندی (میس) کەوتوون، بڕی کارەبای هاوردەی ئێران لەلایەن عێراقەوە گەیشتووەتە 1.57 گێگاوات، جگە لەمە بەو 700 ملیۆن پێ سێجا غازەش کە لە ئێرانەوە هاوردەی دەکرد، نزیکەی سێ گێگاواتی دیکەی بەرهەمهێناوە. بەو پێیە ئێران لە هاویندا ٪28ی کارەبای عێراقی دابین کردووە و بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانی ٪20ی کارەبای عێراقدا بەشدارە.

حکومەتی عێراق دەزانێ کارەبا خزمەتگوزارییەکی ئاسایی نییە. هاوینی 2018، هەزاران کەس لە شارەکانی باشووری عێراق بەهۆی کەمبوونەوەی سەعاتەکانی کارەبا ڕژانە سەر شەقام، کاتێک ئێران بەهۆی "بەرزبوونەوەی داوای نێوخۆیی" بڕی هەناردەی کارەبای بۆ عێراق کەمکردەوە.

جیا لەمە لە مانگی تشرینی یەکەمی پارساڵەوە، خۆپیشاندانی سەرتاسەری بەغدا و شارەکانی باشووری عێراقی گرتووەتەوە. ئەو خۆپیشاندانانە عادل عەبدولمەهدییان ناچار کرد دەست لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق بکێشێتەوە.

بەرپرسێکی ئەمریکی بۆ کاروباری ئێران بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ بەردەوامی بە سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار لەسەر ئێران بدەین، بەڵام ئەو سیاسەتە نابێ بە نرخی دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووری لە وڵاتانی دراوسێی ئێران بێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ) هەندێک لە بەرپرسانی ئەمریکی لەگەڵ ئەوە نەبوون ماوەی لێخۆشبوونەکە بۆ عێراق درێژ بکرێتەوە، بەڵام ڕاسپاردنی محەممەد تۆفیق عەللاوی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق هاوکێشەکەی بەلای ئەو لایەنەی کۆشکی سپیدا گۆڕی کە پشتگیرییان لە نوێکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونەکە دەکرد. ئیدارەی ئەمریکی دەیەوێ چانسێک بە سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق بدات.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە مانگی ئایاری 2018 دەرچوونی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 ڕاگەیاند و بە چەند قۆناغێک سزای بەسەر دامەزراوە ئابووری و پیشەسازییەکانی ئێراندا سەپاندەوە، لەوانەش کەرتی نەوت و غاز و بانکەکانی ئێران.

ئەمریکا سەرەتا بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ هەشت وڵات دەرکرد کە بەشێوەیەکی بەرچاو پشتیان بە هاوردەی سەرچاوەکانی وزەی ئێران دەبەست، یەکێک لەو وڵاتانەش عێراق بوو کە هەتا ئێستاش غاز و کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات. لە نزیکەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا چەندین جار بڕیاری لێخۆشبوونەکەی بۆ عێراق نوێکردووەتەوە. دوایین جار کە لێخۆشبوونەکە بۆ عێراق درێژکرایەوە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو بوو کاتێک ئیدارەی ئەمریکی بۆ ماوەی 120 ڕۆژ چاولێپۆشینی بۆ حکومەتی بەغدا درێژکردەوە و ماوەکەی لەم هەفتەیەدا تەواو دەبێ.

لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزەکانی قودس و ئەبومەهدی موهەندیس فەرماندەی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراق لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و ئەمریکا ئاڵۆزیی زۆری تێکەوت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی گروپە شیعەکانی پەرلەمانی عێراق داوایان لە حکومەتی عێراق کرد هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکات. عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق ڕایگەیاندووە کە جێبەجێکردنی ئەو داوایەی پەرلەمان بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق جێدەهێڵێ.

سەرەتای مانگی داهاتوو، عەللاوی کابینەی حکومەتەکەی ڕادەستی پەرلەمان دەکات کە گروپە شیعەکان تێیدا زۆرینە پێکدەهێنن. یەکێک لەو تەحەدایانەی ڕووبەڕووی عەللاوی دەبێتەوە، دەستنیشانکردنی قەبارە و شێوازی وجوودی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەبێ. بەرپرسێکی باڵای عێراقی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "ئەمریکا دەیەوێ هەلێکی بداتێ".

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، بنکە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا لە عێراق کراونەتە ئامانجی هێرشی جۆراوجۆر، لەوانەش هێرشی گروپە شیعەکان بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، هاوەنبارانکردنی ناوچەکانی نزیک لە باڵیۆزخانەکە. بە گوتەی بەرپرسانی عێراق، ئەمریکییەکان هۆشدارییان داوە ئەگەر لەو چەند ڕۆژەی پێش بەسەرچوونی ماوەی لێخۆشبوونەکە هیچ ستافێکی ئەمریکی لە عێراق زیانی پێبگات، ئەوە بڕیاری نوێکردنەوەی لێخۆشبوونەکە هەڵدەوەشێننەوە.

ئیدارەی ئەمریکی گروپە چەکدارەکانی شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستیان لە هێرشەکانی چەند هەفتەی ڕابردوودا هەبووە و پێیوایە حکومەتی عێراق بۆ ڕێگری لێیان هەنگاوی پێویست نانێ،

بەڵام ئێرانییەکان و عێراقییەکانیش نیگەرانن لەوەی تەنانەت ئەگەر ماوەی لێخۆشبوونەکەش درێژبکرێتەوە، ڕێگرە داراییەکان هەر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. مانگی ڕابردوو، بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی (ئیلنا)ی ئێرانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "عێراقییەکان بۆ ئەو غازەی لەلای ئێمەوە هاوردەی دەکەن، هیچ پارەیەک نادەن. عێراقییەکان هۆکاری ئەوە بۆ سزاکانی ئەمریکا و بەربەستەکانی بەردەم سیستەمی بانکیی ئێران دەگەڕێننەوە، چونکە بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە گواستنەوەی پارە لە ڕێگەی کەناڵە داراییە ئاساییەکان بووە بە شتێکی مەحاڵ".

ناوەندی (میس) لەسەر زاری گوتەبێژی ئەنجوومەنی هەناردەکارانی نەوت و غاز و پێترۆکیمیایی ئێران ئاشکرای دەکات کە 5 ملیار دۆلار لە هەژماری بانکێکی عێراقیدا کەڵەکە بووە و ناتوانن وەریگرن، لەبەر ئەوەی ئێران بەهۆی سزاکانەوە لە سیستەمی سویفت بۆ گواستنەوەی پارە دەرکراوە.

لە 2018 دا ئەمریکا بە حکومەتی عێراقی ڕاگەیاندبوو بەو مەرجە لێخۆشبوونی بۆ درێژ دەکرێتەوە کە پلانێکی تۆکمە بۆ پەرەپێدانی کەرتی غاز و کارەبای خۆی بخاتەڕوو، بۆ ئەوەی بەرەبەرە پێویستی بە غاز و کارەبای ئێران نەمێنێ. پێشتر حکومەتی عێراق بەڵێنی دابوو هەتا 2022 چیدی پێویستی بە غازی بیانی نەمێنێ و پشت بە بەرهەمی نێوخۆ ببەستێ. ناوەندی میس پێیوایە تەواوکردنی پرۆژەکانی غاز لە عێراق ساڵانێکی زۆری دەوێ.

جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە پێویستیان بە وەبەرهێنانی دەرەکیی گەورە هەیە. کۆمپانیا ئەمریکییەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل، شێڤرۆن و هیوزی ئەمریکی لە هەوڵدان کۆمەڵێک گرێبەست لەگەڵ بەغدا واژۆ بکەن، بەڵام ناکۆکی لەسەر جۆری گرێبەستەکان، خۆپیشاندانەکانی چوار مانگی ڕابردوو، دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، ڕووداوەکانی دوای کوژرانی سولەیمانی و موهەندیس بەربەستی گەورەیان بۆ بەرەوپێشچوونی هەوڵەکان دروستکردووە.

ساڵی ڕابردوو کۆمپانیای هۆنی وێلی ئەمریکی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بێچتێل و ئەنکای تورکی گرێبەستێکیان بۆ بەرهەمهێنانی غاز بەدەستهێنا، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی ناوەندی (میس)، کۆمپانیا ئەمریکییەکە دوودڵە لەوەی لە دۆخی ناسەقامگیری عێراقدا کار بکات.

ڕاوێژکارێکی عەبدولمەهدی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە حکومەت دەیەوێ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ غاز و کارەبای ئێران بدۆزێتەوە، بەڵام بەرپرس هەن ڕێگرن "دژی حکومەت و دژی پەیوەندییەکانی حکومەتی بەغدا و ئەمریکا کاردەکەن". چاوەڕێ دەکرێ ئەو گرژییە نێوخۆییانەی حکومەت لەسەر پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و ئەمریکا تەشەنە بستێنێ.

پێشتر ئیدارەی ئەمریکی دڵنیایی دابووە بەغدا کە درێژکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونەکە پەیوەندیی بە ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا ئەمریکییەکانەوە نییە، بەڵام هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پێشخستنی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی لە عێراق بەردەوامن.

کاربەدەستانی عێراقی و ئەمریکی و بەرپرسێکی نێودەوڵەتیی بواری نەوت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئیدارەی ترەمپ هانی حکومەتی عێراقی داوە گرێبەستە 50 ملیار دۆلارییەکە لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل واژۆ بکات. گرێبەستەکە کە ئێستا کێشەی تێکەوتووە، لەسەر کێڵگەی قورنەی ڕۆژئاوایە لە پارێزگای بەسرە کە بەرهەمهێنانی غازیش لەخۆدەگرێ.

---

# کۆرۆنا، ئۆپێک ناچار بە کۆبوونەوە دەکات

کۆرۆنا و ڕێککەوتنی سەدە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر خستنەڕووی نەوت هەبووە

گوشارەکانی سەر نرخی نەوت تاوەکو کۆتایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بەردەوام دەبن



**کاردۆ کەمال**



پێشنیاز کراوە 600 بەرمیلی دیکە لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک پلەس کەم بکرێتەوە

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێ، نرخی نەوت ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد، لە هەفتەی یەکەمی ئەمساڵدا، نرخەکانی نەوت 65 دۆلاریان تێپەڕاند، بەڵام بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووریی چین، بووە هۆی ئەوەی نرخەکانی نەوت لە کەمتر لە 15 ڕۆژدا بە بڕی 15 دۆلار دابەزن. ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە هۆی ئەوەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بڕیاری کۆبوونەوەی بە پەلە بدەن کە چوار ڕۆژی خایاند.

چین بە دووەم گەورەترین بەکاربەری نەوت دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان، بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی وزەی چین، ڕۆژانە ئەو وڵاتە 14 ملیۆن بەرمیل نەوت بەکاردەهێنێت، ئەمەش یەکسانە بە کۆی خواستی هەر یەکە لە وڵاتانی کۆریای باشوور، ژاپۆن، بەریتانیا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا لە نەوت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خواستی چین لەسەر نەوت بەڕێژەی 20% کەمی کرد، بەرپرسانی کەرتی وزەی چین پێشبینی دەکەن لە مانگی شوباتدا داوای وڵاتەکەیان لەسەر نەوت بە ڕێژەی 25% دابەزێ، کە دەکاتە زیاتر لە 3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، واتە 3%ی کۆی بەکارهێنانی جیهان. لە کاتی قەیرانی دارایی جیهان لە 2008ەوە، ئەوە یەکەمجارە خواست بەو شێوە بەرچاوە کەم بکات.

هەتا کۆتایی ڕۆژی هەینی ڕابردوو 636 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە مردوون، ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانیش بۆ زیاتر لە 31 هەزار حاڵەت بەرزبووەوە. بڵاوبوونەوەی خێرای ئەو ڤایرۆسە نیگەرانی ئەوەی لای بازاڕە داراییەکان دروستکردووە کە گەشەی ئابووریی جیهان دابەزێ و کاریگەریی ڕێککەوتنە بازرگانییەکەی نێوان ئەمریکا و چین سفر بکاتەوە. خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خواستی نەوت دەبێ. بەشێک لە شارەزایانی بازاڕە داراییەکان ترسیان لەوە هەیە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی خێراتر بڵاوبێتەوە، ئەمەش ئەو وێنەیە دووبارە دەکاتەوە کە لە بازاڕە داراییەکانی ئاسیا لەساڵی 2003 بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی سارسەوە ڕوویدا.

ڕێکخراوی ئۆپێک هیوایەکی هەبوو کە لەسەر ئاستی کورتخایەن بازاڕ خۆی ڕێکبخاتەوە، بەڵام لە سەرەتای ئەم مانگە نرخی نەوتی خاوی تەکساس بۆ 50.85 $ بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی. دواتریش دابەزینی نرخی نەوتی خاوی تەکساس بۆ 49$ هۆشدارییەکی گەورە بوو لەلایەن بازاڕەوە کە ئەگەر خستنەڕوو کەم نەکرێتەوە، ئەوە بازاڕ ناتوانێ خۆی ڕێکبخاتەوە.

چوار ڕۆژی کۆتایی هەفتەی ڕابردوو پانێڵی تەکنیکی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لە ڤیەننا کۆبوونەوە، تاوەکو تاوتوێی هەنگاوی داهاتوویان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن.

سێ سەرچاوەی ئاگادار بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانییان ڕاگەیاندووە کە پانێڵەکە پێشنیازی کردووە بەشێوەیەکی کاتی 600 هەزار بەرمیلی دیکە لە بەرهەمی ڕۆژانەیان کەمبکەنەوە. هەفتەی ڕابردوو سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی "پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات".

سەرەڕای لێدوانەکەی لاڤرۆڤ، سەرچاوەکان لە کۆبوونەوەکانی هەفتەی ڕابردوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لایەنی ڕووسی کێشەی لەگەڵ دابەزاندنی زیاتری ئاستی بەرهەمهێنان هەیە. ئەگەر ڕووسیا بە پێشنیازەکەی ئۆپێک ڕازی بێ، ئەوە کۆبوونەوەی وەزیرانی ئۆپێک لە مانگی ئادارەوە پێشدەخرێ بۆ مانگی شوبات.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی ڕابردوو نوێکراوەتەوە، ئۆپێک 1.7 ملیۆن بەرمیلی لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەمکردووەتەوە. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەگەر مۆسکۆ بە تەواوەتی لەسەر کەمکردنەوەکە یەکلاببێتەوە، ئەوە یەکسەر دەست بە جێبەجێکردنی دەکەن و هەتا مانگی حوزەیرانیش بەردەوام دەبێ.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوتەریب بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی داهاتی کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن ، کاتربیلەر. کە داهاتی کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکان ڕوویان لە دابەزینێکی بەرچاو کرد، هۆکاری ئەوە هەڵوەشانەوەی بەشی زۆری گەشتە ئاسمانییەکانە بۆ چین کە خواستی سەر نەوتی کەمکردووەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی بەپێی ئامارەکان، لە چارەکی چوارەمی پارساڵدا بەهای سامانی کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمریکی لە نەوت و گاز بە بڕی 10.4 ملیار دۆلار کەمیکردووە، ئەمەش بووە هۆکاری دابەزینی بەهای پشکەکانی هەر یەکە لە ئێکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن و کاترپیلەر. دابەزینی بەهای ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەش کاریگەری نەرێنی کردە سەر پێنوێنی داوجۆنز کە بە پێنوێنی سەرەکی بازاڕە داراییەکانی ئەمریکا دادەنرێت و پێنوێنەکەی بەبڕی زیاتر لە 600 خاڵ دابەزاند.

شارەزایانی بازاڕە داراییەکان پێیانوایە قۆناغی یەکەمی ڕێککەوتنی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا هەتا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، هەر ئەوەش لە کۆتاییەکانی ساڵی 2019دا پاڵپشتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی کرد، بەڵام بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە هۆکاری ئەوەی دانوستاندنەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە ڕابگیرێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر نرخی نەوت دروستکرد، تەنانەت جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی ڕێککەوتنەکەشی خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

لەلایەکی دیکەوە وادەی ڕاگەیاندنی حاڵەتی لەناکاو لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانەوە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی "ڕێککەوتنی سەدە" کە چاوەڕێ دەکرێ ببێتە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزییەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و کاریگەریی لەسەر ئاستی خستنەڕووی نەوت هەبێ.

بەم شێوەیەش شارەزایانی بازاڕە داراییەکان پێشبینی دەکەن نرخی نەوت نەتوانێ ئاراستەی بەرزبوونەوە بگرێتەوەبەر، لە کاتێکدا ئەگەری ئەوەش هەیە گوشارەکانی سەر نرخی نەوت هەتا کۆتایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵ بەردەوام بن. بازرگانان و وەبەرهێنەرانیش لە چاوەڕوانی ئاکامی بڕیارەکەی ئۆپێکدان سەبارەت بە کەمکردنەوەی زیاتری بەرهەمهێنانی نەوت.

*** شارەزای بازاڕە داراییەکان**

ژنان
ڕووداو
ژمارە (591) - دووشەممە 2020/2/10



## لە خەلیفان کچێک بە گوللە دەکوژرێ.

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2020/2/7 لە ناحیە خەلیفان کچێکی تەمەن 13 ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەی دەمانچە کوژرا. پۆلیسی سۆرانیش دەڵێ هێشتا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە. مقەدەم شەماڵ دێواری حامد، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەعات 8:40 خولەکی شەوی 2020/2/7 تەرمی کچێکی 13 ساڵ بەناوی (ب.ر.ح) و دانیشتووی ناحیەی خەلیفان، پیشەی قوتابی گەیەندرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران کە بەهۆی بەرکەوتنی گوللەی جۆری دەمانچە گیانی لەدەستدابوو". گوتەبێژی پۆلیسی سۆران گوتیشی: "بە فەرمانی دادوەر تەرمی کچەکە بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکاری کوژرانەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سۆران کرا، دەستیش بەسەر چەکەکەدا گیرا، پەراوی لێکۆڵینەوەش بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە".

## دایکی سایە بۆ (ڕووداو):

# ئیعترافم لەسەر کوشتنی کچەکەم نەکردووە



دوای 16 ڕۆژ لە ونبوونی، پۆلیس تەرمی سایەی لە چۆڵەوانییەکدا دۆزییەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

تەمەنی 31 ساڵە و دەڵێت خاوەنی شەش منداڵە، کاتێک لێی دەپرسی: ئەی سایە؟ دەڵێت بە سایەوە حەوت. (ب.پ) بە تۆمەتی کوشتنی سایەی کچی لە زیندانە. بەڵام نکۆڵی لە تاوانەکە دەکات و گومان دەخاتە سەر هاوژینەکەی، ئەگەرچی خۆی لە دانپێدانانیدا بۆ پۆلیس دەڵێت بە بۆری لە کچەکەی داوە و دواتر فڕێیداوە.

سایە یونس، تەمەن 11 ساڵ کە ڕۆژی 2020/1/4 دیار نەما، 16 ڕۆژ دواتر پۆلیس تەرمەکەی لە گوندی حەویجکەی سەر بە ناحیەی گوێڕ دۆزییەوە. هەرزوو گومان خرایە سەر دایک و نەنکی سایە، هەفتەی ڕابردوو پۆلیس دەستگیری کردن و ئێستا لە زیندانن.

چیرۆکی تراژیدی سایە لە سەرەتای تەمەنییەوە دەستپێدەکات، کاتێک لەگەڵ سنەی خوشکی بە حەوت مانگی لە دایک دەبن. سایە کە لە دایک بووە هێندە لاواز و کێشی کەم بووە، پزیشک ڕێنمایی دایکی کردووە کە چاودێریی زیاتری بکات، بەڵام دایکی لە جیاتی ئەوە دەیبەخشێتە خێزانێک.

(ب.پ) کە لە نێو زیندان شیری خۆی بە کوڕە تەمەن دوو ساڵەکەی دەدا، کۆرپەیەکی چل شەوەی کوڕیشی لە تەنیشت خۆی دانابوو. ئەو باسی ژیانی سایەی کچی لەو ڕۆژەی لەدایکبووە بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: "دوو کچم یەک لە دوای یەک بوو، کاتێک دووگیان بوومەوە بە سێیەم منداڵ، دووانە دەرچوو کە سایە و سنە بوون و بە حەوت مانگی هاتنە دونیا، دوو کچەکەی دیکەم هێشتا بچووک بوون. بەخێوکردنیان سەخت بوو، بۆیە سایە تەمەنی تەنیا چوار ڕۆژ بوو دامان بە خوشکی زاوایەکی باوکی سایە کە شەش مانگ لەلای ئەو بێت و دواتر بۆمان بگەڕێنێتەوە".

> ## زۆر جار لەگەڵ مێردەکەم لە سایەمان دەدا

دوای شەش مانگەکە، سایە دەگەڕێندرێتەوە بۆ لای دایکی، بەڵام وەک دایکی دەڵێت، ئەو منداڵە بە هیچ شتێک ژێر نەدەبووەوە، بۆیە دەیگەڕێنێتەوە لای ژنەکە.

(ب) دەڵێت: "کاتێک سایە تەمەنی بوو بە چوار ساڵ، ئەو ژنەی بەخێوی دەکرد لە هاوژینەکەی جیابووەوە، زاوای هاوژینەکەم ڕێگەی نەدا خوشکەکەی سایە بەخێو بکات و بۆی گەڕاندینەوە. لەو کاتەوە سایە وەکو شێتی لێهات، هەر کە چاوم لێی نەبووایە هەڵدەهات، چەندینجار بە بانگەوازی مزگەوت و تەلەفزیۆن دۆزیومانەتەوە".

هەفتەنامەی (ڕووداو) ساڵێک لەمەوبەر چیرۆکی پڕ لە تراژیدیی سایەی بڵاوکردەوە. سایە کە ئەوکات شوێنەواری ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە جەستەیەوە دیار بوو، لە ماڵی مامی بوو، دەیگوت هەرگیز حەزناکات بگەڕێتەوە ئەو ماڵەی تێیدا ئەشکەنجە دراوە، سایە باسی لەوە کردبوو کە لەلایەن دایکی و نەنکی (دایکی دایکی)یەوە ئەشکەنجە دراوە.

دایکی سایە دەڵێت: "دوای ئەو ژنە، جارێکیان ماڵی شووبراکەم لە خۆیان گرت، بەڵام لەوێ فێریان کردبوو قسە بە من بڵێ، بۆیە هێنامانەوە لای خۆمان، دواتر باوکی بەخشی بە ماڵێکی دیکە. بە ماڵی خۆمانەوە چوار ماڵی بینی".

دایکی سایە ڕەتیکردەوە بۆ کچەکەی خۆی خراپ بووبێ و گوتی: "کچەکەم لەلای ئەو ژنە وا سەرشێت بوو کە یەکەم جار پێماندا، چونکە ئەوی بە دایکی خۆی دادەنا. من هەرگیز ڕقم لە سایە نەبووە، مرۆڤ چۆن ڕقی لە جەرگی خۆی دەبێ؟". بەڵام نکۆڵی لەوە ناکات کە چەندینجار لە سایەی داوە و دەڵێت "چەندینجار لێمان دەدا بۆ ئەوەی نەڕوات، سوودی نەبوو، زۆر جار باوکی بە دار و شەق لە سەری داوە، تەنانەت سەریشی تەقیوە. هەردووکمان لێمان دەدا، بەڵام لەبەر ئەوە نەبووە کە ڕقمان لێی بووبێتەوە، بەڵکو بەهۆی سەرشێتییەکەی بوو".

کاتێک لێمپرسی چەند منداڵت هەیە؟ گوتی: شەش. پرسیم بە سایەوە؟ گوتی: نا حەوت، سایەم لەبیرچوو.

> ## خۆم تەرمی سایەم بینی لەژێر ئەشکەنجەدا چاوێکی دەرپەڕیبوو
>
> مامی سایە:

ئەگەرچی پۆلیس دەڵێت دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد توانییان بکوژی سایە بدۆزنەوە و بکوژەکەش دایکی بووە، بەڵام دایکی نکۆڵی لەوە دەکات. دایکی سایە دەڵێت "من سایەم نەکوشتووە، لە قسەکانیشم بۆ پۆلیس گوتم من نەمکوشتووە، من نازانم پۆلیس چی نووسیوە و چی پێ ئیمزا کردووم، چونکە من نەخوێندەوارم، بەهیچ جۆرێک باسی کوشتنی سایەم نەکردووە، تەنانەت خەڵکی پێمدەڵێن کێ دەڵێت هاوسەرەکەت نەیکوشتووە، ئێستا کەوتوومەتە گومانەوە".

> ## بە بۆری لێمدا و بە عەرەبانەیەک لە نیوەشەودا فڕێمدا
>
> دایکی سایە لە ئیفادەیدا بۆ پۆلیس:

دایکی سایە باسی ونبوونی کچەکەی دەکات و دەڵێت: "کاتێک سایە ونبوو، تەنیا دوو ڕۆژ بوو منداڵم بووبوو. سایە چووبووە دەرەوە، تەلەفۆنم بۆ باوکی کرد کە پێشمەرگەیە، بەڵام مۆڵەتیان پێنەدابوو". ئەو پێیوایە خۆی و دایکی قوربانین و دەڵێت: "لەکاتی دیارنەمانی، سایە لەلای من نەبووە، بۆ تەنیا من و دایکم گیراوین، پێشتر کەس لە خۆی نەدەگرت، خێرە ئێستا هەموویان بوون بە کەسوکاری؟".

دوای دۆزینەوەی تەرمی سایە، عەمید دلێر نەجات، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، ماوەی دوو شەو و ڕۆژ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دایکی سایە کردووە و دواجار دانی بە تاوانەکەدا ناوە. بەگوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، دوای کوشتنی سایە، دایکی تەرمەکەی لە دووریی 700 مەتر لە ماڵی خۆیان فڕێداوە، تاوانەکەشی لە هاوسەرەکەی خۆی شاردووەتەوە و پاش چوار ڕۆژیش هەواڵی ئەوەی بە پیاوەکەی داوە کە سایەی کچیان دیار نەماوە.

دایکی سایە کە ئێستا لە زیندانە، بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزاکانی عێراق دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. قسەکانی لە نێو دۆسیەکەیدا بە جۆرێکی دیکەن. لەوێ دەڵێت: "سایە دەیویست بڕوا و ڕانەدەوەستا، دوای مەغریب بوو، لێی تووڕە بووم و بە پارچە ئاسنێک لێمدا، لە نیوە شەودا بە عەرەبانەیەک بردم فڕێمدا".

ساڵێک لەمەوبەر مامی سایە بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "ئەو منداڵە لە ژیانێکی سەختدا دەژی، بەرماوەی خواردنی منداڵەکانی دیکەی دەدەنێ. چەندینجار لە نێو بەیتوونە خەواندوویانە، کە بینیمان ژیانی وەهایە، ویژدانمان قبوڵی نەکرد و هێنامان بۆ لای خۆمان".

یوسف حەمید، مامی سایە ئێستا تاکە کەسە مژولی دۆسیەکەی سایە دەخوا. یوسف بە (ڕووداو)ی گوت: "تەنیا من سکاڵام لە دژی دایک و نەنکی سایە تۆمار کردووە، باوکی سایە تا ئێستا سکاڵای نەنووسیوە و هیچ ناڵێت".

یوسف یەکێکە لەوانەی تەرمی سایەی بینیوە و دەڵێت: "تەرمی سایەم بینی، بە دار و بۆری لێیدرابوو، تەنانەت چاوی ڕاستی دەرپەڕیبوو".

سەبارەت بە چارەنووسی خوشک و براکانی سایە، یوسف گوتی: "ئەوان لە ماڵی باپیریانن، نازانم براکەم دەیانباتەوە یان نا". ئەو باسی لەوەشکرد کە ئەو ژنەی دەکاتە دشی خوشکی و بۆ ماوەی چوار ساڵ سایەی بەخێوکردووە، لە ڕەوشێکی زۆر خراپدایە و بۆ مەرگی سایە تازیەبارە.

ڕێکان ڕزگار، توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ دایکی سایە دەڵێت: "ئەمە کارێکی مەحاڵە، تەنیا کاتێک ڕێی تێدەچێت کە ئەو دایکە نەخۆشیی دەروونیی ئاڵۆزی هەبێت".

## دوو جار دەستدرێژی کردە سەری و کردیشی بە دز

# قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ لە کوردستان هەڵدێن

**مانا لینچ**
**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی بەوەدا ناوە کە لەناو سنوورەکانیدا کێشەی بازرگانیی بە مرۆڤ هەیە و هەنگاویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانە هاوێژراوە، بەڵام متمانە بەو سیستەمەی کە دەبێ پارێزگاری لە قوربانیان بکات لاوازە. شارەزایان پێیانوایە سیستەمی دادوەریی کوردستان کێشەی تێدایە و ئەگەر تاوانباران نەهێنرێنە بەردەم دادگا، ئەوە ئەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە داوی تۆڕەکانی بازرگانی بە مرۆڤەوە پارێزراو نابن.

وەهبیە زرار، پارێزەر و خاوەن 10 ساڵ ئەزموون لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: "قوربانیان بڕوایان وایە کە تاوانباران بەهێزن و هێشتاش دەتوانن زیانیان پێ بگەیەنن".

دەسەڵاتی ئەمنی کرێکارە بیانییەکان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ئاژانسەی ئەوانی هێناوەتە کوردستان، ئەوەش لە کاتێکدا کە هێشتا لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەیان بەردەوامە. حاڵەتی دیکەش هەبوون کە قوربانییەکە بۆ شوێنێکی کاتی گوازراوەتەوە، بەڵام لەوێش نەیتوانیوە خۆی لە دەستدرێژیکارەکان بپارێزێ.

ڕەیچڵ، ساڵانێک ئەزموونی کارکردنی لە وڵاتانی دەرەوە هەبوو، لەوانەش ژاپۆن، قەتەر، عوممان، ئیمارات و سعودیە، کاتێک دواهیینجار لە چین ناوی خۆی بۆ کارێکی ناو ماڵ لە هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، دوای گفتوگۆ بۆ کارەکە وەرگیرا. هەموو شتەکان بە باشی دەڕۆیشتن هەتا ئەو کاتەی داوای لێکرا پارەی شوێنی حەوانەوەی بدات. ڕەیچڵ پێیگوتن کە پارەی ئەوەی نییە، ئەوانیش پێیانگوت کە پارەکە لە مووچەکەی دەگێڕنەوە، واتە ئەو پارەیەی کە بڕیار بوو لە حەوت مانگی کارکردنیدا وەریبگرێ. ڕێککەوتنەکە بێمانا دیار بوو، بۆیە هەوڵی دا واز لە کارەکە بهێنێ، بەڵام ئیدی درەنگ بوو، چونکە پاسپۆرتەکەی ڕەیچڵ لای ئاژانسەکە بوو، بەوەش دەستیان بەسەر چارەنووسیدا گرتبوو.

> ## تۆمەتبارانی بازرگانی بە مرۆڤ بە یاسای دیکە دادگایی دەکرێن
>
> پارێزەرێک:

ئافرەتەکە لە ساڵی 2018 هێنرابووە کوردستان و بۆ کاری خاوێنکردنەوە ڕەوانەی ماڵێک کرابوو کە دایکێک و دوو کوڕ و کرێکارێکی دیکەی ژن بەناوی (پەتی) تێیدا دەژیان. ماڵەکە بە "ناپارێزراو". ناسرابوو، ڕەیچڵ هەر لەگەڵ هاتنی بۆ ماڵەکە ئاگادار کرابووەوە کە "دلێر حەزی لە مەساجە". ڕەیچڵ سێ مانگ بوو لەو ماڵەدا کاری دەکرد و بێدەنگیی لەو گێچەڵە سێکسییانە کردبوو کە دلێر پێی دەکرد.

قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ هەتا ئەو کاتەی هەقدەستی کارەکەیان وەردەگرن، لەگەڵ ئەو جۆرە حاڵەتانەشدا هەڵدەکەن. بەڵام ڕۆژێکیان، دلێر بە توندتیژی دەستدرێژی کردە سەر پەتی. ڕەیچڵ پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەغدا کرد و ئەوانیش دامەزراوەی سید (SEED)یان پێناساند. سید لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژیی دژی ئافرەتانی هێنایە سەرخەت. خاوەنکارەکە لەسەر داوای دەزگا ئەمنییەکان پەتی بۆ پشکنین هێنا، دواتریش بردییەوە بۆ ئەو ئاژانسەی لە سەرەتاوە و ڕەیچڵ و پەتی هێنابووە کوردستان.

ڕەیچڵ کە بە تەنیا لە ماڵەکەدا مابوو دەترسا، بۆیە داوای لە (سید) کرد ئەویش لەو ماڵە دەربکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێ "سەرەتا دەترسام، چونکە لە هەموو ژیانمدا ئەوە یەکەمجار بوو شتێکی وا ببینم".

دوو ئافرەتەکە بە یارمەتی دامەزراوەی سید دۆسیەیەکیان لە پۆلیس کردەوە و هۆتێلێکیان بۆ گرتن هەتا دۆسیەکەیان یەکلادەبێتەوە. بەڵام ڕەیچڵ و پەتی لەوێش پارێزراو نەبوون. دلێر ئەو ژنەی دۆزییەوە کە لە نزیک هۆتێلەکە پیاسەی دەکرد و جارێکی دیکە دەستدرێژی کردەوە سەری، بۆیە جارێکی دیکە ڕەیچڵ و پەتی ڕوویان لە بنکەی پۆلیس کردەوە و سکاڵایان لەسەر دووەم دەستدرێژیی دلێر تۆمار کرد، ئەمجارەیان ئاگادار کرانەوە کە خاوەن کارەکەیان بە دزی تۆمەتباری کردوون.

پۆلیس لەبری ئەوەی ئاگای لەو دوو ئافرەتە بێ، هەردووکیانی دەستبەسەر کرد و وەسیقەیەکی 12 هەزار دۆلاری لەسەر کەیسەکەیان دانا. دواتر دەرکەوت یەکێک لە ئەندامانی پۆلیس خزمایەتی لەگەڵ دلێر هەیە.

دواتر خێزانەکە ڕازیبوون واز لە تۆمەتی دزییەکە بهێنن ئەگەر ڕەیچڵ و پەتی واز لە تۆمەتی دەستدرێژی و بازرگانی بە مرۆڤ بهێنن. وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ دەبووایە ناوبانگی خێزانی دلێر لەبەرچاو گیرابا. ڕەیچڵ سەرەڕای ئەوەی وازی لە دۆسیەکە هێناوە و تەنانەت کوردستانیشی جێهێشتووە، لەسەر قسەکەی خۆیەتی و دەڵێ: "هەموو کەسێک دەزانێ چی ڕوویدا، چونکە من بۆم گێڕانەوە... ئێمە بۆمان گێڕانەوە".

زۆر کەیسی بازرگانی بە مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە یەکلا دەکرێنەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کرێکارە بیانییەکانی وەک ڕەیچڵ و پەتی پێیان باشترە هەرچی زووترە کوردستان جێبهێڵن، چونکە دادگا پرۆسەیەکی درێژی بەدەمەوەیە و قوربانییەکان نایانەوێ لە شوێنێکدا بخولێنەوە کە سیستەمەکەی پشتی ئەوان ناگرێ و زۆرجار ئەگەر زۆر لەسەر دۆسیەکەی خۆیان پێداگری بکەن، ڕووبەڕووی کاردانەوە و تۆمەت دەبنەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی سید، لەدوای بەدواداچوونەکەیان زیاتر لە 38 ئاژانسی دامەزراندنی کرێکارە بیانییەکان خراونەتە لیستی ڕەشەوە، بەڵام وەک وەهبیە زرار دەڵێ: "هیچ کەسێک دادگایی تەواو نەکراوە".

> ## کەسانی بەهێز باڵادەستن بەسەر دەستەی دەسەڵاتی دادوەریدا
>
> ئەندامێکی داواکاری گشتی:

وەهبیە هەروەها دەڵێ: "بە گوێرەی یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، تەنانەت لە دۆسیەی گفتوگۆ و دانوستاندنیشدا تاوانبارەکە هەر دەبێ سزا بدرێ. بەڵام ئێستا کەیسەکان دەخرێنە چوارچێوەی یاسای جیاوازەوە و کاتێک دادەخرێن، تاوانبارەکە بەبێ سزا بۆی دەردەچێ".

دادوەر محەممەد ڕێکانی، داواکاری گشتی لە دادگای تاوانی هەولێر دەڵێ دادگاکانی خوارەوە کاریان لە چەندین کەیسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کردووە، زۆر کەیسیش بە گوێرەی یاسای دیکە دادگایی کراون، وەک پێشێلکردنی مافی نیشتەجێبوون، سواڵکردن و دزی، نەک بازرگانیکردن بە مرۆڤ، چونکە لێکۆڵەرەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانەکان ناچنە خانەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

بەڵام وەهبیە زرار پێیوایە هەموو کەسێک لە داواکارەکانەوە هەتا دەگاتە لێکۆڵەرە دادوەرییەکان و دادوەرەکان پێویستیان بە ڕاهێنان و ڕێنمایی تایبەتە، چونکە "دادگاکان هەتا ئێستاش دەستیان بە جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی مافی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ نەکردووە. لەبەر ئەوەی قوربانیان دەستیان بە سیستەمی یاسایی ڕاناگات و هەموو دەسەڵاتەکە لەدەستی خاوەنکار یان بازرگانەکەدایە، بۆیە سەلامەتترین ڕێگا ئەوەیە هەرچی زووترە قوربانییەکان بگەڕێنرێنەوە وڵاتی خۆیان".

ئەم چارەسەرە بە هەموو کێشەکانی خۆیەوە، زۆر باشترە لەو چارەسەرەی بۆ ئەو خەڵکە کورد و عێراقییەی کەوتوونەتە داوی تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەکرێ. شێری کراهام تاڵەبانی، سەرۆکی دامەزراوەی سید دەڵێ یارمەتیدانی ڕزگاربووە خۆجێیەکان "تەحەدایەکی زۆر گەورەترە".

قوربانییە خۆجێییەکان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانی خۆیان، چونکە دووبارە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بە تایبەتی ئەگەر کەوتبنە داوی بازرگانیی سێکسەوە. ئەو خەڵکە لەلایەن سیستەمی دادوەرییەوە بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێن یان دەبنە قوربانیی سیستەمەکە.

ئاشنا عەبدولقادر، ئەندامی کاتیی لیژنەی کاروباری ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە کێشەی بازرگانی بە مرۆڤ کێشەیەکی دامەزراوەییە لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ: "یاسا سەروەر نییە و دەزگای دادوەری سەربەخۆ نییە". گوتیشی: "ئەگەر تۆ سکاڵایەک لە دادگا بەرز بکەیتەوە و تۆمەتبارەکە پشتیوانیی سیاسی هەبێ، ئەوە هیچ گومانت نەبێ کە کەیسەکە دەدۆڕێنی".

ئەنجوومەنی دادوەریی کوردستان ئامادە نەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بۆ (ڕووداو) بدات، بەڵام داواکار ڕێکانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کەسانی بەهێز باڵادەستن بەسەر دەستەی دەسەڵاتی دادوەریدا، ئەوەش کێشەی بۆ هەوڵەکانی ئەوان بۆ بەرگریکردن لە قوربانییەکان دروستکردووە.

ڕێکانی دەڵێت تاوانی بازرگانیکردنی بە مرۆڤ لەلایەن خەڵکانی بەدەسەڵاتەوە دەکرێ، چونکە ئەوە تاوانێکی ڕێکخراوە و لە نێوان زیاتر لە وڵاتێکدا دەکرێ. دەشڵێت ئەو خەڵکانەی لەو جۆرە تاوانەدا تێوەگلاون پەیوەندییان لە ناو دامەزراوەکاندا هەیە، لەوانەش پۆلیس، هەر ئەوەش وادەکات "بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانە هەندێکجار زەحمەت بێ".

داواکارەکە پێیوایە چارەسەری ئەو کێشەیە "پێویستی بە ویستێکی سیاسیی بەهێزە کە پشتگیری لە ڕێوشوێنە یاساییەکان بکات و بەرەنگاری ئەو تاوانە ببێتەوە، چونکە ئەوە تاوانێکی نێودەوڵەتییە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەشە کە دەبینین هەندێکجار گرتنی تاوانباران زۆر سەختە".

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئەوەی ئێستا هەیە ئەوەیە بازرگانەکانی مرۆڤ بە ئازادی دەسووڕێنەوە، لە کاتێکدا قوربانییەکان نازانن چۆن ژیانی تێکشکاوی خۆیان سەرلەنوێ کۆبکەنەوە.

## پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2020/2/9 لە ناحیەی وارماوای سەر بە قەزای شارەزوور، پێشمەرگەیەک خۆی کوشت.

رزگار غەفوور، قایمقامی شارەزوور بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پیاوەی خۆی کوشتووە ناوی (ڕێبوار حوسێن)ە و تەمەنی 35 ساڵە، خێزاندارە و خاوەنی منداڵێکە، پێشمەرگە بوو، گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە و خۆی کوشتووە". گوتیشی "سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید ڕەئووف بەگ. دواتر تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە، پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە، بەڵام هێشتا هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزاندراوە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

### لە دوو ساڵی ڕابردوودا:

# 190 نەوجەوان لە کوردستان کوژراون یان خۆیان کوشتووە

لەنێو نەوجەوانانداکوڕان زیاتر لە کچان خۆیان دەکوژن

زۆربەی کوشتنی کچانی نەوجەوان بە دەستی کەسوکار بووە

زۆرترین نەوجەوانی کچ لە پارێزگای سلێمانی کوژراون

زۆرترین ئەو نەوجەوانانەی خۆیان کوشتووە لە پارێزگای هەولێر بووە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

حەوت مانگ لەمەوبەر، دالیای تەمەن 17 ساڵ، لە نیوەشەودا لەنێو گەرماوی ماڵەکەیاندا خۆی سووتاند و مرد، پێشتر نامەیەکی بۆ دایکی جێهێشتبوو، تێیدا نووسیبووی "بەهۆی توندوتیژیی باوک و براکەم نامەوێ بژیم و کۆتایی بە ژیانم دێنم، تەنیا ئاگاداری خۆت بە، خۆشمدەوێی دایە، بەڵام باوکە تۆ هیچکات نەیەی بۆ لای من. براکەم گەردنت ئازاد ناکەم".

شەونم، دایکی دالیا، دوای 7 مانگ هێشتا بەکوڵ بۆ مردنی کچەکەی دەگری و دەڵێت: "کچەکەم پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبوو، کاتێک باوک و براکەی پێیانزانی ئەوەندەیان لێدا، نیوە ڕۆحیان کرد". بەگوتەی دایکی دالیا، کوڕەکە هات بۆ خوازبێنی، بەڵام باوکی دالیا لە ماڵەکەی دەریکردبوو، پێیگوتبوو "تۆ ناوی بنەماڵەکەمانت زڕاندووە و شەرەفت بردووین". دایکی دالیا دەڵێت: "کچەکەم بەرگەی ئەوەی نەگرت و خۆی سووتاند".

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان دراونەتە (ڕووداو)، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 190 نەوجەوان کوژراون یان خۆیان کوشتووە. زۆربەشیان تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 17 ساڵان بووە.

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێ ساڵانە زیاتر لە 5 قوتابیی نەوجەوان بەهۆی دەرنەچوونیان لە قوتابخانە خۆیان دەکوژن.

ساڵی ڕابردوو لە هەولێر مێرمنداڵێکی 14 ساڵان بەناوی محەممەد ئیبراهیم بەهۆی کەوتنی لە چوار وانە، بە کلاشینکۆفەکەی باوکی خۆی کوشت. ئیبراهیم عوسمان، باوکی محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کوڕەکەم قوتابی پۆلی حەوتی بنەڕەتی بوو، زۆر هەوڵی دەدا بەڵام کە دەچووە نێو تاقیکردنەوە دەترسا، بۆیە دەرنەدەچوو، زۆر ئامۆژگاریمان دەکرد، هەندێکجار وەکو هەر دایک و باوکێکی دیکە لێشی تووڕە دەبووین، بەڵام لەگەڵی توندوتیژ نەبووین".

باوکی محەممەد هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەی بۆ سەرزەنشتکردنی لەلایەن مامۆستاکانی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "پێموایە تەنیا هۆکاری خۆکوشتنی ئەوە بووبێت مامۆستا و هاوپۆلەکانی گاڵتەیان پێکردووە، چونکە بەپێی قسەی هاوڕێکەی، هەر قوتابییەک دەرنەچووبایە یان لە وانەیەک بکەوتبایە مامۆستاکانی لێی تووڕە دەبوون و توانجیان لێدەدا، چەند جارێکیش لەبەردەمی هاوپۆلەکانیدا محەممەدیان شکاندووەتەوە".

بەڵام مامۆستا سروود عەلی کە وانەی کوردی بە محەممەد دەگوت، پێیوایە خێزانەکەی هۆکاری خۆکوشتنی محەممەد بوون، ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "محەممەد و گەنجەکانی دیکەش بەهۆی هەڕەشە و توندوتیژیی خێزانەکانیان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن، زۆرجار ئەو قوتابیانەی ئاستیان خراپە، کە کارت وەردەگرنەوە پێیان دەڵێین دەبێت بیبەنەوە باوکتان واژۆی بکات، بەڵام ئەوان لەترسی لێدان و توندوتیژیی خێزانەکانیان خۆیان واژۆی دەکەن".

لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی گیانلەدەستدانی جیاواز لەنێو نەوجەوانان و مێرمنداڵان لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە وەک: سووتاندنی سێ منداڵ لەلایەن باوکیانەوە لە چەمچەماڵ، ئەشکەنجەدانی منداڵێکی حەوت ساڵە لە زەڕایەن لەلایەن دایکی و گیانلەدەستدانی. سەرەڕای خۆکوشتنی چەندین کوڕ و کچی نەوجەوان کە هۆکاری سەرەکییان کێشەی سۆزداری و کۆمەڵایەتی و دەرنەچوون لە قوتابخانە بووە.

### 126 نەوجەوان و منداڵ خۆیان کوشتووە

بەپێی ئەو ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا 126 نەوجەوان و منداڵ بە هۆکاری جیاجیا خۆیان کوشتووە. ساڵی 2018 لە هەولێر 17 نەوجەوان و منداڵ (9 نێر و 8 مێ)، بەڵام لە ساڵی 2019 دا ژمارەیان بۆ 27 بەرزبووەتەوە (14 نێر و 13 مێ). زۆربەی ڕووداوەکانی خۆکوشتنی نەوجەوانان و منداڵان بەهۆی هەڵە دەستکاریکردن و یاریکردن بە چەک، کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە بووە.

ساڵی 2018 لە دهۆک 20 نەوجەوان و منداڵ (9 نێر و 11 مێ) خۆیان کوشتووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو 13 نەوجەوان (8 نێر و 5 مێ) خۆیان کوشتووە. لە پارێزگای سلێمانیش لە ساڵی 2018دا 25 نەوجەوان (14 نێر و 11 مێ) خۆیان کوشتووە، بەڵام ساڵی 2019 ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 13 نەوجەوان و منداڵ (8 نێر و 5 مێ).

هەر لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە پارێزگای هەڵەبجە دوو ڕووداوی خۆکوشتن (کچ و کوڕێک) و لە سۆرانیش 4 نەوجەوان کە 3 لەوانە کوڕن و یەکێکیش کچە تۆمار کراوە. لە ڕاپەڕینیش 4 حاڵەتی خۆکوشتن کە یەکێکیان مێیە و لە گەرمیان یەک حاڵەتی خۆکوشتن (نێر) تۆمارکراون.

لەبارەی هۆکارەکانی خۆکوشتنی نەوجەوانان، جوان فاڕووق، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "هۆکارەکان زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان خەمۆکییە، کە بەهۆی گۆڕانی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی، مرۆڤ هەندێکجار تووشی خەمۆکی دەبێت و پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە گوتیشی: "هۆکارێکی دیکە کێشە وتوندوتیژیی کۆمەڵایەتی و خێزانییە کە کەسانی گەورە ڕەچاوی تەمەن و قۆناغی هەرزەکاریی گەنجەکە ناکەن، بە کەم تەماشا دەکرێن، سەرزەنشت دەکرێن و دەشکێندرێنەوە، بۆیە خۆیان دەکوژن، ئەم ڕووداوانەش زیاتر لەنێو قوتابیاندا ڕوودەدەن، کە بەپێی بەدواداچوونی ئێمە ساڵانە زیاتر لە 5 قوتابی بەهۆی کەوتن و هەڕەشەی کەسوکار و مامۆستایانیان خۆیان دەکوژن، تەنیا لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵدا سێ قوتابی لە ڕاپەڕین، گەرمیان، گوندێکی سەر بەناحیەی هەریری شاری هەولێر خۆیان کوشتووە". بەگوتەی ئەو توێژەرە، هۆکاری دیکەش لە پشت خۆکوشتنی نەوجەوانانن، لەوانەش هۆکاری ئابووری و پەیوەندیی خۆشەویستی.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، زۆربەی ئەو نەوجەوانانەی خۆیان کوشتووە، تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 17 ساڵ بووە. زۆربەشیان خۆیان خنکاندووە. یان بە چەک خۆیان کوشتووە.

هەندێک لە ڕووداوەکانیش بە ئەنقەست نەبووە و زۆر جار بەهۆی دەستکاریی چەک بووە.

### 64 نەوجەوان کوژراون

هەر بەپێی ئامارەکەی پۆلیس، لە دوو ساڵی ڕابردوودا 64 نەوجەوان لە هەرێمی کوردستان کوژراون. لە ساڵی 2018 لە پارێزگای هەولێر 12 نەوجەوان کوژراون (6 نێر و شەش مێ) لە 2019دا 7 نەوجەوان کوژراون (2 نێر و 5 مێ).

لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی 2018دا 12 نەوجەوان کوژراون (6 نێر و 6 مێ) لە ساڵی 2019شدا هەشت نەوجەوان کوژراون کە سەرجەمیان مێن. لە سنووری پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2018دا چوار نەوجەوان کوژراون (1 نێر و 3) مێ، لە ساڵی 2019دا ئامارەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و یەک نەوجەوانی نێر و سێی مێ کوژراون.

لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2018دا دوو نەوجەوانی مێ کوژران و لە 2019دا یەک کچی نەوجەوان کوژراوە. لە سۆرانیش لە 2018دا یەک نەوجەوانی کچ و لە 2019دا دوو نەوجەوانی کچ و دوو کوڕیش کوژراون. لە ڕاپەڕین لە ساڵی 2018دا دوو نەوجەوانی کچ کوژراون، لە ساڵی 2019شدا سێ نەوجەوانی کچ و یەک کوڕ کوژراون.

حاڵەتەکانی کوشتن لەنێو نەوجەوانان و منداڵاندا لە تەمەنی یەک ساڵ تا 17 ساڵی تێدایە. کوشتنەکانیش زۆربەیان لە دەرەوەی ماڵ بووە و فڕێدراون. کچەکان بەهۆی دەرنەچوون لە قوتابخانە و کێشەی سۆزداری و کۆمەڵایەتی، کوڕەکانیش بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ هاوڕێ و کێشەی خێزانی کوژراون.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن بۆ هەڵەی خێزان و کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، چونکە هۆکاری زۆربەی کەیسەکانی کوشتن، کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانین، کوشتن لەسەر مۆبایل، دەستدرێژی و پارە و کوشتنیشمان هەیە بە هەڵە بووە، یان لەئەنجامی ڕووداوێکی نەخوازراوی وەک ئەوەی لە ماجیدی لاند ڕوویدا و سێ نەوجەوانان بوونە قوربانی".

لەبارەی خۆکوشتنی نەوجەوانانیش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ: "هۆکاری زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی کچانی نەوجەوان چاولێکەری و فیلم و دراما دۆبلاژکراوەکانە کە زیاترینیان لەڕێگەی خۆخنکاندنە، لە کوڕانیشدا زۆربەی حاڵەتەکان بەهۆی گوێنەگرتن و توندوتیژی خێزانین کە لەکاتی هەڵەیەکی ئەم نەوجەوانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کۆمەڵگاش زوو ناوی دەزڕێنێت، بۆیە یاخی دەبێت و پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن".

### ئاماری کوشتن و خۆکوشتنی نەوجەوانان (2018 – 2019):

| خۆکوشتنی نەوجەوانان: | |
|---|---|
| 126 | نەوجەوان خۆیان کوشتووە |
| 67 | کوڕی نەوجەوان خۆیان کوشتووە |
| 59 | کچی نەوجەوان خۆیان کوشتووە |
| 44 | نەوجەوان لە هەولێر خۆیان کوشتووە |
| 38 | نەوجەوان لە سلێمانی خۆیان کوشتووە |
| 33 | نەوجەوان لە دهۆک خۆیان کوشتووە |

| کوشتنی نەوجەوانان | |
|---|---|
| 64 | نەوجەوان کوژراون |
| 45 | نەوجەوانی کچ کوژراون |
| 19 | نەوجەوانی کوڕ کوژراون |
| 19 | نەوجەوان لە هەولێر کوژراون |
| 20 | نەوجەوان لە سلێمانی کوژراون |
| 8 | نەوجەوان لە دهۆک کوژراون |

زۆربەی ئەو نەوجەوانانەی خۆیان دەکوژن تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 17 ساڵان بووە

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:

ساڵانە زیاتر لە 5 نەوجەوان بەهۆی دەرنەچوون لە تاقیکردنەوە خۆیان دەکوژن

---

# بۆ سوڵح چوون و کوژران

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

چالاک و فریادی پوورزای، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی چارەی ئەو کێشەیە بکەن کە فریاد تێیکەوتبوو، بەڵام لە ڕێگادا دەستدرێژی گوللەیان لێدەکرێ و هەردووکیان دەکوژرێن.

چالاک عەلی، تەمەن 35 ساڵ، باوکی سێ منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی سێتووانی شاری سلێمانی، لەگەڵ فریاد مەحموود، تەمەن 36 ساڵ و باوکی سێ منداڵ کە دانیشتووی گەڕەکی تاسڵوجەی شاری سلێمانی بوو، سەعات حەوتی ئێوارەی 2020/1/22 لە ڕێگەی نێوان عەربەت — قەرەداغ کوژران.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت کە تەرمەکانیان بۆ پشکنین ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کردووە.

نەقیب سەرکەوت لەبارەی وردەکاریی ڕووداوەکە گوتی: "ئەو دوو کەسە سەعات حەوتی ئێوارە لەسەر ڕێگای نێوان عەربەت و قەرەداغ لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستدرێژی گوللەیان لێکراوە، بە هەردووکیان زیاتر لە 14 گوللەیان لێدراوە و هەر لەوێ گیانیان دەرچووە".

سەبارەت بە هۆکارەی ڕووداوەکەش گوتی: "ئیفادەی کەسوکاری کوژراوەکانمان وەرگرتووە، ئەوان دەڵێن نازانین بۆچی کوژراون و کێن ئەوانەی تەقەیان لێکردوون. تاوانبارەکانیش دەستگیر نەکراون، بۆیە تا ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون نییە".

بە گوتەی کەسوکاریان، چالاک و فریاد کە پوورزای یەکدین، پێکەوە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلیان کردووە.

عەزیز عومەر کە ئامۆزای چالاکە بە (ڕووداو)ی گوت: "چالاک کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو، ئەو هیچ پەیوەندی بەو ڕووداوەوە نەبوو، بە غەدر کوژرا".

کەسێکی نزیکی فریاد باس لەوە دەکات کە فریاد کێشەی لەگەڵ هاوبەشێکی خۆی هەبووە. ئەو کەسە کە نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی کێشەکەی کرد و گوتی: "فریاد لەگەڵ کەسێک پێکەوە دووکانێکیان هەبووە، شەریکەکەی بەبێ ئیزنی فریاد دووکانەکەی فرۆشتبوو، فریادیش کاتێک پێی زانیبوو، قوفڵێکی لە دووکانەکە دابوو، لەسەر ئەوە کێشە کەوتە نێوانیان".

ئەو کەسە نزیکەی فریاد ئاماژەی بەوەشدا کە دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو هاوڕێیەی پەیوەندی بە فریادەوە دەکات و پێیدەڵێت من لە پێش دەرگای ماڵەکەتم، ئەگەر نەگەڕێیتەوە ماڵەوە ژنەکەت و منداڵەکانت دەکوژم. لەو کاتەدا فریاد لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیەکانی گەڕابووەوە، بووبوو بە شەڕیان، شەریکەکەی فریاد و کەسێکی دیکە کوژرابوون، بەڵام فریاد دەیگوت دەستی لە کوشتنی ئەواندا نەبووە.

ئەگەرچی لەو شەڕەدا دوو کەس کوژران و فریاد بەشێک بووە لە شەڕەکە، بەڵام نەگیرا. کەسە نزیکەکەی فریاد دەڵێت: "کەسوکاری ئەو دوو کەسەی کوژران، سکاڵایان لەسەر فریاد تۆمار نەکرد و گوتیان ئێمە تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە". ئەو کەسە گوتیشی: "لەو ڕۆژەی ئەو دوو کەسە کوژران، فریاد دەیویست سوڵحیان لەگەڵ بکات، بەڵام ئەوان ڕەتیاندەکردەوە".

عەزیز کە ئامۆزای چالاکە، باسی ئەو شەوەی کرد کە فریاد و چالاک کوژران و گوتی: "ئەو شەوە چالاک لەگەڵ فریاد میوانی هاوڕێیەکیان بوون لە دەرەوەی شار، دوای نانخواردن تەلەفۆنێکیان بۆ هاتبوو، ئیزنیان لە هاوڕێکەیان وەرگرتبوو ڕۆیشتبوون".

بە گوتەی عەزیز، هاوڕێیەکیان تەلەفۆنی بۆ کردبوون بۆ ئەوەی بچن قسە لەسەر کێشەکەی فریاد بکەن و ڕێگەیەک بدۆزنەوە و سوڵحی بۆ بکەن. لە ڕێگا بوون بۆ لای هاوڕێکەیان، بەڵام دوای ئەوەی لە عەربەت دەرچووبوون بەرەو قەرەداغ، دەستدرێژی گوللەیان لێکرا و هەردووکیان کوژران.

عەزیز دەڵێت: "چالاک ڕۆیشتبوو بۆ سوڵح، بەڵام بووە قوربانی تاوانێک کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوو، فریادیش هەتا کوژرا هەر دەیگوت دەستم لە کوشتنی ئەو دوو کەسەدا نییە، بەڵام تاوانەکەیان خستووەتە ئەستۆی من. تەنیا لەپێناو ئەوەی منداڵەکانی بێ باوک نەبن، ئامادەبوو سوڵحیان لەگەڵ بکات".

ئەگەرچی بنەماڵەی چالاک و فریاد لە پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام عەزیز دەڵێت: "ئێمە نازانین کێ ئەو تاوانەی کردووە، گومانمان لە کەسوکاری ئەو دوو کەسە هەیە کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەبەردەم ماڵی فریاد کوژران".

فریاد و چالاک چوون ئاوێک بەو ئاگرەدا بکەن کە دوو ساڵ بوو ژیانی لە فریاد تاڵ کردبوو، بەڵام بە کوژرانی ئەوان ئاگری کێشەکە نەک خامۆش نەبووەوە، بەڵکو بەگوڕتر بوو".





دوو ساڵ لەمەوبەر دوو کەس لە بەردەم ماڵی فریاد کوژراون

حەوت فەرمانبەری کارەبا دەدرێنە دادگا

# لە شەش رۆژدا 307 کەس بەهۆی دزینی کارەبا سزادراون


**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**


لەمــاوەی 6 رۆژدا لە هەولێر و قەزا و ناحیەکانی دەوروبــەری 307 هاوبەشــی کارەبــا ســزادراون و کارەبایان بڕدراوە کە ماڵ و باخچەی بەرپرس، ڤێلا، نەخۆشخانە، هۆتێل، مۆڵ و چێشتخانەی گەورەی تێدایە. یەکێ لە شارە گەشتیارییەکانی سەر رێگای پیرمامیش بە نایاسایی بەشی گەڕەکێکی هەولێر کارەبای بۆ راکێشراوە.

دوای ئــەوەی لەلایــەن وەزیری کارەبــا، وەزیری ناوخــۆ و پارێزگاری هەولێرەوە هەڵمەتێک بۆ بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی کارەبا راگەیەندرا، لە رۆژی 2020/2/2 هەڵمەتەکە دەستیپێکرد.

حوســێن حەمەد، بەڕێوەبەری گشــتیی کارەبای هەولێــر بــە (رووداو)ی راگەیانــد: "ســەرەتای هەڵمەتەکە لەو گەڕەکانەوە دەستیپێکرد کە رووبەری خانووەکانیــان گەورەیــە و بــە خەڵکــی بەرپرس و دەستڕۆیشــتوو ناودەبرێــن، لەوانــەش گەڕەکەکانی وەزیران، مامۆستایان (ئەمین عامەکان) و دۆلاراوە، دواتریــش لــە مەزرەعەکانی ســەر رێــگای پیرمام، قەزاکانی دەشتی هەولێر، ســۆران، چۆمان، رواندز، کۆیە و چەنــد قەزا و ناحیەیەکی دیکە بەڕێوەچوو، بەڵام بەهۆی ســاردیی کەشــوهەوا لە مێرگەســوور هەڵمەتەکــە بەڕێوەنەچــوو، بــەم زووانــە لەوێــش دەستپێدەکەین".

بەڕێوەبەری گشــتیی کارەبای هەولێر گوتیشی: "تاوەکو رۆژی 2020/2/6، 1620 هاوبەشــی کارەبا پشــکنراون، 307یان سەرپێچییان لەسەر تۆڕەکانی کارەبا کردبوو، زیاتر لە 50%ی لەنێو شاری هەولێر بــووە، ئەوەی دیکە لە دەوروبەر و قەزا و ناحیەکان بــووە، ئــەو شــوێنانەش تەنیا مــاڵ نیــن، دوکان، نەخۆشــخانەی ئەهلی، ڤێلا، هۆتێل و چێشتخانەی گەورە و مۆڵی تێدایە".

ناوی زۆر بەرپرس و شوێن دەهێنرێت کە کارەبای ماڵ و ڤێلا و باخچەکانیان بە دزی راکێشاوە، حوسێن حەمەد دەڵێت: "ناتوانم بەوردی زانیاری لەسەر هیچ هاوبەشێک بدەم، چونکە کاری ئێمە ناوزڕاندنی هیچ کەســێک نییە، بەڵام هەڵمەتەکەمان لەو شــوێنانە بــوو کە ماڵ و باخچەی بەرپرس و دەوڵەمەندەکانی تێدایە، کارەبایان بڕدراوە و سزاش دراون، بۆیە هیچ شوێن و کەسێک بەدەر نییە لەو هەڵمەتە".

> لە هەشت مەزرەعەی سەر رێگەی پیرمام حەوتیان کارەبایان دزیبوو

لەبــارەی کاریگەریی بڕینی ئەو ســەرپێچییانەی کارەباش لەسەر باشبوونی دۆخی کارەبا، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر دەڵێ: "570 هەزار هاوبەشی کارەبامان هەیە، بە پشکنینی تەنیا 1620 هاوبەش و بڕینــی کارەبای 307 ســەرپێچیکار دۆخی کارەبا باش نابێت، بەڵام هەڵمەتەکە چەند مانگێک نییە و بەردەوام دەبێت، بۆیە لە داهاتوودا کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر باشترکردنی دۆخی کارەبا و زیادکردنی سەعاتەکانی کارەبا".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کارەبا داوا لە هاووڵاتیان دەکات، سەردانیان بکەن و خۆیان سەرپێچییەکانیان لاببەن، تاوەکو تووشــی ســزا و بڕینی کارەبا نەبن، چونکــە دوای بڕینــی کارەباکەیان، مــاوەی 5 رۆژی پێویســتە تاوەکو کێشەکەیان چارەســەر دەبێت و کارەبایان بۆ دەبەسترێتەوە".

ســەبارەت بە جۆری ئەو ســەرپێچیانەی کراون، نەبــەز عەبدولحەمید، قائیمقامی ناوەندی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیانــد: "زۆربــەی ســەرپێچیکارەکان دەستکاریی پێوەری کارەباکەیان کردووە، ئەمەش بە کەسی شارەزا دەکرێت، پێش ئەم هەڵمەتەش ئێمە چەند کەسێکمان دەستگیرکردبوو، لەم هەڵمەتەشدا زیاتر لە 7 فەرمانبەری کارەبامان دەســتگیر کردووە و دۆسیەکانیان دەدرێتە دادگا، ناوی چەند کەسێکی دیکەشمان لەلایە، دوای دڵنیابوونەوە رێکاری یاسایی دژی ئەوانیش دەگرینەبەر".



هەفتەی داهاتوو هەڵمەتی برێنی سەرپێچییەکانی کارەبا لە بنەسڵاوە و ناحیەکانی دیکەی سنووری قەزای دەشتی هەولێر بەردەوام دەبێت (فۆتۆ: رووداو)

لەبارەی هەڵمەتەکەش، قائیمقامی هەولێر دەڵێ: "ئامانجی هەڵمەتەکە گەڕاندنــەوەی کارەبای دزراوە و جیــاوازی لەنێوان هــەژار و دەوڵەمەند و بەرپرس ناکــرێ، ناوی کــەس ناڵێم، بــەڵام لەنێویاندا ماڵی بەرپــرس هەیە کە کارەباکەیان بــڕدراوە، بێجگە لە ســزای دارایی و بڕینی کارەباکەیان، بەشێکیشــیان رووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە".

هەڵمەتەکــە رۆژی 2020/2/5 لــە مەزرەعەکانی ســەر رێگەی نێــوان هەولێر- پیرمــام بەڕێوەچوو. ئیبراهیم شــێخەڵڵا، قائیمقامی دەشــتی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیانــد: "لەو هەڵمەتەدا پشــکنین بۆ 8 مەزرەعــە کرا، 7 لەوانە ســەرپێچییان کردبوو کە ئــەو مەزرەعانە هی خەڵکــی دەوڵەمەند و بەرپرس بوون. لەلایەن تیمەکانەوە ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکرێ، یەکەمجار پێبژاردنی دوو ساڵی بــۆ دەکرێ. ئەگەر دووبــارەی کــردەوە، لەڕێگەی داواکاری گشــتییەوە داوای یاسایی لەدژی تۆمار دەکرێ و دەدرێتە دادگا".

## شاری گەشتیاری کارەبا دەدزێ!

ئیبراهیم شــێخەڵڵا دەڵــێ: "رۆژی 2020/2/6 تیمی بڕینی ســەرپێچییەکانی ســەر تۆڕی کارەبا چووینــە شــاری گەشــتیاریی (بەفریــن ســتی)، دەرکــەوت کارەبای هەموو شــارەکە بە نایاســایی راکێشراوە، سەرپێچییەکە لە سێ فەیسی گەورەوە کراوە کە هەریەکەیان 650 ئەمپێر کارەبا بۆ هەموو شــارە گەشــتیارییەکە دەبات، واتە نزیکەی 2000 ئەمپێر کارەبا دزراوە و لەلایەن تیمەکانەوە بڕدرا".

قایمقامــی دەشــتی هەولێر گوتیشــی: "جۆری ئەم ســەرپێچییە ئاسایی نییە و لەلایەن خەڵکێکی ئاساییەوە نەکراوە، بۆیە ئەم دۆسیەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، لەوانەیە بێجگە لە بڕینی کارەبا و سزای دارایی بدرێتە دادگاش".

بەگوتــەی ئیبراهیــم شــێخەڵڵا، هەڵمەتەکە لە دەشتی هەولێر و قەزا و ناحیەکان بەردەوام دەبێت: "هەفتــەی داهاتــوو لەنێو بنەســڵاوە و ناحیەکانی دیکەی سنووری قەزای دەشتی هەولێر هەڵمەتەکە بــەردەوام دەبێــت، چاوپۆشــی لە هیچ شــوێنێک ناکرێت، هەر کەســێک لە هەر پلە و پۆستێک بێت بەرگری لەو سەرپێچیکارانە بکات لەڕووی یاساییەوە قبوڵکــراو نییــە، تیمەکــە کاردانــەوەی بەرامبــەر ئەوانیش دەبێت".

> **قایمقامی دەوروبەری هەولێر:**
> شاری گەشتیاریی بەفرین ستی 2000 ئەمپێر کارەبای دزیوە

بەپێــی ئــەو زانیاریانــەی لــە ســەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەســت (رووداو) کەوتووە، یەکێک لە نەخۆشــخانە ئەهلییــە بەناوبانگەکانــی هەولێر سەرپێچی لە راکێشانی کارەبای نیشتمانی کردووە و لەو هەڵمەتەدا کارەباکەی بڕدراوە و سزای داراییش دراوە.

رۆژی 2020/2/5 فرســەت ســۆفی، پارێزگاری هەولێر لــە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیــدا رایگەیاند: "هەڵمەتەکــە سەرتاســەرییە و بــۆ هەمووانــە، ئــەو هەنــگاوە بــۆ تۆڵەســەندنەوە نییــە، بەڵکو رێکخســتنەوەی کارەبایــە و زیادکردنــی پێدانــی کارەبایە بە هاووڵاتییان".

فرســەت ســۆفی ئامــاژەی بــۆ ئەوە کــرد کە کۆمەڵێــک کەس هەن "ئیشــی رەش" بە کارەباوە دەکــەن، زێدەڕۆیــی دەکەنە ســەر کارەبــا، رۆژی 2020/2/4یــش هەندێــک لــەو کەســانەیان دەســتگیرکرد کە وەکو باندیــان لێهاتووە و کاریان دزینــی کارەبا بــووە. هەندێــک نــاوی دیکــەش چاودێرییــان لەســەرە و دەســتگیر دەکرێــن و هەموشیان دەدرێنە دادگا.

قوربانیانی رووداوی هاتوچۆ لە هەڵکشاندایە

# بە تێکڕا رۆژانە لە کوردستان دوو کەس بە رووداوی هاتوچۆ دەمرن

> لە کوردستان رۆژانە 20 کەس بەهۆی رووداوی هاتوچۆ بریندار دەبن

> هەر رۆژێک 4700 سەرپێچیی هاتوچۆ تۆمار دەکرێن

> ملیۆنێک و 743 هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان تۆمار کراون


**سەرباز سیامەند**
**رووداو- هەولێر**


بەپێــی ئامارەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی هاتوچۆی هەرێمی کوردســتان، لە ماوەی 4 ســاڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، گەرمیان) 17 هەزار و 531 رووداوی هاتوچۆ روویانداوە. بەو هۆیەوە 2 هەزار و 737 کەس مردوون و 29 هەزار و 839 کەسیش بریندار بوون.

ئەو ئامــارە کە ئاماری فەرمــی بەڕێوەبەرایەتیی گشــتی هاتوچۆی هەرێمــی کوردســتانە، زۆرترینی لە ســاڵی رابردوودا بــووە کــە 4،479 رووداو بووە. کەمترین رووداوی هاتوچۆ لە ساڵی 2018 تۆمارکراوە کــە 4،208 رووداو بووە، لە ســاڵی 2016دا 4،434 رووداو روویانداوە. لە ساڵی 2017شدا 4،410 رووداو.

لــە ئامارەکەی هاتوچــۆی هەرێمی کوردســتاندا ئامــاژە بــەوە کراوە، لە مــاوەی 4 ســاڵی رابردوودا لــە هەرێمی کوردســتان 17 هــەزار و 531 رووداوی هاتوچۆ بووە کە زۆرترینی لە ســاڵی 2019 دا بووە (4479 رووداو)، کەمترینی لە ســاڵی 2018 دا بووە (4208 رووداو). هەروەهــا ســاڵی 2016 دوابەدوای ســاڵی 2019 بەپلــەی دووەم دێت لــەڕووی ژمارەی رووداوەکانی هاتوچۆوە کە 4434 رووداو بووە، بەڵام ساڵی 2017 ریزبەندی پلەی سێیەمی وەرگرتووە کە 4410 رووداو تۆمار کراوە.

بە گوێــرەی ئامارەکانی هاتوچۆ، ســاڵی رابردوو بە بــەراورد بــە ســاڵی 2018 رووداوەکانی هاتوچۆ زیادیــان کــردووە. لە ســاڵی رابــردوودا 271 رووداو زیادی کردووە.

رووداوەکانــی هاتوچــۆ لە مــاوەی چوار ســاڵی رابــردوودا جگــە لــە زیانی مــاددی، زیانــی گیانیی زۆریشــیان بەدواوە بووە، بــە جۆرێک لە ماوەی ئەو چــوار ســاڵەدا 2.737 کــەس بەهــۆی رووداوەکانی هاتوچــۆوە مردوون، کە بە تێکڕا رۆژانە نزیکەی دوو کەس دەکات.

زۆرتریــن ئــەو کەســانەی بــە رووداوی هاتوچــۆ مردوون لە ســاڵی 2016 بووە کە 817 کەس بووە. کەمترینیشی لە ساڵی رابردوو بووە کە 575 حاڵەت بــووە. لــە ســاڵی 2017دا 690 کەس و لە ســاڵی 2018شــدا 655 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆ مردوون.

بەپێــی ئامارەکان ژمــارەی قوربانیان لە ســاڵی 2019دا بــە بــەراورد لەگــەڵ 2018 کەمی کردووە و جیاوازییەکەیان 80 حاڵەتە.

ســەبارەت بــە برینداربوونیــش بە گوێــرەی ئەو ئامارە، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا 29 هەزار و 839 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە بریندار بوون کە رۆژانە دەکاتە زیاتر لە 20 کەس.



ئەو رووداوانەی لەدەرەوەی شارەکان روودەدەن، زۆرترین قوربانییان لێدەکەوێتەوە (فۆتۆ: رووداو)

زۆرترین حاڵەتەکانی برینداربوون بە رووداوەکانی هاتوچۆ لە ساڵی 2016 دا تۆمار کراوە کە 11 هەزار و 188 حاڵــەت بــووە. کەمتریــن برینداربوونیش لە ساڵی 2018 بووە کە 4،844 بریندار بووە. لە ساڵی 2017دا 7،016 کەس و لە ســاڵی 2019شدا 6،791 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە بریندار بوون.

بەگوێرەی ئامارەکــە حاڵەتەکانی برینداربوون بە رووداوەکانی هاتوچۆ لە ســاڵی 2019 بە بەراورد بە ساڵی 2018، 1،947 حاڵەت زیادی کردووە.

لەماوەی ساڵانی 2016-2019دا بەگشتی 8 هەزار و 317 رووداوی هاتوچۆ لەناو شار و 9 هەزار و 214 رووداویــش لە دەرەوەی شــار روویانداوە. هەروەها 5 هەزار و 796 رووداوی هاتوچۆ لە شــەو روویانداوە و 11 هەزار و 717 رووداویش لە کاتی رۆژدا روویانداوە.

ئــازاد تەهــا، گوتەبێــژی بەڕێوەبەرایەتــی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بــە (رووداو)ی راگەیاند: "رووداوەکانــی دەرەوەی شــارەکان لەوانەی ناوەوەی شــارەکان زیاتــر قوربانییــان بەدواوەیــە. هــۆکاری زۆریشی خۆسەرقاڵکردنی شۆفێران بە مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها لێخوڕینە بە خێراییەکی زۆر".

## هۆکارەکانی رووداوی هاتوچۆ چین؟

سەبارەت بە هۆکاری ئەو رووداوانەی لە چوار ساڵی رابردوودا روویانــداوە، دەرکەوتووە 5 هەزار و 736ی رووداویان بەهۆی خێرایی لێخوڕین بووە. 10 هەزار و 465ی هۆکارەکەی دیکە کەمتەرخەمیی شــۆفێران و بەکارهێنانــی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە، تەنیا هەزار و 330 حاڵەتی هۆکارەکەی پەیوەندی بە توندوتۆڵیی ئۆتۆمبێلەکەوە هەبووە.

عەقید ئەســعەد مەلا کەریم، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردســتان دەڵێت: "هۆشــیاریی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردســتان وەکو پێویست نییە، بۆ نموونە شەقامێکی وەکو 120 مەتری لە هەولێر کە بەپێی ستانداردەکانی جیهان دروستکراوە، بەڵام ئەو رووداوانەی هاتوچۆ کە لێی روودەدات جێگای داخە. خێرایی زۆر هۆکاری زۆربەی رووداوەکانی هاتوچۆیە، بەپلەی دووەم بەکارهێنانی مۆبایل هۆکارێکی دیکەی زۆربوونی رووداوەکانی هاتوچۆیە".

بــۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانــی هاتوچۆ، عەقید ئەســعەد مــەلا کەریــم، بــە پێویســتی دەزانێت کە هۆکارەکانی گواســتنەوەی گشتی پەرەیان پێ بدرێ و رێگاکانی دەرەوەش بکرێن بە جووتساید کە ئێستا 80%یان تاکسایدن.

## سەرپێچییەکان

هەرچەنــدە بەڕێوەبەرایەتییەکانــی هاتوچــۆ لــە هەوڵەکانیان بە ئاراستەی کەمکردنەوەی رووداوەکان کار دەکەن، بەڵام کۆی ئاماری ســاڵانی 2016-2019 دەریدەخات بە گشتی 6 ملیۆن و 869 هەزار و 738 حاڵەتی ســەرپێچی لەلایــەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچــۆی هەرێمی کوردســتانەوە تۆمــار کراون کە رۆژانە دەکاتە زیاتر لە 4700 سەرپێچی.

لەئامارەکەدا دەرکەوتووە، ساڵی رابردوو زۆرترین ســەرپێچی تۆمــار کراوە کە 2 ملیــۆن و 388 هەزار و 129 ســەرپێچی بــووە، ســاڵی 2016 کەمتریــن ســەرپێچی تۆمارکراوە کە ملیۆنێــک و 320 هەزار و 243 ســەرپێچی بووە، ســاڵی 2018 بە ملیۆنێک و 691 هــەزار و 726 ســەرپێچی و ســاڵی 2017 بــە ملیۆنێــک و 469 هەزار و 640 ســەرپێچی بە پلەی دووەم و سێیەم دێن.

لە ســاڵی 2019 بەراورد بە ساڵی 2018 ژمارەی سەرپێچییەکان زیادی کردووە، جیاوازییەکەش 696 هەزار و 403 سەرپێچی بووە.

فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، پێیوایە بارهەڵگرەکان لە رێگاکانی دەرەوە تاڕادەیــەک رۆڵیان لە رووداوەکانی هاتوچۆدا هەیــە. لەنــاو شــارەکاندا رووداوەکان زیاترن، بەڵام رووداوەکانی دەرەوە قوربانیی زیاتریان لێدەکەوێتەوە. چونکە زۆربەی رێگاکانی دەرەوە یەکسایدن و خێرایی رێگاپێدراو زیاترە. لەکاتێکدا لە ناو شارەکان زۆرترین خێرایی لەنێوان 60-80 کیلۆمەتردایە لە سەعاتێکدا.

دەربــارەی تەمەنــی ئەوانــەی تووشــی رووداوی هاتوچۆ دەبن، گوتەبێژی هاتوچۆی هەولێر، دەڵێت: "ئەوانــەی تووشــی رووداوی هاتوچــۆ دەبــن زیاتــر تەمەنیان لە نێوان 18- 25 ساڵە".

## ژمارەی ئۆتۆمبێل نزیک دەبێتەوە لە دوو ملیۆن

بەگوێــرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشــتی پۆلیســی هەرێمی کوردستان. تاوەکو کۆتایی ساڵی 2019 ژمــارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو گەیشــتووەتە ملیۆنێــک و 742 هەزار و 815 ئۆتۆمبێل. لەکاتێکدا تاوەکو ســاڵی 2016 ملیۆنێک و 391 هەزار و 954 ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو هەبووە، لە ساڵی 2017 بووە بە ملیۆنێک و 469 هەزار و 887 ئۆتۆمبێل و لە ســاڵی 2018یشدا ملیۆنێک و 589 هەزار و 611 ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو.

ســاڵی رابردوو بە بەراورد بە ســاڵی 2018، 153 هەزار و 204 ئۆتۆمبێل زیادیان کردووە.

فازل حاجی دەڵێت گوتی: "ئامارەکان پێماندەڵێن بەبەراورد بەزۆر بوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل رووداوەکانی هاتوچــۆ کەمیان کردووە، لەماوەی ســاڵی رابردوودا لــە هەولێر 300 هــەزار ئۆتۆمبێلی نوێ تۆمارکراون. زۆربــەی هــۆکاری رووداوەکانیش هۆکارەکــەی بۆ شوفێران دەگەڕێتەوە".

## مۆڵەتی شوفێری

تاوەکــو کۆتایی ســاڵی 2019 ژمــارەی ئەوانەی مۆڵەتی شۆفێرییان دەرهێناوە گەیشتووەتە ملیۆنێک و 785 هەزار و 161 مۆڵەت، لەکاتێکدا تاوەکو ساڵی 2016 ملیۆنێک و 578 هەزار و 186 کەس مۆڵەتیان وەرگرتــووە، لــە ســاڵی 2017 بووە بــە ملیۆنێک و 647 هەزار و 836 ئۆتۆمبێل و لە ســاڵی 2018یشدا ملیۆنێک و 715 هەزار و 202 مۆڵەت. ئەگەر ئاماری ســاڵی 2018 لەگەڵ ســاڵی 2019 بــەراورد بکەین، دەبینین تەنیا ساڵی رابردوو 69 هەزار و 954 مۆڵەتی شوفێری زیادی کردووە.

| ساڵ | رووداو | مردن | برینداربوون |
|---|---|---|---|
| 2016 | 4434 | 817 | 11188 |
| 2017 | 4410 | 690 | 7016 |
| 2018 | 4208 | 655 | 4844 |
| 2019 | 4479 | 575 | 6791 |
| ک.گ | 17531 | 2737 | 29839 |



د. ئاراس برادۆستی

# کۆرۆنا ڤایرۆسێکی دەستکردە؟

رۆژ لە دوای رۆژ، نهێنیی گرنگ و کاریگەر لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دزە دەکەن، بەتایبەتیش بۆ نێو نێوەندە پزیشکییەکان، هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان رێگرن لە بڵاوبوونەوەی بەشێکیان، بەڵام ئەمە رێگر نییە لە کەڵەکەبوونی شاخێک لە پرسیار و گومان لە مێشک و خەیاڵی زانایان و توێژەرانی بواری پزیشکیدا.

مردنی گوماناویی دکتۆر لی، ئەو پزیشکەی بۆ یەکەمجار هۆشداری بڵاوبوونەوەی "پەتایەکی نوێ"ی لە چین راگەیاند، بە هۆکارێکی نادیار و بەو هەموو لێڵی و شڵەژاوییەی بە راگەیاندنی هەواڵەکەوە دیاربوو، گومانەکانی لە بارەی سەرچاوەی ڤایرۆسەکە قووڵتر کردوونەتەوە.

هۆکارێکی سەرەکی مردن بە کۆرۆنا "پەککەوتنی کتوپڕی کۆئەندامی هەناسەدان"ی کەسی تووشبووە کە ئەمە وەک مانگەشەو لە "سیتی سکان"ی قوربانییەکاندا دەناسرێتەوە، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، بۆچی تاوەکو ئێستا چین ئامادە نییە تاکە بەڵگەیەک، شیکارییەک، تیشکێک، سیتی سکانێکی دکتۆر لی بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی دەریبخات بەڕوونی بەچی مردووە، بە دوو دێڕ و لە بەینی دوو کەوانەدا گوتیان بە کۆرۆنا مردووە و برایەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە "لی" بۆ یەکەمجار هەواڵەکەی لە گروپێکی وی چاتدا بڵاوکردەوە و هاواری دەکرد فریای ووهان بکەون، پەتاکە زۆر خێرا و بکوژە، کاربەدەستانی چین دەستبەسەریان کرد و دڵسۆزییەکەی ئەویان بە "رووشاندنی ئاسایشی میللیی چین" دانا.

توێژینەوەکان بەردەوامن لەسەر کۆرۆنا، سەرنجڕاکێشترینیان دانەیەکی هیندییە کە پرۆفیسۆرانی ئینستتیوتی تەکنەلۆژی و زانکۆی دلهی بە هاوبەشی کردوویانە. توانا زانستی و تەکنەلۆژییەکانی هەردوو دەزگا زانستییەکە لەسەر ئاستی جیهان کەمهاوتان، بۆیەش توانیویانە بە خێراییەکی زۆر بگەنە ئەنجامێک کە رەنگە لە داهاتوودا ئاراستەی کۆرۆنا بگۆڕن.

بەگشتی کۆرۆنا نوێیەکە لە خێزانی " Coronaviridae"ـە کە 11 ڤایرۆسن و هەر جارێک بە شێوەیەک خۆیان دەردەخەن، خاسیەتەکانیان هێندە نزیکن لەیەکەوە کە بە یەک خێزان ریزبەند کراون، بەڵام توێژینەوە سەرنجڕاکێشەکە خاسیەتی دیکەی دۆزیوەتەوە.

من توێژینەوەکەم لە سەرچاوەیەکی پزیشکانی سنگ و هەناسەی جیهانیدا دەستکەوت، پوختەی کۆتایی توێژینەوە زانستییە وردەکە هەندێک گۆڕانکاری "سەرسامکەر و شێوە دەستکرد"ی لە ریشاڵەکانی ڤایرۆسەکەدا دەرخستووە، زاناکانی دوو دەزگا هیندییەکە بەراوردێکی زانستی و وردیان لەنێوان کۆرۆنای نوێ و هەموو کۆرۆناکانی دیکە بە تەکنەلۆژیای " MultiAlin software" کردووە، دەرکەوتووە ناوکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هی خێزانەکەیە، بەڵام چوار ریشاڵە پرۆتینییەکەی دەوری ناوکەکە لە هیچ یەکێک لە ئەندامانی دیکەی خێزانی کۆرۆنا ناچن، ئەوان بە راشکاوی دەڵێن "هیچ بنەمایەکی زانستی ناتوانێت باوەڕ بەوە بکات ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە سروشتی ڤایرۆسەکە بەوکاتە خێرایە، سروشتی و ئاسایی بێت".

لەوە سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێن خاسیەتەکانی چوار ریشاڵە نوێیەکە زۆر نزیکن لە خاسیەتەکانی ریشاڵە پرۆتینییەکانی "HIV"، ئەم لەیەکچوون و خزمایەتییە نوێیەی نێوان کۆرۆنا و ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز بەلای زانا و توێژەرە هیندییەکانەوە بەرەو ئەوەیان دەبات بیر لەوە بکەنەوە کە کۆرۆنای نوێ ڤایرۆسێکی دەستکردە!

لە ووهان، ئەو شارەی کۆرۆنای نوێی تێدا دۆزرایەوە، تاقیگەیەکی گەورە هەیە کە کاری توێژینەوەی گەورە و جیهانییە لەسەر ڤایرۆس و میکرۆبە جۆراوجۆرەکان، ئەگەر لێکدانەوەکەی توێژەرانی دلهی دروستبێت، ئەنجامەکە دەمانباتەوە بۆ ئەو دوو گریمانە ترسناکەی کە هێشتا پزیشکان نایانەوێت بیدرکێنن، یەکەمیان رەنگە پرۆسەیەکی زانستی لەسەر ڤایرۆسێک لە تاقیگەکەی ووهان لە کۆنترۆڵ دەرچووبێت و بووبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، گریمانەی دووەمیش رەنگە جەنگێکی بایۆلۆژی بێت و ئەمریکا لە دژی چین بەرپای کردبێت تاوەکو بەر بە هەڵکشانی خێرای ئابووریی چین بگرێ کە تاکە مەترسی ئابوورییە لەسەر ئەمریکا لە داهاتوودا.

تۆ لەمانە گەڕێ، ئەی ئەگەر کۆرۆنا هاتە کوردستان چیمان بەسەردێت؟

چین بەو زلهێزییەوە هێشتا دەرەقەتی کۆرۆنا نایەت، کوردستان زۆر لەوە لاوازترە و ئەگەر بە جددی خۆمانی بۆ ئامادە نەکەین، کۆرۆنا دەتوانێت قیامەتی کوردستان بهێنێتە پێشەوە، چین بەو هەموو توانا ئابوورییەوە هێشتا ناتوانێ تەنانەت ماسکیش دابین بکات، ئینجا کۆرۆنا هێشتا لە ووهان بوو نرخی ماسک لە کوردستان بۆ چوار هێندە بەرزبووەوە، ئەی ئەگەر گەیشتە ئێرە چی دەقەومێ؟

چین بەو ژێرخانە گەورەیەی کە هەیەتی دەتوانێ لە 10 رۆژدا نەخۆشخانەیەک دروستبکات و کردیشی، ئەی ئێمە دەتوانین چی بکەین کە ژێرخانی تەندروستییەکی فشۆڵمان هەیە و تەندروستی هەرگیز کاری لەپێشینەی حکومەت و سیاسییەکانمان نەبووە و نییە.

کامە تاقیگەی حکومی و ئەهلی لە کوردستان و عێراق دەتوانێت کۆرۆنا بناسێتەوە؟ بێگومان نیمانە، کامە تیمی پزیشکیی تایبەتمەند دەتوانێت دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات؟ دڵنیام و هەمووانیش لەمن باشتر ئەوە دەزانن کە نیمانە.

وەرگرتنی پلەی گەرمیی جەستەی گەشتیار لە فرۆکەخانە "اجعف الایمان"یش تەواو نییە، ئەی ئەگەر گەشتیارەکە پانادۆڵێکی خواردبوو پلەی گەرمیی جەستەی دابەزیبوو؟

من ئەمانە ناڵێم تاوەکو بتانترسێنم، مەبەستیشم نییە حکومەت یان هەر کەسێک بریندار بکەم، ئامانجمە بە راشکاوی، راستگۆیی و دڵسۆزی پێتانبڵێم، کوردستان بەرگەی هیچ جۆرە پەتایەکی کوشندە ناگرێت، نە سیری کوردی و نە ئەو شۆیەی کە پێشانی خەڵک دەدرێت، دەتوانن رێگری بکەن لە هاتنی هیچ پەتایەک، بۆیە تکای دڵسۆزانەی من لە بەرپرسە باڵاکانی وڵات ئەوەیە بۆ پاراستنی خۆتان و هاووڵاتیان بایەخی جددی و شایستە بە کەرتی تەندروستی بدەن، دوایی کە کۆرۆنا یان هەر پەتایەکی هاوشێوە هات، ناپرسێت کێ سەرۆکی هەرێمە، کێ سەرۆکی حکومەتە و کێ سەرۆکی پەرلەمان؟ دەچێتە هەناسەی هەموومانەوە بێ جیاوازی!

# خەتەنەی کچان و زیانەکانی



**رووداو- WHO**

خەتەنەکردنی کچان تاوەکو ئێستاش لەلایەن هەندێک کۆمەڵگە بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا درێژەی پێدەدرێ کە تێیدا بەشێک یان هەموو ئەندامی زاوزێی مێیینە دەبڕدرێت. بەگوێرەی ئامارەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، تاوەکو ئێستا 200 ملیۆن کچ لە وڵاتانی ئەفریقا خەتەنەکراون. ساڵانەش نزیکەی 100 ملیۆن کچ مەترسیی خەتەنەکردنیان لەسەرە، هەر بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن ئەو رێکخراوە جیهانییە بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی کچان لە تەمەنی 4-15 ساڵی خەتەنە دەکرێن، ئەو وڵاتانەشی کە زۆرترین رێژەی خەتەنەکردنی کچانی تێدایە بریتین لە، وڵاتانی ئەفریقا، یەمەن، عێراق، سعودیە، عومان، ئیندۆنیسیا و هیندوستان.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی نووسیویەتی "خەتەنەکردنی کچان هیچ سوودێکی تەندروستی نییە، بگرە بە خراپی کار دەکاتە سەر لایەنی جەستەیی، دەروونی و ژیانی سێکسیی کچەکە".

**زیانە جەستەییە کورتخایەنەکانی خەتەنەکردنی کچان بریتین لە:**

- **ئازار:** بەهۆی بڕینی شانەکان و دەمارەکان.
- **خوێنبەربوون:** بەهۆی بڕینی لوولەکانی خوێن.
- **هەڵئاوسان:** بەهۆی دروستبوونی هەوکردن.
- **هەوکردن:** ئەو ئامرازانەی بەکاردێن هۆکارن.
- **مردن:** بەهۆی خوێنبەربوون و هەوکردنەوە.

جگە لەو زیانانەی سەرەوە، خەتەنەکردنی کچان کۆمەڵێکی زیانی دیکەی هەن کە درێژخایەنن و بەدرێژایی ژیانی خانمەکە لەگەڵی دەمێننەوە لەوانەش: کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکس، ئازار لەکاتی جووتبوون، زەحمەتکردنی پرۆسەی منداڵبوون، هەوکردنی بەردەوامی زێ و گرفتی میزکردن.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت ئەو خانمانەی خەتەنە دەکرێن زیاتر تووشی گرفتە دەروونییەکان دەبن بەتایبەتی خەمۆکی و دڵەڕاوکێی بەردەوام.



# گوشاری دەروونی و سپیبوونی قژ

**رووداو- مێدیکاڵ نیوز**

بەهۆی ژیانی مۆدێرنەوە رۆژانە زیاتر و زۆرتر رووبەڕووی گوشاری دەروونی دەبینەوە، ئەمەش ئەگەر بۆماوەیەکی درێژخایەن بێت، چەندین کاریگەری خراپی لەسەر لایەنی جەستەیی و دەروونی جێدەهێڵێت.

تا ئێستا چەندین توێژینەوە ئەوەیان دەرخستووە گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی سپی هەڵگەڕانی قژ، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ کە لەلایەن زانکۆی هارڤارد کراوە، پەیوەندیی نێوان گوشاری دەروونی و سپیبوونی قژی بە وردی دۆزیوەتەوە.

د.یاچی هیسو، پرۆفیسۆری بایۆلۆژی و یەکێک لەوانەی بەشداری لە توێژینەوەکەدا کردووە، دەڵێت: "بۆمان دەرکەوتووە ئەو کەسانەی زۆرتر رووبەڕووی گوشاری دەروونی دەبنەوە، زووتر قژیان سپی دەبێت."

لە توێژینەوەکەدا هاتووە هۆرمۆنەکانی گوشار بەگشتی و (نۆرئیپنفرین) بەتایبەتی دەبنە هۆی پێشوەختە چالاکبوونی قەدەخانەکانی بۆیەی قژ. بۆیە بە لە ناوچوونیان ئەو بۆیەیە دروست نابێت کە رەنگ بە قژ دەبەخشێ و ئەم زیانەش هەمیشەییە.

بەڵام مەرج نییە گوشاری دەروونی هۆکاری سەرەکی سپیبوونی قژ بێت، پزیشکێکی پسپۆڕی پێست لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بە ناوی دکتۆر لیندسی بۆردۆن دەڵێت: "سپیبوونی قژ ئەو کاتە روودەدات کە ئەو خانانەی بەرپرسن لە بەخشینی بۆیە بە قژ لەنێودەچن، ئەمەش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن روودەدات، زۆربەی جاریش هۆکارەکە بۆماوەییە، بەڵام دەکرێت فاکتەری دەرەکیی دیکە ببنە هۆی ئەوەی حاڵەتەکە زووتر دەربکەوێت."

پزیشکانی زانکۆی هارڤارد دەڵێن، هەریەکە لە جگەرە، کەمیی پرۆتینەکان، ڤیتامینی B-12 و ئاسن رۆڵیان هەیە لە سپیبوونی قژ.



## توێژینەوەیەکی نوێ:

# رووەکخۆرەکان تووشی هەوکردنی میزەڕۆ نابن



**رووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی**

توێژینەوەی زۆر لەبارەی سوودەکانی خواردنی سەوزە کراون، بەشێوەیەکی زانستی ئەوە سەلمێنراوە خواردنی سەوزە کۆمەڵێک سوودی بۆ جەستە هەیە، پزیشکان دەڵێن ئەو کەسانەی لە ژەمە خۆراکییەکانیاندا زیاتر سەوزە دەخۆن، مەترسیی تووشبوونیان بە چەندین نەخۆشی کەمتر دەبێتەوە.

تیمێکی پزیشکانی زانکۆی پزیشکی لە تایوان سوودێکی دیکەی خواردنی سەوزەیان دۆزیوەتەوە، ئەویش کەمبوونەوەی مەترسیی تووشبوونە بە هەوکردنی میزەڕۆ.

هەوکردنی میزەڕۆ گرفتێکی بەربڵاوە و زیاتر خانمان بەدەستییەوە گیرۆدەن. بەگوێرەی ئەو ئامارە جیهانییانەی بەردەستن، نزیکەی 150 ملیۆن کەس ساڵانە جارێک تووشی هەوکردنی میزەڕۆ دەبن کە نیشانە بەربڵاوەکانیشی بریتین لە هەستکردن بە ئازار لەکاتی میزکردن، خوێناویبوونی میز و ئازاری خوارەوەی سک.

تیۆرییەکەی پزیشکانی زانکۆی پزیشکی لە تایوان ئەوەیە، یەکێک لەو بەکتریا بەربڵاوانەی دەبێتە هۆی هەوکردنی میزەڕۆ بریتییە لە (E.coli) کە دەکرێت هەندێ جۆری ئەو بەکتریایە لە رێگەی خواردنی گۆشتەوە بچنە نێو جەستە و تووشی هەوکردنی میزەڕۆت بکەن. ئەو کەسانەشی کە رووەکخۆرن و لە خواردنی گۆشت دوورن کەمتر تووشی گرفتەکە دەبن.

د.چین لۆن لی، یەکێک لە پزیشکە سەرپەرشتەکانی توێژینەوەکە دەڵێت: "بۆمان دەرکەوتووە ئەوانەی سەوزە دەخۆن و رووەکخۆرن کەمتر تووشی هەوکردنی میزەڕۆ دەبن بە تایبەتی خانمان".

پزیشکانی تایوان کە توێژینەوەکەی خۆیان لە جۆرناڵی پزیشکیی (Scientific Reports) بڵاوکردووەتەوە، دەڵێن زۆر خواردنی سەوزە مەترسیی تووشبوون بە هەوکردنی میزەڕۆ بەرێژەی 16% کەمدەکاتەوە.

800 هەزار کەس لەو شەڕەدا کوژراون

# ئەمریکا لە شەڕی تیرۆردا دوو ترلیۆن دۆلاری خەرج کردووە

ڕووداو- هەولێر

ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی ئاشکرای دەکات لە 18 ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا زیاتر لە 2 ترلیۆن دۆلاری ڕاستەوخۆ لەشەڕی دژی تیرۆردا خەرج کردووە و چەند سەد ملیار دۆلاریشی وەک سوودی قەرزی ئەو شەڕە لەسەر کەڵەکە بووە کە ئەگەر نەدرێنەوە هەتا کۆتایی ئەم دەیەیە دەگەنە چەند ترلیۆن دۆلارێک.

پەیمانگەی واتسن بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی گشتی لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "خەرجیی شەڕەکانی دوای 11ی سێپتەمبەر تەنیا تێچووی ئۆپەراسیۆنەکان، کەرەستە سەربازییەکان و ستافی سەربازی ناگرێتەوە، بەڵکو خەرجیی دانەوەی سوودەکانی قەرزی شەڕەکەش دەگرێتەوە". لە کاتێکدا ئەگەر "پارەی شەڕ لە ڕێگەی قەرزەوە دابین بکرێ، ئەوە خەرجییەکانی شەڕ زۆر زیاتر دەبێ لەوەی ئەگەر خەرجییەکان لە ڕێگەی (بەرزکردنەوە) باج و داهاتەکانی دیکەوە دابین بکرێ".

پەیمانگە ئەمریکییەکە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا بەناوی (20 ساڵ شەڕ)، ساڵانە ڕاپۆرت لەسەر خەرجییەکانی شەڕی ئەمریکا بڵاودەکاتەوە. لە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵیدا دەڵێت خەرجییە ڕاستەوخۆکانی شەڕی دژی تیرۆر لە نزیکەی 18 ساڵی ڕابردوودا 2 ترلیۆن و 22 ملیار دۆلار بووە.

خەرجی شەڕی تیرۆر لە ساڵی 2001، واتە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، 16 ملیار دۆلار بووە، بەڵام قەرزەکانی شەڕی ڕاستەوخۆی ئەو ساڵە لە 2020 گەیشتووەتە 24.58 ملیار دۆلار. ئەمریکا لە 18 ساڵی ڕابردوودا 925.93 ملیار دۆلار قەرزی خەرجییەکانی ئەو شەڕەی لەسەر کۆبووەتەوە.

> ئەمریکا نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلار قەرزداری شەڕی دژی تیرۆرە

لە ساڵی 2002ـەوە خەرجییەکانی شەڕی ڕاستەوخۆی دژی تیرۆر بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە، بە جۆرێک لە 2002 بۆ 2003، خەرجییەکان بە ڕێژەی زیاتر لە سێ هێندە بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 76.67 ملیار دۆلار. لە 2004ـەوە هەتا سەرەتای 2015، هیچ ساڵێک نەبووە خەرجییەکانی شەڕی ڕاستەوخۆی دژی تیرۆر لە 90 ملیار دۆلار کەمتر بووبێ.

زیاترین خەرجیی شەڕی ڕاستەوخۆی دژی تیرۆری ئەمریکا لە ساڵی 2008 بووە، کاتێک ئەمریکا 202 ملیار و 120 ملیۆن دۆلاری لەو شەڕەدا خەرج کرد. لەو ساڵەدا بڕی سوودی قەرزەکانی شەڕەکە 663.58 ملیار دۆلار بووە.

مانگی ڕابردوو، زۆرینەی گروپە شیعەکانی پەرلەمانی عێراق داوایان لە حکومەتی وڵاتەکەیان کرد بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکات. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات تەنانەت ئەگەر ئەمساڵ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە، شەڕی دژی تیرۆریش بوەستێنرێ و هەموو خەرجییەکانی ئەو شەڕەش ڕابگیرێن، ئەوە سوودی قەرزەکانی شەڕەکە لە 2010ـەوە هەتا 2030 دەگاتە 2.14 ترلیۆن دۆلار و لە 2050 دەگاتە 6.5 ترلیۆن دۆلار.

ساڵی ڕابردوو بڕی قەرزە گشتییەکانی حکومەتی ئەمریکا گەیشتە 22 ترلیۆن دۆلار کە بەرزترین ئاستی قەرزی گشتییە ئەمریکا لە مێژووی خۆیدا تۆماری کردبێ. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، 2 ترلیۆن لەو قەرزە لە سەردەمی ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا بەرزبووەتەوە.

ئەو 2.02 ترلیۆن دۆلارەی لە ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی واتسندا ئاماژەی بۆ کراوە خەرجیی ڕاستەوخۆی شەڕن و زۆر خەرجی دیکە لەخۆناگرن کە بەهۆی شەڕی دژی تیرۆرەوە لەسەر ئەمریکا کەڵەکە بوون.

ڕاپۆرتێکی مانگی تشرینی دووەمی واتسن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەرجییە ڕاستەوخۆکان و خەرجییە پەیوەندیدارەکانی ئەو شەڕە زیاتر لە 6.4 ترلیۆن دۆلارە. عێراق، ئەفغانستان و دواتریش سووریا، لە خەرجییە ڕاستەوخۆکانی جەنگدا پشکی شێریان بەردەکەوێ. لە 2003 هەتا 2010، ئەمریکا 880 ملیار دۆلاری لە چوارچێوەی خەرجییە ڕاستەوخۆکانی شەڕی تیرۆردا لە عێراق و سووریا خەرجکردووە، واتە ساڵانە 44 ملیار دۆلار.

نێتا سی. کرۆفۆرد، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی پرۆژەکەی واتسن، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ماڵپەڕی (کۆنزەرڤەیشن)ی ئەمریکی دەڵێت لە چوارچێوەی خەرجییە گشتییەکانی شەڕی دژی تیرۆردا 1.922 ترلیۆن دۆلار لە عێراق خەرجکراوە. ئەوەش جگە لە خەرجییە ڕاستەوخۆکانی شەڕ، سوودی تێچووەکانی شەڕیش دەگرێتەوە کە وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا بەهۆی شەڕی تیرۆر لە عێراق خەرجی کردوون و بەشەکەی عێراق خۆی لە 444 ملیار دۆلار دەدات.

جیا لەمە، خەرجی چاودێریی تەندروستی و قەرەبووی دارایی سەربازە بریندارەکانی پێشووی ئەمریکا لە عێراق 199 ملیار دۆلارە، بەشێک لەو خەرجییە هەتا کۆتایی ژیانی سەربازەکان بەردەوام دەبێ. لە دوای 11ی سێپتەمبەرەوە 4.1 ملیۆن سەربازی ئەمریکا کەوتوونەتە ژێر چاودێری دارایی ئەمریکاوە.

لە ساڵی 2003 وە ئەمریکا 59 ملیار دۆلاری لە چوارچێوەی پرۆگرامی (USAID) لە عێراق و سووریا خەرجکردووە کە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی، ئاوەدانکردنەوە، ڕاهێنان و هەڵگرتنەوەی مین خەرجکراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (کۆنڤێرزەیشن)، زیاترین خەرجی ساڵانەی ئەمریکا لە عێراق لە 2008 بووە، کاتێک ئەمریکا 140 ملیار دۆلاری لە شەڕی تیرۆر لە عێراق خەرجکرد.

نزیکەی دوو دەیە شەڕی دژی تیرۆر، زیانی گیانی گەورەشی بە ئەمریکییەکان و خەڵکی ئەو وڵاتانە گەیاندووە کە خاکی وڵاتەکەیان گۆڕەپانی شەڕەکە بووە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی تشرینی دووەمی 2009ی پەیمانگە ئەمریکییەکە، لە 18 ساڵی شەڕەکەدا نزیکەی 800 هەزار کەس کوژراون، لەو ژمارەیە 7000یان سەربازی ئەمریکین و 4752 کەسیان لە عێراق کوژراون. بەدەر لەوە 7950 بەڵێندەر و هاووڵاتی سڤیل و 22 فەرمانبەری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی شەڕی دژی تیرۆردا کوژران، کە 3603 حاڵەتیان لە عێراق بووە.

لە نزیک دوو دەیەی ڕابردوودا، 184 بۆ 207 هەزار هاووڵاتی مەدەنی، 48 هەزار و 337 بۆ 52 هەزار و 337 سەرباز و پۆلیسی عێراقی، 277 میدیاکار و کارمەندی دەزگا میدیاییەکان، 63 فەرمانبەری ڕێکخراوە مرۆییەکان لە عێراق کوژراون. کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی لە 18 ساڵی ڕابردوودا بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ناوچەکانی شەڕی عێراق کوژراون 286 بۆ 308 هەزار کەسە.

ئەمریکا لە کۆتاییەکانی 2014ەوە بەشداری لە شەڕی دژی داعش لە سووریادا کردووە. بەو پێیەی بەشی زۆری شەڕە مەیدانییەکان لەسەر شانی هێزەکانی سووریای دیموکرات بووە، بۆیە ژمارەی کوژراوانی هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا بە بەراورد لەگەڵ عێراق و ئەفغانستان یەکجار کەم بووە. لە پێنج ساڵی ڕابردوودا حەوت سەرباز، یەک فەرمانبەری وەزارەتی بەرگری و 17 بەڵێندەری ئەمریکی لە شەڕی دژی داعش لە سووریا کوژراون.

لە شەڕی دژی داعش لە سووریا 179 هەزار کەس کوژراون، لەو ژمارەیە 49 هەزار و 591 کەسیان هاووڵاتیی مەدەنین، 11 هەزار کەسیان هێزەکانی سووریای دیموکراتن، 75 کەسیان ڕۆژنامەنووس و ستافی میدیایین و 185 کەسیان فەرمانبەری ڕێکخراوە مرۆییەکانن.



خەرجییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شەڕی دژی تیرۆر 6.4 ترلیۆن دۆلار لەسەر ئەمریکا کەوتووە

ڕووسیا گوشارەکانی لەسەر زیاد کردووە

# بیلاڕووس بە دەردی ئۆکراینا دەچێ؟

ڕووداو- هەولێر

سەرۆکی بیلاڕووس لە کۆتایی نەوەتەکاندا بیری لە یەکخستنی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕووسیا دەکردەوە، هەتا پێنج ساڵ لەمەوبەریش پایتەختی بیلاڕووس ناوەندی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئۆکراینا و ڕووسیا بوو، بەڵام ئێستا کێشەی نرخی نەوت لە نێوان هەردوو وڵات و هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئەو وڵاتە، ئەو ئەگەرەی بەهێز کردووە کە بیلاڕووس ئامانجێکی نوێی هەڵمەتی فراوانکردنی هەژموونی ڕووسیا بێ.

بیلاڕووس ساڵانێکە لەسەر ناکۆکیی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاواییەکان دەژی، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان مینسک و مۆسکۆ کاتێک ئاڵۆزی گەورەیان تێکەوت کە سەرەتای ئەمساڵ ڕووسیا هەناردەی نەوتی بۆ بیلاڕووس ڕاگرت، ئەوەش دوای ئەوەی حکومەتی مۆسکۆ ڕایگەیاند کە ئامادە نییە لە نرخەکانی نەوتدا داشکاندن بۆ بیلاڕووس بکات، هۆکاری ئەو بڕیارەش ئەوە بوو هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی ڕووسیا و بیلاڕووس لە 2019 بە هیچ کوێ نەگەیشتن.

بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو، حکومەتی مۆسکۆ هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی "پەیماننامەی یەکگرتنەوە"ی 1999 چڕکردبووەوە. بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە، ڕووسیا و بیلاڕووس زۆربەی لایەنەکانی ئیداری و تەنانەت سیاسیی وڵاتەکانیان یەکدەخەنەوە، ئەوەش وەک هەنگاوێکی بەرایی بەرەو یەکگرتنەوەی تەواوەتیی هەردوو وڵات، بەڵام حکومەتی مینسک هیچ مەیلێکی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە نەماوە.

هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا، پێگەی بیلاڕووسی بەهێز کردووە. سەرەتای ئەم مانگە، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی میسنکی کرد و لەگەڵ ئالێکساندەر لوکاشینکۆ، سەرۆککۆماری بیلاڕووس کۆبووەوە. لە 1993وە، ئەوە یەکەمجارە وەزیرێکی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی مینسک بکات.

پۆمپیۆ لە گەشتەکەیدا بەڵێنی دا کە وڵاتەکەی ئامادەیە هەموو پێداویستییەکانی وزەی بیلاڕووس دابین بکات. بەڵام بەوپێیەی نەوتی ئەمریکا بە کەشتی دەگوازرێتەوە، بۆیە ئەستەمە حکومەتی بیلاڕووس بتوانێ پێداویستیی خۆی لە ڕێگەی نەوتی ئەمریکییەوە پڕبکاتەوە.

هەفتەیەک دوای گەشتەکەی پۆمپیۆ، سەرۆکی بیلاڕووس سەردانی ڕووسیای کرد و لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا کۆبووەوە بۆ ئەوەی کێشەی نرخەکانی نەوت چارەسەر بکەن، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە بێ ئەنجامی دڵخوازی بیلاڕووسییەکان کۆتایی هات.

لوکاشینکۆ لە 1994ـەوە سەرۆککۆماری بیلاڕووسە و بە "دوایین دیکتاتۆری ئەورووپا" ناوی دەرکردووە. بە درێژایی 26 ساڵی ڕابردوو، سەرۆکی بیلاڕووس لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیادا مانۆڕی داوە. لە گەرمەی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و نیمچەدوورگەی کریمیا لە 2014 و 2015، سەرۆکی بیلاڕووس پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو وڵات بەکارهێنا بۆ ئەوەی حکومەتی ئۆکراینا و جوداخوازەکان (کە ڕووسیا پشتگیرییان دەکات) بگەنە ڕێککەوتنێک.

لە بەهاری 1999، ناتۆ سنوورەکانی خۆی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا درێژکردەوە، لەوانەش پۆڵەندا، کۆماری چیک و هەنگاریا. مۆسکۆ پێیوابوو یەکگرتنەوە لەگەڵ بیلاڕووس چانسی ئەوەی دەداتێ کە سنوورێک بۆ فراوانبوونی جوگرافیای ئەندامگیری و چالاکییەکانی ناتۆ دابنێ. لە پلانەکەدا بیر لە دراوی هاوبەش، دەستووری هاوبەش، سیستەمی دادوەریی یەکگرتوو کرابووەوە.

لوکاشینکۆ لە 1999دا کە ئەو پەیماننامەیەی واژۆکرد، بەو هیوایە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان شوێنی بۆریس یەڵتسین، سەرۆکی پێشووی ڕووسیا بگرێتەوە و حوکمی ڕووسیا و بیلاڕووسیش بکات، بەڵام دەرکەوتنی ڤلادیمیر پوتین، کۆتایی بەو خەونە هێنا.

هەرچەند پلانەکە لە هیچکام لە خاڵەکانیدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بەڵام بوو بە کارتێکی یاریکردن بۆ لوکاشینکۆ، کە بەهۆیەوە نەوت و غازی هەرزانی لە ڕووسیا دەستدەکەوت. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی دارایی ڕووسیا، ئەو داشکانەی بۆ نرخەکانی نەوت و غازی بیلاڕووسی دەکەن، ساڵانە دوو ملیار دۆلار لەسەر حکومەتی مۆسکۆ دەکەوێ.

دەوڵەتی "خۆشگوزەران"ی لوکاشینکۆ بۆ ڕاگرتنی دڵی هاووڵاتیان پشت بەو نەوت و غازە هەرزانە دەبەستێ کە ڕووسیا بۆیان دابین دەکات. جیا لەمە ڕووسیا گەورەترین بازاڕی کاڵاکانی بیلاڕووسە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی ٪40ی کۆی هەناردەی بیلاڕووس بۆ ڕووسیایە.

ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، خەون بە زیندووکردنەوەی هەژموونی ڕووسیا لەو ناوچانەدا دەبینێ کە پێشتر لەژێر چەتری یەکێتیی سۆڤیەتدا بوون، هەر بۆیە گەلی ڕووسیا و ئۆکراینا بە "یەک گەل" ناودەبات. بەڵام نزیکایەتی کولتووریی نێوان بیلاڕووسەکان و ڕووسەکان زۆر لە هی ڕووسەکان و ئۆکراینییەکان زیاترە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی بیلاڕووسییەکان بە ڕووسی قسە دەکەن، کەنیسەی ئۆرسۆدۆکسی ئەو وڵاتە لقێک لە کەنیسەی ئۆرسۆدۆکسی ڕووسیایە.

بیلاڕووس بە پێچەوانەی لاتڤیا و لیتوانیا هیچ ئەزموونێکی دوور و درێژی سەربەخۆیی نییە، بەدەر لەو ماوەیەی لە 1918 بۆ 1919 کۆماری گەلی بیلاڕووس لەژێر چاودێریی ئەڵمانەکان دروستبوو. بۆیە نەوەی دوای ڕووخانی سۆڤیەت تاکە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە ئەزموونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە.

جیا لەمە بیلاڕووس لە ژمارەیەک ڕێکخراوەی ناوچەییدا بەشدارە کە ڕووسیا تێیاندا باڵادەستە، لەوانەش یەکێتی ئابووریی ئۆراسیا و ڕێکخراوی پەیماننامەی ئاسایشی کۆیی کە ڕووسیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازییەکانی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دروستیکردووە.

جێفری مەنکۆف، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) پێیوایە هەموو ئەو فاکتەرە سیاسی، ئابووری، جوگرافی و کولتوورییانە وادەکەن بیلاڕووس "باشترین پاڵێوراو" بێ بۆ تێکەڵبوونی قۆناغ بە قۆناغ و یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕووسیا.

لە ڕابردوودا بیلاڕووس لە کاتی زیادبوونی گوشارەکانی ڕووسیا پەنای بۆ یەکێتیی ئەورووپا دەبرد، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکانی ئەورووپا و ڕووسیا زۆر لەوە ئاڵۆزتر و گرژترە کە ڕێگە بە یارییەکی سیاسی لەو جۆرە بدات. تەنانەت پۆمپیۆ لەکاتی گەشتەکەی بۆ بیلاڕووس گوتی: مەسەلەکە ئەوە نییە لە نێوان ئێمە و ئەوان (واتە ڕووسیا) یەکێکیان هەڵبژێرن".

پاش ئەوەی ڕووسیا کریمیای هێنایە سەر خاکی خۆی، لوکاشینکۆ پەرەی بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپییەکان دا. حکومەتی مینسک بە پێچەوانەی خواستی ڕووسیا، کریمیا بە بەشێک لە خاکی ڕووسیا نازانێ و لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێگری کردووە لەوەی ڕووسیا بنکەی سەربازی و ئاسمانی لە بیلاڕووس دابنێ. حاڵی حازر ڕووسیا بنکەیەکی ڕادار و پەیوەندی لە بیلاڕووس هەیە.

بیلاڕووس لە دیوی باشوورەوە دراوسێی ئۆکراینایە و لە ڕۆژئاواوە هاوسنووری پۆڵەندا و لیتوانیایە کە دوو وڵاتی گرنگی باڵی ڕۆژهەڵاتی ناتۆن. مونکۆف پێیوایە شەڕی ئۆکراینا و قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان ڕووسیا و ناتۆ "بایەخی جیۆپۆلیتیکی بیلاڕووسی لای ڕووسەکان زیاتر کردووە"، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەوە "دەتوانێ گوشار لەسەر ئۆکراینا زیاتر بکات و بەرگریی ناتۆ لە باڵی ڕۆژهەڵات لاواز دەکات".

> ڕووسیا چیدی ئامادە نییە لە نرخی نەوت داشکاندن بۆ بیلاڕووس بکات



پوتین، خەون بە زیندووکردنەوەی هەژموونی ڕووسیا لەو وڵاتانە دەبینێ کە پێشتر لەژێر چەتری یەکێتیی سۆڤیەتدا بوون



عێراق دەڵێ داعشە و ئەمریکا دەڵێت کەتائیبی حیزبوڵڵایە

# گومان دەخرێتە سەر هێرشەکەی کەی وان

ڕووداو- هەولێر

بەرپرسانی سەربازی و هەواڵگریی عێراق هەتا ئێستاش گومانیان هەیە لەوەی کەتائیبی حیزبوڵڵا هێرشەکەی سەر (کەی وان)ی لە نزیک کەرکووک ئەنجامدابێ کە خەریک بوو ئێران و ئەمریکا تووشی جەنگێکی ڕاستەوخۆ بکات. ئەمریکییەکان دەڵێن بەڵگەیان هەیە کەتائیب لە پشت هێرشەکە بووە، بەڵام عێراقییەکان هێشتا گومانیان بۆ داعش دەچێ.

چوار ڕۆژ پێش کۆتایی ساڵی 2019، بارهەڵگرێکی سپیی جۆری کیا لە ناوچەیەکی کەرکووکەوە بنکەی کەی وانی ڕۆکێتباران کرد، لە هێرشەکەدا شەش کەس بریندار بوون و یەک بەڵێندەری ئەمریکیش کوژرا. ئەو هێرشە و وەڵامدانەوەی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە دژی بنکەکانی کەتایبی حیزبوڵڵا لە عێراق و سووریا کۆمەڵێک ڕووداوی بەدوادا هات کە دەکرا سەرەتای جەنگێکی هەمەلایەنی ناوچەیی بێ.

بەرپرسانی سەربازی و هەواڵگریی عێراق کە قسەیان بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی کردووە، گومانیان هەیە لەوەی کەتایبی حیزبوڵڵا هێرشێکی لەو جۆرەی کردبێ، لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی ڕوونیشیان بەدەستەوە نییە بیسەلمێنێ چ گروپێک لە پشت هێرشەکەوە بووە. لەلایەکی دیکەشەوە کاربەدەستانی ئەمریکی سوورن لەسەر ئەوەی بەڵگەیان بەدەستەوەیە کە کەتائیب هێرشەکەی کردووە.

هیچ گروپێک بەرپرسیارێتی هێرشەکەی 27ی کانوونی یەکەمی نەگرتە ئەستۆ، ئەمریکاش هەتا ئێستا ئەو بەڵگانەی بۆ ڕای گشتی نەخستووەتەڕوو. هاوکات بەشێک لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ ئێران هەیە و ئەوەش گومانی ئەوە دروست دەکات کە نەیانەوێ هێزەکانی نزیک لە تاران لە هێرشێکی ئاوها بە بەرپرسیار بزانن. کەتائیبی حیزبوڵڵا ڕەتی کردووەتەوە دەستی لەو هێرشەدا هەبووبێ.

کاربەدەستانی عێراقی بەپێی هەلومەرجی هێرشەکە گومانیان بۆ دروستبووە، لەبەر ئەوەی ڕۆکێتەکان لە ناوچەیەکی سوننەنشینی پارێزگای کەرکووکەوە ئاراستەی کەی وان کراون و بە ئەستەم دەزانرێ گروپێکی وەک کەتائیبی حزبوڵڵا کە لە ساڵی 2014 وە لە پارێزگای کەرکووک ئامادەگی نەماوە، بتوانێ ئەو ناوچەیە بۆ هێرش بەکاربهێنێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، لە 10 ڕۆژی پێش هێرشەکەی کانوونی یەکەم داعش سێ هێرشی بۆ سەر ناوچەکانی نزیک لە کەی وان کردبوو، هەواڵگریی عێراقیش لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی پارساڵ ئەمریکییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە کە داعش بەنیازە بنکەی کەی وان بکاتە ئامانج. بارهەڵگرەکە 1000 مەترێک دوور لەو شوێنە دۆزرابووەوە کە تێیدا داعش لە ئەیلوولی پارساڵ پێنج خاوەن گامێشی شیعەی ناوچەکەی کوشتبوو.

ئەحمەد عەدنان، بەرپرسی بەشی هەواڵگریی پۆلیسی فیدراڵی لە بنکەی کەی وان، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن داعش لە پشت هێرشەکەوە بووبێ. ئێمە کە هێزی عێراقیشین ناتوانین لەو ناوچەیە نزیک بکەوینەوە، چونکە پارێزراو نییە. چۆن دەکرێ کەسێک کە ناوچەکە ناناسێ بێتە ئێرە و لێرەوە هێرش بکات؟".

ئەمریکییەکان ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە. دوو کاربەدەستی حکومەتی واشنتن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوان بارهەڵگرەکەیان پشکنیوە و لەوێوە بەڵگەیان دەستکەوتووە کە کەتائیبی حیزبوڵڵا لە پشت هێرشەکە بووە. بەرپرسێکی دیکەش باس لە دزەکردنە ناو پەیوەندییەکانی کەتائیب دەکات کە بەڵگەی دیکەیان بەدەستەوە داوە لەبارەی ئەوەی ئەو گروپە دەستی لە هێرشەکەدا هەبووە.

پێشتر ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی لە زاری بەرپرسانی عێراقییەوە ئاشکرای کردبوو میلیشیاکانی حەشد بڕیاریان دابوو هێرشەکانیان بۆ سەر ئەو بنکانە زیاتر بکەن کە سەربازی ئەمریکییان لێیە، بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچار بکەن دەستبکاتەوە و لەوێشەوە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان لە دژایەتی ئێرانەوە بۆ دژایەتی ئەمریکا بگۆڕن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز، ئەبومەهدی موهەندیس کە لە هێرشە ئاسمانییەکەی سێی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لەگەڵ قاسم سولەیمانی کوژرا، سەرپەرشتی ئەو هەوڵەی دەکرد.

مانگی ڕابردوو، هیشام ئەلهاشمی، لێکۆڵەری کاروباری ئەمنیی عێراق و ڕاوێژکاری حکومەتی پێشووی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت کە "لە نێوان ئابی 2018 هەتا کانوونی یەکەمی 2019، گروپەکانی سەر بە میحوەری بەرگری لە حەشد زیاتر لە 33 هێرشیان بۆ سەر ئەمریکییەکان کردبوو" ئەمریکا کاردانەوەی بەرامبەر هیچیان نەبوو، چونکە بە گوتەی ئەلهاشمی "مەترسییەکی ڕاستەخۆیان دروست نەدەکرد".

کاربەدەستانی عێراق گلەیی ئەوەیان هەیە کە ئەمریکا نە بەڵگەکانی ئاشکرا کردووە و نە پێش ئاشکراکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان هیچ پرسێکیان پێکردوون. محەممەد ئەلبەیاتی، فەرماندەیەکی سەر بە سوپای بەدر، لەوبارەوە دەڵێ: "داوامان لە ئەمریکییەکان کردووە هەموو زانیاری و بەڵگەکانمان بدەنێ، بەڵام ئەوان هیچ زانیارییەکیان نەدا".

ئەبوو عەلی ئەلبەسری، بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری و دژەتیرۆری عێراقیش دەڵێت ئەوان پێش هێرشی سەر بنکەکانی کەتائیبی حیزبوڵڵا لە ڕۆژی 29ی کانوونی یەکەمی پارساڵ هیچ پرس و ڕایەکیان پێنەکراوە. ئەلبەسری دەڵێ: "ئەمریکییەکان داوای شرۆڤەی منیان لەبارەی ڕووداوەکەی کەرکووک نەکرد و هیچ زانیارییەکیشیان نەدا، جاران هەم ڕاوێژیان پێدەکردین و هەم زانیارییان لەگەڵ دەگۆڕینەوە".

هێزەکانی ئەمریکا و عێراقییەکان لە هاوینی 2014ەوە دەستیان بەگۆڕینەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکان کردووە. بەڵام وەک بەرپرسانی ئەمریکی ئاماژەی بۆ دەکەن، ئێران دزەی کردووەتە ناو دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق، بۆیە زانیارییە هەستیارەکان نادەن بە عێراقییەکان، چونکە دەترسن بگەنەوە دەست ئێران.

سەبارەت بە ژمارەی ڕۆکێتەکانیش ناکۆکی هەیە لە نێوان هەواڵگریی عێراق و ئەمریکییەکان. سوپای ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە 31 ڕۆکێت ئاراستەی کەی وان کراوە، لە کاتێکدا عێراقییەکان باس لە 11 ڕۆکێت دەکەن. ئەو عێراقییانەشی لە بنکەی کەی وان بوون باسی 16 ڕۆکێت دەکەن.

عەلی فەرحان، جووتیار و موختاری گوندی نەپتیس، دەڵێت ئەو بە ڕێکەوت لەو کاتەدا لەگەڵ براکەی لە دەرەوە بوون و باسی کێڵانی زەوییەکەیان دەکرد، کاتێک بارهەڵگرە کیاکە لە باشووری ڕۆژئاواوە دەرکەوت و لایدا سەر ڕێگای قوڕ و دوای نیو میل ڕۆیشتن لەپڕ وەستا و لایتەکانی کوژاندەوە. سەعات 7:20 خولەک یەکەم ڕۆکێت لە بارهەڵگرەکەوە هەڵدرا.

ئەحمەد عەدنان دوای تەلەفۆنی عەلی فەرحان خۆی گەیاندبووە شوێنەکە و بینیبووی هێرشەکە دەکرا زۆر لەوە قورستر بێ کە کرابوو، چونکە لە پشت بارهەڵگرەکە سێ دەستەی 12 دانەیی ڕۆکێتی دۆزیبووەوە کە کەمتر لە نیوەیان بەکارهێنرابوون و چواریشیانی نەتوانیبوو بەکاربهێنێ، بۆیە گومان دەکرێ 14 ڕۆکێت ئاراستەی کەی وان کرابن.

فەرماندەکەی هەواڵگریی پۆلیسی کەی وان دەڵێ ئەوان لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆی ڕۆژی هێرشەکەدا هۆشدارییان بە ئەمریکییەکان دابوو کە ئەگەری هێرش هەیە. فەرماندەیەکی پۆلیسی فیدراڵیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ئەمریکییەکان پاڕاوەتەوە باڵۆنی سیخوڕییەکە بە ئاسمانی بنکەی کەی وانەوە بهێڵنەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە باڵۆنەکە بۆ چاککردنەوە هێنراوەتە خوارەوە.

بەرپرسانی عێراقی زۆر پرسیاری وەڵامنەدراوەیان هەیە. عەبدولحوسێن ئەلحونەین، ڕاوێژکاری عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "هەتا ئێستا ناسنامەی هێرشکەرەکە پشتڕاست نەکراوەتەوە. هەندێک گومان هەیە، من ناڵێم هەموو شتێک دەزانم، بەڵام دەکرێ هێرشەکە لەلایەن داعش یان بەعسییەکانەوە کرابێ".



ئەمریکا هەتا ئێستا ئەو بەڵگانەی نەداوەتە کەس کە تێوەگلانی کەتائیبی حیزبوڵڵا لەو هێرشە دەسەلمێنن (فۆتۆ: AFP)

# پەیوەندیی ئەردۆغان و پوتین لەبەردەم تاقیکردنەوەدایە



شەڕی ئیدلب ڕێککەوتنی تورکیا و ڕووسیای خستووەتە ژێر تاقیکردنەوە (فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

هەفتەی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا سەردانی ئۆکراینای کرد و لەبەردەم گاردی شەرەفدا هاواری کرد "بژی ئۆکراینا" کە دروشمێکی دیاری دژە- ڕووسیایە لە ئۆکراینا. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەش بەڵێنی 200 ملیۆن دۆلار هاوکاریی سەربازی بە ئۆکراینا داوە. پێش سەردانەکە، هەشت سەربازی تورک بەهۆی هێرشی هێزەکانی سووریا کوژرابوون. ڕووداوەکانی ئیدلب و لیبیا پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیایان خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە.

پەیوەندیی ئەنقەرە و مۆسکۆ لە دوای هەوڵی کودێتای تورکیا لە 2016 بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بە جۆرێک لە ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی ئەتڵەسی باکوور باس لە بادانەوەی تورکیا بۆ لای ڕووسیا دەکرا، بەڵام ئەو پەیوەندییە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی پراگماتیکی بوو، بۆیە ڕووداوێکی وەک کوژرانی هەشت سەربازە تورکەکە، هێرشەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی سەر ئیدلب و ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە لیبیا، دەتوانێ زیانی گەورە بەو پەیوەندییانە بگەیەنێ.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی تورکیا بە ڕۆژنامەی (فاینەنشاڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە: "هەقە بڵێین پەیوەندییەکەمان (لەگەڵ ڕووسەکان) پەیوەندییەکی ئاسان نییە. بۆ هەندێک لە بەرپرسان و شرۆڤەکارانی ڕۆژئاوایی ئاسانە بڵێن تورکیا پشتی لە ڕۆژئاوا کردووە، بەڵام بڵێی تورکیا لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ ڕووسەکان ڕێککەوتووە ئەمە ڕاست نییە".

ئەردۆغان و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا لە ناوەڕاستی ئەیلوولی 2018 وە ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە ئیدلب واژۆ کردووە کە تێیدا باس لە دروستکردنی ناوچەیەکی لە چەکداماڵراو لە ئیدلب دەکات. بەپێی ڕێککەوتنەکە تورکیا دەبێ پارێزگاکەی باکووری ڕۆژئاوای سووریا لە چەکدارانی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە پاکبکاتەوە، بە تایبەتی هەیئەی تەحریری شام کە بە بەهێزترین گروپی ئیدلب دادەنرێ. لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەو ڕێککەوتنەوە دەسەڵاتی هەیئە لە پارێزگاکە ئەگەر زیادی نەکردبێ، کەمی نەکردووە.

تورکیا لە وەڵامی کوژرانی سەربازەکانیدا ڕایگەیاند کە چیدی زانیاری لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا ئاڵوگۆڕ ناکات، مۆسکۆش پێیوایە هەڵەکە هی ئەنقەرەیە کە شوێنی هێزە سەربازییەکانی ئاشکرا ناکات.

حکومەتی سووریا و هاوپەیمانەکانی لە کانوونی یەکەمی پارساڵەوە هێرشی سەر پارێزگای ئیدلبیان دەستپێکردووە، بەگوێرەی داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 580 هەزار خەڵکی مەدەنی پارێزگاکە لە ترسی هێرش ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە.

بەشی زۆری ئاوارەکان ڕوویان لە سنوورەکانی سووریا و تورکیا کردووە و بەشێکی کەمیشیان بەرەو ڕۆژئاوای پارێزگاکە ڕایانکردووە. پێش دەستپێکی شەڕی نێوخۆی سووریا، ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە تەنیا یەک ملیۆن کەس بوو، بەڵام لە نۆ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی ناوچە سوننەنشینەکانی دیکەی سووریا ڕوویان لەو پارێزگایە کردووە.

تورکیا نیگەرانە لەوەی لێشاوێکی دیکەی کۆچبەرانی سووری ڕوو لە وڵاتەکەی بکەن، لە کاتێکدا ئێستا میوانداریی زیاتر لە 3.5 ملیۆن ئاوارەی سووری دەکات.

کۆنستانتین کۆساچیڤ، سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی ڕووسیا، لە لێدوانێکدا بۆ (تایمز)ی بەریتانی دەڵێت: "ئەو دۆخە مایەی نیگەرانییە. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی جددییە بۆ ڕێککەوتنەکانی ئێستای ڕووسیا و تورکیا".

تورکیا و ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا پشتگیری لەدوو لایەنی دژبەر دەکەن، هەر ئەوەش تەحەدای گەورەی لەبەردەم قووڵتربوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە دروستکردووە. بەڵام ساڵی ڕابردوو تورکیا دواجار سیستەمی دژەمووشەکی ئێس 400ی ڕووسی کڕی کە دژایەتییەکی گەورەی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپای لێکەوتەوە. تورکیا پێیوایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە جیاجیاکانی جیهان بدات، یەک لەوانەش ڕووسیایە.

بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسیا کە هێزی باڵادەستی سووریایە کارێکی ئاسان نییە. شارەزایان پێیانوایە هۆکاری کێشەکانی ئەنقەرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەی تورکیا لە زۆر لە بوارەکاندا لە هی ڕووسیا لاوازترە، هەر ئەوەش دەرفەتی خۆسەپاندنی بە ڕووسیا داوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کردەوە وازیان لە بژارەی سەربازی بۆ لادانی ڕژێمی سووریا هێناوە، ئەوەش تورکیا لە دژایەتی بەشار ئەسەددا بە تەنیا هێشتووەتەوە.

هەرچەند ڕووسەکان دەڵێن کێشەی ئیدلب بە دانوستاندن چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەزموونی ڕابردوو پیشانی داوە کە ڕووسەکان ئەو جۆرە هەوڵە دیپلۆماسیانە بۆ کڕینی کات بەکاردەهێنن و ئیدلب درەنگ یان زوو دەکەوێتەوە دەست هێزەکانی لایەنگری بەشار ئەسەد.

هەموو ئەو شتانەی کە تورکیا لە سووریای ئێستا بە دەستکەوتیان دەزانێ، لەژێر ڕەحمەتی ڕووسیادان، لەسەرووی هەمووشیانەوە چارەنووسی پارێزگای ئیدلب و دوورخستنەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە سنوورەکانی تورکیا. شارەزایان پێیانوایە ڕووداوەکانی ئیدلب ناتوانێ پەیوەندییەکانی ئێستای ڕووسیا و تورکیا لەبەر یەک هەڵوەشێنێ.

ئەسلی ئایدین تاشباش، لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا پێیوایە "تورکیا ناتوانێ ڕووسیا لەخۆی دووربخاتەوە، ڕاستە تورکیا داردەستی ڕووسیا نییە، بەڵام (بەرژەوەندییەکانی) تورکیا وەها بەستراونەتەوە بە مۆسکۆوە، کە تورکیا ناتوانێ لە یەکەم قەیراندا لەو پەیوەندییانە دەربچێ".

> بەرپرسێکی تورک: پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ڕووسیا ئاسایی نین

> بەرپرسێکی یەکێتیی ئەورووپا: تورکیا داردەستی ڕووسیا نییە، بەڵام ناشتوانێ پشتی تێبکات



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ڕێگری لە نەوەخستنەوە، جینۆسایدێکی بەردەوام

دەمەوێ ئەو گوندەی تیایدا لەدایک بووم و لێی ژیاوم، بکەمە نموونەی کۆمەڵگەیەکی بچووککراوەی وڵاتەکەم، هەروەها بیکەمە دەستپێکی ورووژاندنی بابەتێکی مەترسیدار کە ئەویش پرۆسەی جینۆسایدێکی بەردەوامە لە کوردستان.

گوندەکەمان (بنگرد) لادێیەکی گەورە بوو لە نێوان چەمچەماڵ و کەرکووک. دەتوانم بڵێم لەو ڕۆژگارانەدا یەکێک لە ئاوایییە پڕ مەخلوقەکانی کوردستان بوو، بۆ ساڵانی حەفتا و هەشتاکان سەت ماڵ لە گوندێکدا ژمارەیەکی زۆر بوو. هەندێ لە ماڵەکانیش کوڕێک و دوانیان خێزاندار بوون و لەسەر ماڵە باوان بوون. ساڵی 1986 لە پرۆسەی ڕووخاندنی گوندە نزیک شار و شەقامە سەرەکییەکان ڕووخێنرا و خەڵکەکەی ئاوارە کران. ئەوکات تەمەنم گەیشتبووە شانزە ساڵ و بەباشی یادەوەرییەکانم لەبیرە. لە هەموو ئەو گوندەدا تەنیا یەک خێزان هەبوون (پیرەمێردێک و پیرەژنێک) نەزۆک بوون و منداڵیان نەدەبوو. بەڵام ئێستا چەندین نەوە لە کچان و کوڕانی ئەو گوندە کە خێزانیان پێکەوەناوە، گرفتی نەوەخستنەوەیان هەیە. دڵنیام ئەمە بۆ تەواوی کوردستان ڕاستە.

ئێستا بچیتە هەر شار و شارۆچکەیەک، بە ئەندازەیەکی زۆر کلینکی پزیشکیی تایبەت بە کێشەی (ژنان و منداڵبوون) دەبینی. هەر یەک لەو پزیشکانەش لێی بپرسیت چەند نەخۆشی تایبەتت هەیە؟ ئەگەر وەڵامی دروستت بداتەوە بە هەزارانن. ئەمە پێویستی بە لەسەرووەستان و هەڵوەستە هەیە. ئایا ئەو ڕێژەیە لە نەزۆکی، یان گرفتی منداڵبوون دیاردەیەکی ئاساییە؟ یاخود دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی پلان و ستراتیجێکە بۆ ڕێگری لە نەوەخستنەوە لە کوردستان؟ ئەوەی لە نەخۆشخانەکان و کلینکە تایبەتەکان دەبینرێت دیوێکی ڕاستییەکەیە، دیوەکەی تری لە دەرئەنجامی بەراوردکاری ڕێژەی لەدایکبوون و گەشەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم و دەوروبەرەکەی پێی دەگەین.

هیچ گومانم لەوە نییە زیادبوونی دیاردەی نەزۆکی لەناو خێزانەکان، پەیوەندی بە وڵاتانی نەتەوەی سەردەستەی ناوچەکەوە هەیە و وەک ئامرازێک بۆ جینۆسایدکردنی کورد پەیڕەوی دەکەن لەڕێگەی ئەو دەرمان و کاڵا و شمەکە خۆراکیانەی دەینێرنە هەرێمی کوردستانەوە. ئەو ڕێژە زۆرەی نەزۆکی و کێشەی منداڵبوون، ئەوەی لە کوردستان هەیە لەهیچ شوێنێکی تر بەدی ناکرێت. هەر ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گرفتێکی تایبەتە بە ئێمە. لەبەر ئەوەش کە دەرکەوتەکە تازەیە و پێشتر بەو جۆرە لەناو باو و باپیرانمان نەبووە، کەواتا پەیوەندی بە جینات و سروشتی ناوچەکە و بۆماوەییەوە نییە، ئەوەندەی نەخۆشییەکی دروستکراوە.

ئەگەر عێراق وەک نموونەیەک بە هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین و پشت بەو سەرژمێرییانە ببەستین کە لە ساڵانی ڕابردوو ئەنجامدراون و ئەو داتا و ئامارانەی لەبارەی ژمارەی دانیشتووانی ئێستای هەردوو بەشەکەی هەرێم و عێراق بکەین بە پێوەر، دەگەینە دەرئەنجامێکی مەترسیدار.

دوا سەرژمێری کە لە هەموو عێراق کرابێت سەرژمێریی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1987 بوو، بەپێی ئەو سەرژمێرییە ژمارەی تەواوی دانیشتووانی عێراق (شانزە ملیۆن و سێسەت و سی و پێنج هەزار و سەت و نەوەت و نۆ) کەس بووە. لەم ژمارەیە چوار ملیۆن و سێسەت و هەشتاو شەش هەزار و شەش سەت و نەوەت و حەوت کەسی لە سێ پارێزگاکەی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) ژیاون. لەکاتێکدا لەو سەرژمێرییەدا تەواوی گوندەکان و ئەو شارۆچکانەی خرابوونە پلانی ئەنفالەوە سەرژمێری نەکران، واتا ژمارەکە لەوەش زیاترە کە تۆمار کراوە. ئەوەی لە عێراق دەمێنێتەوە بریتییە لە یانزە ملیۆن و نۆسەت و چل و هەشت هەزار و پێنج سەت و دوو کەس. دوای 33 ساڵ لەو سەرژمێرییە، ئەگەر داتا و ژمارەکانی ئێستا هەڵسەنگێنین کە عێراق گەیشتووەتە چل ملیۆن و لەو ژمارەیەش کەمتر لە شەش ملیۆنی لە هەرێمی کوردستانن. واتا 11 ملیۆنەکەی عێراق دوای 33 ساڵ گەیشتووە بە نزیکەی 35 ملیۆن. لەو 33 ساڵەدا 24 ملیۆن کەس زیادی کردووە. بەڵام چوار ملیۆنەکەی هەرێم لەو 33 ساڵە تەنیا یەک ملیۆن و نیو زیادی کردووە. ڕێژەی گەشەکردنەکە لە عێراق لە سەتا سێ سەتە، بەراورد بە هەرێمی کوردستان کە لەسەتا کەمتر لە سییە.

پێشتر زۆر باسی ئەو کێشەیە کراوە کە ڕێژەی لەدایکبوون لە کوردستان بەرانبەر بە عەرەبی عێراق ناسروشتییە و لە دوورمەودادا کاریگەریی دەخاتە سەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان. هۆکارەکان ڕوونکراونەتەوە کە چەندی پەیوەندی بە ئاین و بە پێکهاتەی خێڵەکیی عەرەب و کولتووری خێزانی و بڕیاری ئارەزوومەندانەوە هەیە لە دروستکردنی منداڵ. بەڵام هیچکات درکمان بەو مەترسییە نەکردووە کە ستراتیجێک لەپشت ئەم کێشەیەوە هەیە بۆ ڕێگری لە خستنەوەی نەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردی. ژمارەی ئەو خێزانانە چەندن کە ئارەزوومەندانە منداڵ دروست ناکەن یاخود بڕیاریان داوە تەنیا یەک یان دوو منداڵیان هەبێ، بەڵام ڕێژەی ئەوانەی ئارەزووی منداڵ دەکەن و کێشەیان هەیە زۆر زۆر زیاترە.

ڕێگری لە نەوەخستنەوە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە لە مێژوودا نموونەی زۆرە. دەسەڵات و دەوڵەتەکان زۆرجار بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی ئێتنیکێکی جیاواز پەنایان بۆ بردووە. لە جیاکردنەوەی خێزان و دابڕینی نێر و مێ، تا دەگاتە بەزۆر بەکاربردنی دەرزی و دەرمان بۆ ئەوەی توانای دروستکردنی منداڵیان نەمێنێ. ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەستی پێدەکرێت دووبارەکردنەوەی ئەو سیاسەتەیە، بەڵام لەڕێگەی ناڕاستەوخۆوە لەلایەن تورکیا، ئێران و عێراقەوە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان. ساڵانێکی زۆرە کەلوپەل و شمەک و تەنانەت دەرمانیش لەم وڵاتانەوە دەهێنین. هیچ گومانی تێدا نییە ئەو وابەستییە وایکردووە بەپلان و بەشێوازی زانستی لەلایەن ئەم وڵاتانەوە دەرمانی تایبەت لە خۆراک بکرێ بۆ ئەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لە کوردستان کەمبکرێتەوە.

ساڵی 1948 نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری دا وەک تاوانی نێودەوڵەتی لەو پرۆسانە بڕوانێت کە بەرانبەر بە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئێتنیکی و ئاینیی جیاواز دەگیرێنەبەر بەمەبەستی سڕینەوەیان. لە بڕگەی (د)ی یاساکە کە وەک هێمای ناسینەوەی ئەو تاوانە ئاماژەی پێکراوە، (سەپاندنی ئەو ڕێکارانەیە کە ئامانج لێی ڕێگرییە لە نەوەخستنەوە لەنێو پێکهاتەیەکی جیاوازدا). ئەوەی ئێستا دەوڵەتانی ناوچەکە بەرانبەر بەهەرێمی کوردستان دەیکەن بەپێی ئەو پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

بوونی بڕگەیەکی تایبەت بەم پرسە لە یاسایەکی گرنگی لەو جۆرە، ئاماژەی بوونی تاوانەکەیە لەو هەلومەرجەدا کە یاساکەی تێدا دەرچووە. واتا وڵاتانی بەشدار لە جەنگە جیهانییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی، وەک پلانێک بۆ لەناوبردنی ئێتنیکێکی جیاواز پەنایان بۆ ڕێگری لە نەوەخستنەوەش بردووە. بۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان بەئەندازەی کۆمەڵکوژی و تاوانێکی گەورەی دژەمرۆڤایەتی وەک هۆلۆکۆست، ڕێگری لە خستنەوەی منداڵی وەک پایەیەکی جینۆساید ئەژمار کردووە.

گرنگە تاقیگە پزیشکییەکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوە لەم بارەیەوە بکەن تا دەگەنە ڕاستی و بنج و بناوانی ئەم مەترسییە، کە جینۆسایدێکی بەردەوامە بەرانبەر بە کوردستان.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ئەسپە تۆپیوەکەی مەلامەزهەرا!

ناوەناوە پیاوە ئایینییە دەمارگرژەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هاواریان لێ هەڵدەستێ لەدەست ڕێکخراوەکانی ژنان و بە سەبەبکاری قەیرانی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی لەقەڵەمیان دەدەن. بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەش لەو سۆنگەیەوە دەنرخێنن و بەو پێیەش، لەڕێی پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی ئایینییەوە بانگەشەی چارەسەری ئەو قەیرانە دەکەن. بەڵام ئایا سەبەبکاری ئەو دۆخە قەیرانلێدراوە ڕێکخراوەکانی ژنانن؟ ئایا ئەڵتەرناتیڤی ئایینی دەتوانێ چارەسەر بێت؟ لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم نیشانی بدەم ئەو دڵەڕاوکێ مۆراڵییەی مەلا دەمارگرژەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستی دەکەن، ئەگەر بەهۆی نیازخراپیشیانەوە نەبێ، ئەوا بەهۆی ڕووکەشبوونی تێگەیشتنیانە لە قووڵایی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە. هەربۆیە ئەو چارەسەرەش کە دەیخەنەڕوو، نە خێری خەڵکی خوای تیایە، نە خێری ئایینی خوا.

## لە تێکوەربوونی جیهانی تا لێکجیابوونەوەی خێزانی

تێکوەربوونی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ جیهانی سەردەم بەناچاری کۆمەڵگەی ئێمەشی تووشی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی و هەمەلایەن کردووە. گەلێک فاکتەری وەک بەجیهانیبوون؛ هۆمەنی تەکنەلۆژیای پێوەندیگرتن و لە سۆنگەی ئەویشەوە فراوانبوونەوە و چڕبوونەوەی ڕایەڵەی پێوەندییە مرۆییەکان، ئابووریی بازاڕ و کولتووری بەرخۆری، پەرەسەندنی تاکگەرایی و بەرزبوونەوەی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە مافە تاکەکەسییەکان، کۆچ و هاتوچۆی ڕۆژاوا و چاوکرانەوەی توێژگەلی جیاجیای کۆمەڵ سەبارەت بە مۆدێلە ئەڵتەرناتیڤییەکانی ژیانی تاکەکەسی و خێزانی و؛ دواجار لەگرێژنەدەرچوونی مۆدێلە نەریتییەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و تاد، کۆی کۆمەڵگەی کوردەوارییان بەرەوڕووی قەیرانێکی سەراپادگر کردووەتەوە. یەکێک لە زەقترین نوێنگەکانی ئەو قەیرانە پێکهاتەی بنەماڵەی کوردییە.

بنەماڵەی کوردی و هەیکەلی نەریتیی ئەو بنەماڵەیە کە لەسەر بنەمای بەها باوکسالارانەکان دارێژراوە، بەرەوڕووی قەیرانێکی لێکهەڵتەکێن بووەتەوە. لە یەکێ لە شۆڕشگێڕانی ناسراوی سەدەی بیستەم دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی؛ "شۆڕش کاتێک دەکرێ کە نە دەسەڵاتداران بۆیان بلوێ وەک پێشوو دەسەڵاتداری بکەن، نە ژێردەستەکان ڕازی بن وەک پێشوو دەسەڵاتدارێتیان بەسەردا بکرێ". پێدەچێ ئەم ڕێسایە بۆ تێگەیشتن لەو دۆخە قەیراناوییەی بنەماڵەی باوکسالار بەشێوەی گشتی تێیکەوتووە، وەڵامدەرتر بێت: لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ فۆرمێکی مێژوویی لە بنەماڵە بەرەوڕووین کە نە دەسەڵاتدارەکانی (پیاو و بەها پیاوەمزنانەکان) وەک پێشوو ڕمێنیان ماوە، نە ژێردەستەکانیشی (ژنان، کچان، منداڵان) چیتر مل بۆ ئەو نەزمە نەریتییە ڕادەکێشن کە پێشتر بەسەریدا زاڵ بووە. هەڵبەت فۆرمی باوکسالارانەی بنەماڵە تەنیا میراتی کۆمەڵگەی کوردی نییە، بەو پێیەش ئەوە تەنیا کۆمەڵگەی کوردی نییە کە گیرۆدەی قەیرانەکانی ئەم فۆرمەی خێزانداریییە. باس لە دیاردەیەکی جیهانییە. هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق یەکێک لەدەرکەوتەکانی ئەم وەرچەرخانە جیهاندادگرەیە.

## بەرەو سێکولاریزەبوونی بنەماڵە

جیابوونەوە دیاردەیەکی جیهانییە کە پێش هەموو شتێ ڕیشەی لە سەرەونخوونبوونەوەی بەها نەریتییەکاندا هەیە: جاران ئەوەی گرینگ بوو نەترازانی شیرازەی ژیانی دەستەجەمعی بوو لەچوارچێوەی ئەو یەکە بەپیرۆزکراوەدا کە خێزانی پێ دەگوترا. لەو پێوەندییەشدا هەموو کێشەیەک دەبووایە بەشێوەیەک چارەسەر ببێت، کە ئەو شیرازەیە بەدەستلێنەدراوی بمێنێتەوە. ئەو کێشانەش کە چارەسەر نەدەکران، پەردەپۆش دەکران. گرینگ ئەوە بوو یەکانگیریی ڕواڵەتیی خێزان، مسۆگەربێت. جاران، تاک دەکرا بە قوربانی کۆ، ئەندامی خێزان دەکرا بە قوربانی پاراستنی خێزان. ئەمە ڕێسای نەنووسراوی کولتوورە کۆگەراکان بوو. کولتوورە نەریتییەکان کولتووری کۆگەرا بوون.

مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵگەکان و پێویستییە هەنووکەیییەکانی سەردەمی سەنعەتیبوون لە دنیای ڕۆژاوای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، پەرەی بە جۆرێکی تر لە نەزمی کۆمەڵایەتی دا کە لەودا تاک وەک بنەما وەردەگیرا. ئەم وەرچەرخانە بنچینەییە لە بنەمای ماددیی ژیانی کۆمەڵگەکاندا لەکاتێکدا بوو کە هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە باس لە بایەخی مرۆڤ و مرۆڤسەنتەری و بەها تاکەکەسییەکان، زەمینەیان بۆ چەسپاندنی جۆرێکی تر لە ژیانبینی ڕەخساند کە تێیدا مانەوەی خێزان، وەک بەهایەکی پیرۆز، کەوتە پەراوێزی هەڵبژاردنە ئەقڵانییەکانی ئینسانەوە. ئێمە لە سەدساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ڕەوتێکی بێوێنەی جیهانی بەرەوڕووین کە ڕەوتی سێکولاریزاسیۆنی بنەماڵەیە. بنەماڵە تادێ زیاتر لە ڕووکەشی بەپیرۆزکراوی دێرینی دادەماڵرێ و دەخرێتە ژێر ڕکێفی حیساباتی ئەقڵانیی مرۆڤی هاوچەرخ.

## قەیرانی خێزان یان قەیرانی پیاوەتی؟

ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە و بنەماڵەدا هاتووە، بەدەرلەوەی چ نرخاندنێکی ئەخلاقی سەبارەت بە چاکی یان خراپیی بکەین، واقیعێکە دەبێ دانی پێدابنرێ. هەڵبەت گومان لەوەدا نییە کە سستبوونی شیرازەی بنەماڵە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا گەلێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتیی نوێ و حاشاهەڵنەگری لەگەڵ خۆی هێناوە. بەڵام ئەوەش حاشای لێ ناکرێ کە ئەو مۆدێلە خێزانییەی ئەڵتەرناتیڤی نەزمی ئەستوونیی باوکسالارە، لە زۆر ڕوانگەوە شیاوی بەرگرییە. مۆدێلی خێزانیی هاوچەرخ کە بەهۆی پارادایمی یەکسانیخوازی و فۆرمی دیمۆکراتیکی پێوەندییە بنەماڵەییەکان دەناسرێتەوە، سەرەڕای هەموو ئالنگار و کەمایەسییەکانی، تا ڕادەیەکی زۆر زەمینەی زاڵبوون بەسەر ئەو ستەمکارییە پێکهاتەییەدا دەڕەخسێنێ کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە بنەماڵەی باوکسالاردا پرۆڤەکراوە و؛ پیاو بکەر و ژن قوربانییەکەی بووە. پیاو لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا پێگەی دێرینی جارانی نامێنێ، بۆیە قەیران لە پێکهاتەی خێزانی نەریتیدا ڕاستەوخۆ بە مانای قەیران دێ لە پیاوەتیی هێژمۆنیک (hegemonic masculinity) و پێگەی نەریتیی پیاوی باوکسالاردا. بەدڵنیاییەوە ئەم دۆخە بەدڵی "نێر-دینان" واتە لایەنگرانی وێژمانی ئایینی نێرپەروەرانە نییە.

وەکچۆن پێگەی نەریتیی پیاو لە خێزانی باوکسالاردا ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کەونارا بووە، بەهەمان شێوە؛ ئایینەکانیش تاڕادەیەکی زۆر میراتگرانی هەمان نەزمی مێژووین. لەڕاستیدا تێڕوانینی ئایینەکان (بەتایبەتی ئایینە ئیبراهیمییەکان) بۆ پێگەی پیاوی بنەماڵە (لە پەراوێزی ئەویشدا؛ پێگەی ژن)، بە قووڵی تێڕوانینێکی مێژووکردە و ڕەنگدانەوەی ڕیالیتەی ژیانی کۆمەڵگە دێرینەکان بووە. هەربۆیە لەگەڵ گۆڕانی زەمینە مێژووییەکان، هەیمەنەی تێڕوانینە ئایینییەکانیش لەم پێوەندییەدا درز دەبات. لەخۆوە نییە کە سەرەڕای ئەو پێگە خواوەندییەی لە ئینجیلدا بە پیاوی خێزاندار بەخشراوە؛ سەرەڕای ئەو هەموو بەهایەی ئایینی کریستیانەتی بۆ بنەماڵەی باوکسالاری دادەنێ، کەچی یەکەمین و گورچکبڕترین پاچی مێژوویی کە لە بنیاتی ئەو فۆرمەی بنەماڵە درابێ، هەر لە کۆمەڵگە مەسیحییە ڕۆژاواییەکاندا وێی کەوتووە. لێرەدا باس باسی ڕەهەندی مێژووکردی ئایین و گۆڕانی بنیاتە ماددییەکانی ئەو جۆرە نەزمە کۆمەڵایەتییەیە کە کاتی خۆی لە ئایینیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## سەرخانی بێ ژێرخان!

ئەوەی کە ئێستا وشترەکە لەبەر ماڵی موسوڵمانانیشدا ڕۆنیشتووە، تەنیا بەو هۆیەوەیە کە زەمینە بەرهەستەکانی لە قەیرانکەوتنی بنەماڵەی نەریتی لە دنیای موسوڵمانانیشدا گەشەی سەندووە. لەڕاستیدا ئەگەر وەک کۆمەڵناسانی هاوچەرخ دەڵێن، هۆی قرتێکەوتنی بنەماڵەی باوکسالار لەسەردەمی نوێدا "دابەشکردنەوەی کار و وشیاربوونەوەی ئافرەتان" بێت، گەلێک فاکتەری دی لەسەردەمی بەجیهانیبووندا گوڕ بەو پرۆسەیە دەبەخشن.

خاڵی شیاوی پێداگری لێرەدا ئەوەیە کە چارەی قەیرانی بنەماڵەی نەریتی گەڕانەوە بۆ نەریتە باوکسالارانەکان نییە. کۆی شێرورێویی مەلا بناژۆکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە قەیرانەکە بەوە چارەسەر دەبێ بگەڕێینەوە بۆ "وانە ئایینییەکان" و "ئامۆژگارییە ئاسمانییەکان". واتە ئەوان دەزگایەکی ئەخلاقی وێنا دەکەن، کە گۆیا کاردایەکی یونیڤێرساڵی بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێک هەیە و دەوای هەموو دەردێکە. ئەوەی ئەو چەشنە مەلایانە نایزانن یان نایانەوێ بیزانن، ئەو ڕاستییەیە کە باوکسالاری وەک نەزمێکی سەراپادگری مێژوویی زۆر لەمێژینەتر لە ئایینە ئیبراهیمییەکانە و، لەڕاستیدا بنەما و جەوهەری "زەمینیی" زۆر لەو بەها و باوەڕانە پێکدەهێنێ کە دینەکان وەخۆیانگرتوون و دینداران مۆرکی "ئاسمانی"یان لێداون. ئەوەی ئەو مەلا دەمارگرژانە نایانەوێ تێیبگەن، ئەو ڕاستییەیە کە مادام باوکسالاری "خەڵاتێکی ئاسمانی" نییە، کەواتە ئەو بەها و نۆرمانەش کە لە نەزمی باوکسالارانە هەڵهێنجراون ناشێ بە دیاریی ئاسمانی لەقەڵەم بدرێن. هەر بۆیە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەوتی پاشەکشەی مێژوویی نەزمی باوکسالارانە لە بنەماڵە و کۆمەڵدا، ئەویش بە پاساوی ئەوەی گۆیا دژایەتیی بنەماکانی دینی خوایە، لەباری لۆژیکییەوە دەکاتە "سالبە بانتفاء الموضوع". ئەمە هێمای تێکەڵکردنێکی ناشیانەی لایەنی مێژوویی و لایەنی بانمێژوویی ئایینیشە. بە دەربڕینێکی تر؛ باوکسالاری "ژێرخانە" و بەها باوکسالارانەکانی ناو ئایین "سەرخان". سەرخان ناتوانێ چارەسەری بنکۆڵبوونی ژێرخان بکات!

## لە وشترەوە بۆ ئەسپی تۆپیو!

کۆی ئەو ئارگیومەنتانەی مەلامەزهەرەکان لە ژێر ناوی گەڕانەوە بۆ بەها ئایینییەکاندا بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنیا لەقاوەدەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان هیچ تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانە و مێژووییان نییە بۆ ئەو دۆخە قەیراناوییەی خێزانی سەردەم پێیدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەر ڕەچەتەی دەردەکانی کۆمەڵگەی سەردەم گەڕانەوە بۆ ئەو وێژمانە ئایینییە بووایە کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا دەبوو هیچ نەبێ "ئێرانی کۆماری ئیسلامی" شامی شەریفی ژیانی خێزانی بێت. ئەوە لەکاتێکدا، بۆوێنە، زۆرترین ڕێژەی جیابوونەوەکانی ئێرانی سێ ساڵ لەمەوبەر، لە ئایینیترین شاری ئێران واتە قوم، تۆمار کراوە! لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیشدا توێژینەوەکان هۆکاری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی جیاجیا بۆ جیابوونەوە دەخەنەڕوو، لەوانە: دەستتێوەردانی کەسوکار، نەداری، توندوتیژی، بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، پێکەوەهەڵنەکردن، ناڕەزامەندیی هاوسەران لە ژیانی سەرجێیی، پشتکردنە بەها نەریتییەکان، شکانی تابوی جیابوونەوە و وشیاربوونەوەی ژنان بەرامبەر مافەکانیان و تاد. پێشتر وەزیری کار-ی ئێران کە ئێستا گوتەبێژی حکومەتە، هۆی سەرەکیی جیابوونەوەی گەڕاندبووەوە بۆ "نەبوونی شارەزایی لە هونەری پێکەوەهەڵکردن و مامەڵەکردنی هاوسەران لەگەڵ یەکتری".

بەهەرحاڵ وەک ئاماژەی بۆ کرا، کوردستان وەک زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییە هاوچەرخەکان بە وەرچەرخانێکی هەمەلایەندا تێپەڕ دەبێ. تێگەیشتن لە قەیرانی بنەماڵەی نەریتی بەبێ تێگەیشتن لە قەیرانی سەراپادگری کۆمەڵگەی کوردی، لە ئاکامی ئەو وەرچەرخانە هەمەلایەنەوە، ڕێی تێناچێ. بەهەمان شێوە، ئیدارەدانی قەیرانێک کە ڕیشەی دەچێتەوە سەر لەکارکەوتنی سیستمی ژیانبینییەکی ماوەبەسەرچوو، بەگەڕانەوە بۆ بنەماکانی هەمان سیستم سەرناگرێت. ئەوانەی پێیانوایە تازەبەتازە دەتوانن لەڕێی دەستەمۆکردنەوەی ئایینمەدارانەی ژنانەوە، بەهاری بەسەرچووی باوکسالاری بژێیننەوە، گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن. ڕەنگە ئەوان بتوانن بەهۆی فووکردن بە کوانووی "نێر-دینی"دا ماوەیەک بازاڕی خۆیان گەرم دابێنن، بەڵام زەحمەتە بتوانن لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا بەردێک لەسەر بەردێک دابنێن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# پارتی لەسەر پشتی یەکێتی و، ئەویش لەسەر پشتی ماسی!

## 1

پەسەندکردنی سیستەمی هاوسەرۆکی لەناو یەکێتیدا کە بە دڵنیاییەوە بۆ دوو ئامۆزای بنەماڵەی تاڵەبانی دەبێت، دۆخی ناوخۆی یەکێتی و کوردستان دەخاتە قۆناغێکی نوێوە. ئەگەرچی لە رابردووشدا، ئامۆزاکان وەک دۆخی ناو پارتی، خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە بوونە، بەڵام ئەمجارە شەرعییەتی کۆنگرە و کۆدەنگییەکیان لەگەڵدایە کە بایکۆت و بەشدارینەکردنی باڵەکانی دیکەیان لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی نوێدا، بەلاوە گرنگ نییە. چونکە ئەوان ژیرانە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی (دیارە دە ئەندامەکەشیان بە تەنسیب دانا) و بەرهەم ساڵحیان لە دەنگدانێکی نمایشی (دەستبەرزکردنەوە)دا هەڵبژارد، پەیڕەوی ناوخۆ و وردەکارییەکانیان نەخستە ژێر نەشتەر و خۆشیان چوونە پای سندووق. بە زۆرترین دەنگ لە سندووق هاتنە دەرەوە و مەشرووعییەتێکی موتڵەقیان دەستەبەر کرد.

ئەگەرچی پارتی لە ئەنجامی کۆنگرەی یەکێتی خۆشنوود نییە، بەڵام ئامرازەکانی گوشاری ئامۆزاکان وەک مۆتەکەی حکومەتەکەی پارتی لێ هاتووە و، ئامۆزاکان پەیامیان بۆ پارتی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو واقیعە قەبووڵ نەکەی، ئێمەش تێکیدەدەین! قووڵایی دەسەڵات و هەژموونی ئامۆزاکان لە زۆنی سەوز و پەیوەندییەکانیان بایی ئەوەندە هەیە کە هەرکاتێک بیانەوێ قەیران بۆ حوکمڕانی درووست بکەن و دوو ئیدارەیی بەرپا بکەنەوە. هەڵبەتە حزووری ئامۆزا قوباد وەک نوێنەری هەمیشەیی بنەماڵە (کە لەسەر فیترەتی مام جەلالە و دوور نییە ئەویش هاوسەرۆکێکی دیکە بێت) لەناو حکومەت و لای پارتی، ڕێگرە لەوەی کە قەیرانەکان (تەنانەت 16ی ئۆکتۆبەریش) تەشەنە بکەن و، هەر بۆیەشە باڵە ناڕازییەکانی ناو یەکێتی تا رادەیەکی زۆر بێهیوا بوونە. چونکە ئیتر پارتی بەدوای ئەڵتەرناتیڤیدا ناگەڕێ و، ڕەنگبێ ئیدی قەناعەتی هاتبێ کە وەک چۆن لەسەردەمی دانوستاندنەکانی کابینەی نۆدا، ناچار بوون لەگەڵیان دانیشن، ئاوهاش دەبێ لەمەودوا 16ی ئۆکتۆبەر لەبیر خۆیان بەرنەوە.

سیستەمی هاوسەرۆکی هەر چۆنێک بێت و چەند کەس بێت گرنگ نییە، تەنانەت دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵاش (کە هەموو هەوڵێک بۆ ئەوەیە تەشریفاتی بن) ناتوانن ڕێگر بن لەوەی کە ئیتر یەکێتی موڵکی بنەماڵەی تاڵەبانییە. زیادکردنی جێگرێک یان کەسێکی دیکە بۆ بازنەی حوکمی هاوسەرۆکەکانی یەکێتی ڕەنگبێ چارەسەرێکی کاتی بێت و لە پێناو کاتکوشتندا بێت، بەڵام پرسیاری هەرەجەوهەری دەبێ بۆ پارتی ئەوە بێت کە ئایا سەرباری ئەوەی حوکمڕانی بێ یەکێتی مەیسەر نابێ، یەکێتی خۆی حوکمی خۆی پێ دەکرێت؟

— — — — — — — — —

## کێ بەرهەم ساڵحی ئاوت کرد؟

## 2

لە کاتێکدا کە هەمووان چاوەڕێی ئەوە بوون سیستەمی دڵخوازی ئیدارەدانی یەکێتی لە دوای کۆنگرەی چوارەوە، بریتی بێت لە سەرۆکێک بۆ ئەنجوومەن بە رەهایی و، موناقەشەکان لەسەر دوو جێگر یان چەند جێگرێک بێت، پەسەندکردنی سیستەمی هاوسەرۆکی شۆکێکی گەورەی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ بەرهەم ساڵح، باڵی کۆسرەت رەسوڵ و کەرکووکییەکان.

هەر دوابەدوای ئەوە میدیاکانی نزیک لە بەرهەم ساڵح کەوتنە تەرویجی ئەوەی کە بەرهەم ساڵح باجی هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی لە هەمبەر دۆخی عێراق دەداتەوە. ڕاستییەکەی ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە.

گەڕانەوەی بەرهەم ساڵح بەبێ حیزب لە ئەیلوولی 2018 بۆ ناو یەکێتی، هەڵەیەکی ستراتیژی بوو؛ کۆتاییەکەی دیار بوو. هەموو بەڵێنەکانی ماڵباتی تاڵەبانی، جگە لەوەی کە دەیکەن بە سەرۆککۆمار (کە لە دوا ساتەکاندا ئامادەبوون بیفرۆشن و کۆسرەت رەسوڵ ڕێگەی نەدا) بریتی بوو لە تۆڵەیەکی مێژوویی لەو پیاوە و تەنانەت بەکارهێنانیشی لە داهاتووی سیاسی عێراقدا بە ئاراستەی چەسپاندنی هەژموونی زیاتری ئێران. کە ئەوە چووە سەر، بەرهەم ساڵح لە دۆستی هەرە نزیکی بارزانییەوە بوو بە کەسێکی نەخوازراو. ئەوەش ئەو ئامانجەی پێکا کە بەرهەم ساڵح نەتوانێ لە داهاتوودا بە پشتیوانیی پارتی لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵدا، هیچ هەقێکیان بەسەر بەڕێوەبردنی یەکێتییەوە هەبێ.

دیاریکردنی محەممەد تۆفیق عەللاوی لەلایەن سەرۆککۆمارەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، لە مەتبەخی ئێران کولاوە و لەم بارودۆخەدا بۆ ئێران ئەزعەفولئیمانە! ئەگەرنا هادی عامریش لەسەر ئیدانەکردنی مووشەکبارانکردنی نزیک سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا، دەبووایە بکەوێتە لیستی ڕەشی ئێرانەوە! دیاریکردنی عەللاوی سیناریۆیەک بوو بۆ فێڵکردن لە خۆپێشاندەران، ئەگەرنا پێشتریش ناوی هەبوو، بەڵام ڕەتکرابووەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوای بوونی بەرهەم ساڵح بە سەرۆکی عێراق، لای ئەو هاوکێشەکان گۆڕا. خیلافاتی ناو باڵەکانی یەکێتی وایکرد کە ئەو خۆی وەکو فریادڕەس ببینێ، بەڵام ماڵباتی تاڵەبانی تا ئەو شوێنەی پێویستیان پێبوو بەکاریانهێنا. ئەوان وا ڕێککەوتبوون کە بەرهەم ساڵح لە داهاتووی یەکێتیدا ڕۆڵێکی تەشریفاتیی هەبێ، بەڵام چۆن دەبوو سەرۆکی عێراق بچێتە لای سەرۆکی کوردستان، بچێتە لای وڵاتانی ناوچەکە و بچێتە لای زلهێزەکان، بەڵام ئەخیرەن پرس بە دوو ئامۆزاکە بکات یان ناچار بێت یەکێکیان لەگەڵ خۆیدا ببات!

— — — — — — — — —

## بارزانی نوقتەکەی دانا

## 3

سەردانی کتوپڕی سەرۆک بەرهەم ساڵح بۆ لای کاربەدەستانی کوردستان و لەسەرووی هەموشیانەوە سەرۆک بارزانی، چەندی پەیوەست بێت بە دۆخی ناوخۆی عێراق و حکومەتی داهاتووەوە، هێندەش پەیوەست بوو بە دۆخی ناوخۆی یەکێتی. بەرهەم ساڵح لەو دیدارەدا ئومێدەوار بوو بارزانی پشتیوانیی لێ بکات کە ببێتە کەسی یەکەمی یەکێتی. پێناچێ ئەوەی ئەو دەیویست هاتبێتەدی. بە تایبەتیش دوای ئەو قەیرانانەی کە لەم ماوەیەی ڕابردوو ڕوویانداوە، مەیلی پارتی بە ئاراستەی خۆبەدوورگرتنە لە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ناو یەکێتی بە ئاراستەی نەگەتیڤ و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەمری واقیع.

پارتی لە ڕابردووشدا مامەڵەی لەگەڵ ناوەندی بڕیاری یەکێتیدا نەکرد، بڕیارێکی درووست بوو یان هەڵە؟ خۆیان بەرهەمەکەیان چنییەوە. ئێستا وەختیەتی کە ناوەندی بڕیاری جاران، ئەگەر شتێکی مابێ بیسەلمێنێ، بیخاتەڕوو!

---



سیروان رەحیم

# بیری نەبوونی ئازادی ناکەم

بیری هیچ شتێکی سوریام نەکردووە.

بیری ناکەم!

لە وەڵامی پرسیاری "تاسەی سوریات کردووە؟"، ئەوە وەڵامی خاتوونێکی عەرەبی سورییە.

چەند کەسێکین و قسەی لەگەڵ دەکەین، باسوخواس دەربارەی شەڕ، پەنابەری و تاراوگەیە.

هەموومان پێکەوەین، لێرە، لە کۆڵنی ئەڵەمانیا، بێئەوەی جیاوازیی زمان، دین و ناسنامە کەلێن بخاتە نێوانمانەوە.

چەند خۆشە تەنها هەڵگری یەک ناسنامە بین، مرۆڤبوون! بەڵام بەداخەوە هێشتا مرۆڤ باڵای لەو ئاستە زۆر نزمترە و ناتوانێ هەڵگری ئەو ناسنامەیە بێت. هێشتا نەیتوانیوە و دیاریش نییە کەی پێیدەگات.

"بیری هیچ شتێکی سوریام نەکردووە".

هاوڕێ ئەڵەمانەکانم لە وەڵامەکە حاڵی نابن. بەڵام شتێک تێکەڵ لە زەردەخەنە و خەمگینیی قووڵ سیمای ژنەکەی تەواو داپۆشیوە، ژنەکە بەردەوام دەبێت:

تاسەی کوێ؟ بیری چی بکەم؟ نەک هەر ڕەوشی شەڕ، بەر لە شەڕیش، باسی چ بکەم و بیری چ بکەم، دۆخی سیاسی؟ ئازادی؟ مرۆڤ کاتێک وەڵاتێک بۆ هەمیشە جێدەهێڵێت بیری چ دەکات؟ بیری دار و درەخت یان ئاو و هەوا یاخود بیری هەندێ نرخ و بنەما کە ژیانی مرۆڤ جوان و دڵنیا دەکەن؟

ئەو خاتوونە دەڵێت:

ساڵانێکی زۆرە لەوێ شەڕە، شەڕی پێشتر شەڕێکی تایبەت بوو، شەڕ نەبوو بە چەک، بەڵام شەڕ بوو، شەڕێکی پشتشکێن. ئێستا کۆمەڵێ گرووپی جودا بەچەک قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام ئەودەم دەوڵەتێک و سەرۆکەکەی لەڕێگەی گەف و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەک و شەڕی دەروونی بەردەوام مرۆڤیان تیرۆر دەکرد. بەردەوام بۆ گیانی خەڵک لەسەرڕێ بوون.

دیکتاتۆرەکان چ لە مرۆڤ دەکەن؟ چۆن وێرانیان دەکەن و دەروونیان دەکەن بە کاولاش؟ کەسێک لە دۆخەکەدا نەژی لێی حاڵی نابێت، حاڵیش بێت سەراوی و کاڵ وەریدەگرێت، تەنها ئەوانە دەزانن شەڕ و هەڕەشەی چەوسێنەران چین، کە تێیدا دەژین.

هەموو ئەو زیانانە لە لایەک، کە لە کردەی چەوسێنەر و دیکتاتۆرانەوە سەرچاوە دەگرن، کوشتنی حەز و ئەڤینی زێد و لانەیش لەلایەک. ئەوە تەنها سەردەستی و غەدری دیکتاتۆرانە دەتوانن خۆشەویستی زێد لە دڵ و گیانی مرۆڤدا هەپرون بە هەپرون بکەن.

ئەو خاتوونە هەستی پێدەکات ئەوانەی بەرانبەری دەتاسێن. بەڵام هەوڵ دەدات تێیانبگەیەنێت بۆچی بیری سوریا ناکات.

ئەوە هیچ کە ئێستا شەڕە، کەس بیری شەڕ و دۆخی لێوانلێوی کارەسات و مەرگهاوەری شەڕ ناکات، بەڵام ئەو دەڵێت: <بەر لە شەڕیش شتێک نەبوو ناوی خۆشی، ئازادی یان وەکهەڤی بێت، تاکو من بۆی تاسەبار بم>. لێرە ژیانێکی تر هەیە و من لە خەونیشدا ئەم ژیانەم نەدەناسی و نەدەبینی. لێرە ئازادی هەیە و لەوێ نەبوو. من بیری "نەبوونی ئازادی" ناکەم.

کاتێک مرۆڤ لە دوورەوە یان سەراوبانە تەماشای ناوچەکە بکات، وا تێدەگات تەنها گەلانی بێدەوڵەت داگیرکراون و باری دەروونییان وێرانە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە لە هەناودا، لە قووڵاییدا گەلانی خاوەن دەوڵەتیش، تەنانەت ئەوانەی لە نزیکی نزیکەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتیشەوە شوێنگەیەکیان هەیە، لە نائارامی و نادڵنیاییدا دەژین.

لە ڕۆژهەڵات کەس دڵنیا نییە، کەمن، زۆریش کەم، ئەوانەی حەز و خۆشەویستییان بۆ خاک لەلا ماوە. لە مرۆڤێکی سادەوە تاکو سەرۆک، کەس خاوەنی هیچ جۆرێک لە دڵنیایی نییە. ئەوان نەک هەر گەلانی داگیرکراو دەچەوسێننەوە و لە هەموو شتێکیان دادەماڵن، بەڵکو بێڕەحمانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی خۆیان، ئابووریی خۆیان، لەشکرەکانی خۆیان و خاکەکەیشیان دەکەن. لەوێ هەر کورد و گەلانی بێماڵی میناى کورد نین ڕووبەڕووی مەترسی و نادڵنیایی بەردەوامن، لەوێ سەرۆک دەوڵەت و هێزە شەڕکەرەکانی دەوڵەت، لە بری هێزی پاراستن و بەرگری لە زێد، سەرچاوەی نادڵنیایین بۆ گیانی خەڵکی وەڵاتەکەی خۆیان.

من لە قسەکانی ئەو خاتوونە باش تێدەگەم. ئاخر ئێمەیش نموونەی ئەو قوربانییانەین. ئێمەیش لەوانەین لە سایەی شەڕ و لە بن دەسەڵاتی چەوسێنەراندا منداڵی و لاوێتیمان بەسەربرد. منداڵییەک: "هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزار گریە بوو ئەفسووس"*. کاتێک لە هاوڕێ ئەڵەمانەکانم ورد دەبمەوە، قسەیەکی پاوڵ کێلەر دێتەوە بیرم. لە هاوڕێ ئەڵەمانەکان ڕادەمێنم کاتێک قسە و دەربڕینی ئەو خاتوونە تاراوگەنشینە تاساندوونی. نووسەری ئەڵەمانی پاوڵ کێلەر (1873ـ1932) دەڵێت:

دڵی مرۆڤ لە پرشنگدارترین تاراوگەیشدا هەر ڕووی لە لانەیە و تاسەی دەکات.

بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت و دێتە سەلماندن کە قسەکەی پاوڵ کێلەر، ئەو ڕستە جوانەی کێلەر، ئەو خاتوونە و هەستی ئەو ناگرێتەوە و لە دۆخی ئەودا نەیپێکاوە.

چونکە: هیچ تاراوگەیەک، هیچ ڕەوشێک، هیچ هەلومەرجێکی ژیان لەوە تاڵتر و پڕ ئازارتر نییە، مرۆڤ هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی نیشتمانی لەسەر کڵۆم بدرێت، ناچار بکرێت لە سایەی دیکتاتۆرێکدا بژی و بەردەوام هەم چەپڵەی بۆ بکوتێ و هەم زراوی لێی بچێت.

دیکتاتۆرەکان، دەسەڵاتداران و سەرۆکە زاڵمەکان لە ڕۆژهەڵات توانیویانە مرۆڤ لە خۆشەویستیی وەڵات و زێد داماڵن. جەخار توانییان ئەوە بکەن.

...............

* گۆران (1905ـ1962)

هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزار گرییە بوو ئەفسووسسالانی منالیم و هەموو عومری شەبابم



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# "قودس کڕیاری نییە"

لە فرۆکەخانەی تێل ئەڤیڤ دابەزین. دوای لێکۆڵینەوەیەکی نیو کاژێری، ڕێگەیاندابن بێینە نێو ئیسرائیل. لە شوێنی وەرگرتنی جانتاکانمان پیاوێکی ریشداری جووی ئەمریکیم ناسی کە بۆ وەبەرهێنان هاتبووە ئیسرائیل. باسی ئەوەم بۆ کرد کە هاتووین بەرنامەیەکی بێلایەن لەسەر چانسەکانی سەرکەوتنی پلانەکەی ترەمپ دروست بکەین. پلانمان هەیە بچینە ئۆرشەلیم (قودس) و دوای ئەوەش دەچینە رامەڵڵا بۆ لای فەلەستینییەکان. پێکەنی و گوتی: "زەحمەتە بەرپرسی فەڵەستینیت دەستکەوێ قسەت بۆ بکەن". گوتم: "بۆ؟" گوتی: "ئەوان زۆرتر لە پاریس و عەممان دادەنیشن و ئاگایان لێرە نییە". قسەکەیم پێ ناخۆش بوو، پێموابوو بۆ سووکایەتی بە فەڵەستینییەکان وادەڵێت. دروست وەکچۆن عەبادی لەدوای شازدەی ئۆکتۆبەر دەیگوت: "با کورد لەنێوخۆیان پێکبێن، ئینجا بێنە بەغدا تا بیانبینم". بەڵام ئێستا، کە چەند ڕۆژە لێرەم، زۆربەی سەرکردە فەڵەستینییەکان یان وەڵامی تەلەفۆن نادەنەوە یان لێرە نین یان نایانەوێ هیچ بڵێن لەسەر "سیاسەت". کابرای ریشدار قسەکەی راست دەرچوو. نیشانەی ئەوەش بوو کە جوو رکابەری خۆیان باش دەناسن.

لە باکووری ئیسرائیل سەرکردەیەکی عەرەبی فەڵەستینیم دۆزییەوە کە دەیەوێ قسە بکات. پیاوێکی ڕووناکبیرە و دەڵێ کورددۆستە. ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیلە، بەڵام ئەو قسانەی بۆ بەرنامەی گەڕیدە دەیکات، هەمووی ڕەخنەگرتنە لە دەوڵەتی ئیسرائیل و لە پلانەکەی ترەمپ. باسی ئەوە دەکات کە عەرەب زوڵمیان لێدەکرێ. پێیدەڵێم: "بەڵام تۆ لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی ناتوانی بەو شێوەیە هێرش بکەیتە سەر کاربەدەستان و سیستمی سیاسیی وڵات". کەمێک دۆش دادەمێنێ و دەڵێ: "ڕاستدەکەی". ئەمە نهێنیی سەرکەوتنی ئیسرائیلییەکانە. سەرەڕای ئەوەی فەڵەستینییەکان دۆزێکی ڕەوایان هەبووە و هەیە، بەڵام ئەگەر تەقینەوەیان پێ بکرێ و شەڕی چەکداریی سنوورداریشیان پێبکرێ، شەڕی عەقڵ و سیستمی حوکمڕانیی جوویان پێناکرێ.

جیاوازییەکە لە حوکمڕانیی تەندروستدایە. لەمڕۆژانەدا لە باکوورەوە تاوەکو باشووری ئیسرائیل گەڕاوم و قسەم لەگەڵ عەرەب و جووەکان کردووە. لە هەموو شوێنەکان خزمەتگوزاریی سەت لە سەت بۆ هەموو هاووڵاتییان وەکو یەک دابینکراوە. لە هەندێک گەنجی عەرەبم پرسی: "بۆچی ناچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فەڵەستین، خۆ ئێوە ئیسرائیلتان پێ داگیرکەرە؟" پێدەکەنین و دەیانگوت: "لەوێ ژیان نییە. ئیش نییە. سەرکردەکان خەڵکیان بەلاوە گرنگ نییە. خۆیان قەت لەوێ نین و هەر لە دەرەوە دەژین. ئێمە شێتین بچینە ئەوێ؟" لە قوتابخانەیەکی تێکەڵاوی عەرەبی و عیبری، مامۆستایەکی عەرەب باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە بەرلەوەی لە فەڵەستینەوە بۆ کار بێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی "ئیحتیلال"، هەستێکی زۆر خراپی هەبووە، بەڵام ئێستا حەزناکات لێی دەرچێت.

لەنێو بازاڕی کۆنی ئۆرشەلیم (قودس) شەقامێک هەیە ناوی (هەکاری)یە. بەگوتەی عەرەبەکانی نێو ئەو بازاڕە، ئەوێ بەناوی سەرکردەیەکی یاریدەدەری سەلاحەدینی ئەیووبی کراوە، کە کاتی خۆی لە کوردستانەوە لەگەڵی هاتووەتە قودس. کاتێک زانییان کوردم، قسەی دڵی خۆیان بۆ کردم. دەیانگوت دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئێران دۆزی فەڵەستینیان بەو دەردە برد. ئەویش بەوەی هانیاندان بۆ پێکنەهاتن و دواییش هەرگیز بەتەواوەتی پشتیوانییان نەکردن. ئەوان دەیانگوت داهاتوو بۆ فەڵەستینییەکان سەختتر دەبێ و توندوتیژی زۆر زۆرتر دەبێت. چونکە وەک ئەوان دەیانگوت: "لێرە بەدواوە فەڵەستینییەکان هیچیان نەماوە تا بترسن لەدەستی بدەن". من ڕاستیی ئەو قسەیەی ئەوانم بەشێوەیەکی دیکە بینی. جووەکان پشتیوانیی دەرەکییان هەیە و ئەو پشتیوانییە دەکەنە خانوو و شەقامی نوێ و بەوجۆرە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئۆرشەلیم بەهێزتر دەبن، بەڵام فەڵەستینییەکان پشتیوانییە دەرەکییەکانیان بریتین لە مووشەک و تەقەمەنی و بەرامبەر هەر مووشەکێک کە دەیتەقێنن دە مووشەکیان پێوە دەنرێتەوە. بەو شێوەیەش ماڵەکانیان کۆنتر و گیرفانیان بەتاڵتر و دڵیان شکاوتر دەبێ.

عەرەبەکان لەو بازاڕە کۆنەدا جۆرەها کەرەستە و دیاری دەفرۆشن کە هەموویان بە زمانی عیبری لەسەریان نووسراوە و باسی جوانی و پیرۆزیی "ئۆرشەلیم" دەکەن. دەزانن ئەوە کڕیاری هەیە. بەڵام هیچ دیاری و کەرەستەیەک نابینی بیفرۆشن و باسی "قودس" بکات. چونکە، وەک خۆیان بۆیان باسکردم، دەزانن کڕیاری نییە. هەر لەو بازاڕەدا عەرەبەکان یاریی شەترەنج دەفرۆشن (کە پێویستی بە بیرکردنەوە و پلاندانانی زۆرە)، بەڵام خۆیان لەنێوخۆیاندا کۆنکەن دەکەن (کە پێویستی بە بیرکردنەوە و پلانی زۆر نییە).

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



**سەلاح خزری: بەیتی (سەیدەوان)م بەشێوەی ئۆپێرا نووسیوەتەوە**

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : دەروازە ستی
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0751 811 00 13 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net

# 10 گرانترین کۆمپانیا براندەکانی جیهان لە 2020دا

| کۆمپانیا | بەها |
|---|---|
| amazon | 220 ملیار دۆلار |
| Google | 160 ملیار دۆلار |
| Apple | 140 ملیار دۆلار |
| Microsoft | 117 ملیار دۆلار |
| SAMSUNG | 94 ملیار دۆلار |
| ICBC | 80 ملیار دۆلار |
| Facebook | 79 ملیار دۆلار |
| Walmart | 77 ملیار دۆلار |
| 中国平安 PING AN 保险·银行·投资 | 69 ملیار دۆلار |
| HUAWEI | 65 ملیار دۆلار |

کۆمپانیای ئامازۆن گەورەترین بازاڕی ئۆنلاینی جیهانە. قازانجی ئەو کۆمپانیایە لە یەک ساڵی رابردوودا بە رێژەی 18% زیادیکردووە.

لە ناو 10 گرانترین براندەکانی جیهاندا 6 براندیان ئەمریکین، کە چواریان پلەی یەک هەتا چواری گرانترین کۆمپانیا براندەکانی جیهانیان گرتووە.

بەهای گشتی 6 کۆمپانیا براندەکەی ئەمریکا 793 ملیار دۆلارە.

بە شێوەیەکی گشتی، بەهای هەموو کۆمپانیا براندەکانی ئەمریکا نزیک 3.2 ترلیۆن دۆلارە.

گرانترین کۆمپانیای براندی چین بانکی ICBCیە، کە داهاتەکەی لە یەکساڵی رابردوودا 1.2% گەشەی کردووە.

بەهای گشتی کۆمپانیا براندەکانی چین نزیک 1.3 ترلیۆن دۆلارە.

لە 2010 کۆمپانیای واڵمارت دەوڵەمەندترین کۆمپانیای جیهان بوو.

تەنیا 3 لە براندە گرانەکانی 2020 لە براندە هەرە گرانەکانی 2010دا بوون.